هـەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی خـوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەت
بـەشی باخچەی منداڵان

# کاریگەری شانۆی بوکەڵە لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە لە شاری سلێمانی

نامەیەکە پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سلێمانی کراوە
وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە / باخچەی منداڵان

**لەلایەن خوێندکار**

**سوێسنە کامل احمد صالح**

**بەسەرپەرشتی**

**پ.د. سۆلاڤ فائق محمد علی**

**٢٧٢٣ کوردی** **٢٠٢٣ زاینی** **١٤٤٤ کۆچی**

بسم الله الرحمن الرحيم

# (وَقُل رَّبِّي زدني

# عِلماً)

سورة (طه) الاية (١١٤)

## بڕیاری سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە بەناونیشانی(**کاریگەریی شانۆی بوکەڵە لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە لە شاری سلێمانی**) بەسەرپەرشتی و لەژێر ڕێنمایی ئێمەدا لەلایەن خوێندکاری ماستەر (**سوێسنە کامل احمد**) لەزانکۆی سلێمانی - کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، ئامادەکراوە، بەشێکە لەپێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە / باخچەی منداڵان ، لەوپێناوەدا واژۆمان کردووە.

واژۆ
پ.د. سۆلاڤ فائق محمد علی
سەرپەرشتیار
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

بەپێی ئەم پێشنیازانە ئەم نامەیە پێشکەشی لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ
پ. د. صابر بکر مصطفی
سەرۆک بەشی باخچەی منداڵان
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

## بڕیاری هەڵسەنگاندنی زانستی

ئـەم توێژینەوەیـە بـە ناونیشـانی (**کاریگـەری شـانۆی بوکەڵـە لەسـەر پەرەپێـدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە لـە شـاری سلێمانی**) کـە پێشـکەش کراوە لەلایـەن خوێنـدکاری ماسـتەر (**سوێـسنە کامیـل احمـد صـالح**)لـەزانکۆی سـلێمانی کـۆلێجی - پەروەردەی بنەڕەتی ئەرکی پێداچوونەوە و وردبینیکردنی زانستی بە من سپێردرا، دوای سەرنجدان دەرکەوت بە جۆرێکە هە ڵەو گوزارشتی زانستی ناردوستی تێدا نییە، ئێستا ئامادەیە بۆ گفتوگۆکردن.

هەڵسەنگاندنی زانستی

واژوو:

ناو:

بەروار: / /٢٠٢٣

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان بەناونیشانی(**کاریگەری شانۆی بوکەڵە لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە لە شاری سلێمانی**) لەگەڵ خوێندکاری ماستەر (**سوێسنە کامل احمد صالح**) گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا کە شایستەی ئەوەیە بەپلەی ( ) بڕوانامەی ماستەر لە بواری ( باخچەی منداڵان) پێبدرێت، لەو پێناوەدا واژۆمان کردووە.

| | |
|---|---|
| واژۆ | واژۆ |
| ناو: | ناو: |
| ئەندام | ئەندام |
| ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣ | ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣ |
| واژۆ | واژۆ |
| ناو: | ناو: |
| ئەندام: | سەرۆکی لیژنە: |
| ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣ | ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣ |

لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ژمارە ( ) لەڕێکەوتی ( / / ٢٠٢٣ ) پەسەندکرا .

واژۆ

ناو: پ.د. حسن فخرالدين خالد

سەرپەرشتیاری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

ڕێکەوت: / /٢٠٢٣

# پێشکەشە:

- بەسەرپەرشتیاری ئازیزم بەڕێز (پ.د. سۆلاڤ فائق محمد علی) کە هەمیشە نموونەیەکی جوان و باڵا بووە لە زانست و ڕەوشت و نەرم ونیانی بۆ من.
- بەدایک و ڕۆحی پاکی باوک و خوشکی ئازیزم ..... کە هەمیشە جێگەی شانازی و خۆشبەختی بوون بۆ من وهێزیان پێبەخشیوم.
- بە هاوسەری ئازیزو خۆشەویستم (سەردار قادر عبداللە)، کە هەمیشە هاوکارو هاوبەشم بووە لە قۆناغەکانی ژیانم دا زۆر ماندوبووە لە گەڵم سوپاس گوزارم کە زۆر لەکاتی خۆی بە من بەخشی .
- بەمنداڵە ئەزیزەکانم (لارا و شکۆ و سەرکۆ) گیان، کە سەرچاوەی گەشبینین لەژیانم.
- بە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی بەشی (باخچەی منداڵان).
- بە هەموو ئەو کەسانەی کە پاڵپشتیان کردم و هێزیان پێ بەخشیم بۆ بەردەوام بوون لە گەشتی خوێندنەکەم ڕێزو خۆشەویستیم بۆ هەریەکێکیان.

**توێژەر**

## سوپاس و پێزانین

- سـەرەتا سـوپاس بۆخـوای گەورە و باڵادەسـت کـە منـی گەیانـدە ئەمڕۆژە.
- سـوپاس بۆڕاگرایـەتی کـۆلێجی پـەروەردەی بنـەڕەت و سـەرۆکی بەشـی باخچـەی منداڵان کـە دەرفـەتیان پێدام بۆ تـەواو کردنـی ئـەم قۆناغەی خوێندن.
- بـە خۆشـحاڵییەکی زۆرەوە سـوپاس و پێزانینـی خـۆم ئاڕاسـتەی پرۆفیسۆرو سەرپەرشتیاری بەڕێز (پ.د. سۆلاف فائق محمد علی) بۆ سەرپەرشتیکردنی ئەم توێژینەوەیە،کە بەئاڕاستە پەروەردەیی و زانسـتییەکانی ڕێنمـایی ئـەم توێژینەوەیـەی کـردووە ئـەم وێنەیـەی ئێستای وەرگرتـوە، لـە خـوای گـەورە داواکـارم هەمیشـە سـەربەرز تەندروست باشبیت .
- سـوپاس بۆ خانەوادەکـەم، بـە تایبـەت هاوسـەری ئـەزیزم (سـەردار قادر عبدالله) هەمیشە پشت و پەنام بووە سوپاس گوزاریم.
- سوپاسـی تایبـەتیم بـۆ بـەڕێز (پ.د) صـابر بکـر مصـطفی سـەرۆکی بەشی باخچەی منداڵان.
- سوپاس بۆ هەموو ئەو شارەزاو پسپۆڕو مامۆستایانەی کە لـەکاتی ئامـادەکردنی پێداویسـتییەکانی توێژینەوەکـەدا بـە ڕێنماییـە زانسـتییەکانیان هاوکـاربوون هـەتا ئامڕازەکـانی توێژینەوەکـە ئامانجەکانی خۆیان بهێننەدی.
- سوپاس بۆ هەموو ئەو هاوڕێ وکەسانەی کە هاوکارم بوون ئەگەر بە ووشە یەکیش بووبێت.
- سوپاس بۆ ستاف و مامۆستاو بەڕێوەبەری باخچەی منداڵانی ترێ.

**توێژەر**

# پوختەی توێژینەوە

شارەزایانی پەروەردە لەسەر ئەوە کۆکن کە پێویستە منداڵی باخچە خاوەنی لێهاتوییەکانی ژیان بێت ،بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی ڕاستەقینە ئەرکی خۆی لە ناو کۆمەڵگەدا ئەنجام بدات، گەر بمانەوێت ئەو چەمک و زاراوانەی کە بە منداڵ دەدرێت بۆ ماوەیەکی دورو درێژ لە مێشکی منداڵدا بمێنێتەوە باشترین و گونجاوترین ڕێگاو شێواز ئەو شوازانە یە کە هەستەکان تیایاندا بەکاردەهێنرێت و ڕەفتار لە گەڵ زۆربەی هەستەوەرەکانی منداڵاندا دەکەن،کارامەییەکان یە کێکە لەو داواکارییە بنەڕەتیانەی کە منداڵ پێویستی پێیەتی بۆ خۆگونجاندنی خودی لە گەڵ ژینگەی دەوروبەری و ئەوکۆمەڵگایەی کە تیایدا دەژی.

ئامانج لەم توێژینە یە بریتییە لە (زانینی کاریگەری شانۆی بوکەڵە لە سەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە لە شاری سلێمانی)، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی توێژەر پشتی بە میتۆدی (ئەزموونی) بەستووە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی سەرجەم منداڵانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بوونەتە کۆمەڵگەی توێژنیەوەکە، نموونەی توێژینەوەکە بریتیبووە لە (٤٦) منداڵ لە باخچەی منداڵانی ترێ توێژەر دابەشکردووە بەسەر دووگروپدا گروپی (ئەزموونی گروپی کۆنترۆڵکراو)، هەرگروپێک ژمارەیان (٢٣) منداڵە (١٢)کچ (١١)کوڕ،ئامڕازی توێژینەوەکەی بریتیە لە ئامادەکردنی یەک پێوەروێنەیی لە(٢٦) بڕگە پێکهاتوە ئامانجە ڕەفتارییەکان خۆی لە (٨٥) بڕگەدا دەبینییەوە ئامادەکردنی (٨) دەقی شانۆیی و پلانی ڕۆژانە بۆ بابەتی(یەکەی جەستەو یەکەی نیشتیمان) وە(٨) پلانیش بۆ شانۆ. بۆ دەستکەوتی داتاو زانیارییەکان پشتی بەستووە بە پرۆگرامی (spss) و هاوکێشە ئامارییەکانی ( t-test) ، (هاوکۆلکەی سپێرمان براوان و الفا کرونباخ گۆتمان و ناوەندە ژمێرەیی) .

دوای ئەوەی توێژەر شیکاریی داتاکانی کرد، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە جیاوازی ئاماری بوونی هەیە لە نێوان لە تاقی کردنەوەی (پێشەکی و پاشەکی )گروپی ئەزمونی،کە جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی تاقی کردنەوەی پاشەکییە بۆ گروپی ئەزمونی لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان،جیاوازی ئاماری بوونی هەیە لە تاقیکردنەوەی (پێشەکی و پاشەکی )گروپی کۆنترۆڵکراو، کە جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەکییە بۆ گروپی کۆنترۆڵکراو، جیاوازی ئاماری بوونی هەیە بۆ گروپی ئەزمونی ڕەگەزی نێر لە تاقی کردنەوەی (پێشەکی و پاشەکی) لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان کە جیاوازییەکە لەبەرژەوەندی تاقیکردنەوە پاشەکییە بۆ گروپی ئەزمونی بەپێی ڕەگەزی نێر، جیاوازی ئاماری بوونی هەیە بۆ گروپی ئەزمونی ڕەگەزی مێ لە تاقی کردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لە سەرپەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە کە جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی تاقی کردنەوەی پاشەکییە بۆگروپی ئەزمونی ڕەگەزی

مێ،جیاوازی ئاماری بوونی هەیەلەتاقی کردنەوەی پاشەکی  گروپی ئەزمونی کە شانۆی بوکەڵەیان بۆنمایش کراوە گروپی کۆنترۆڵ بەرێگەی ئاسایی وانەکەیان خوێندووە .بەوپێیەی کە ناوەندە ژمێرەیی تاقی کردنەوەی پاشەکی گروپی ئەزمونی گەورەترە لەتاقی کردنەوەی پاشەکی گروپی کۆنترۆڵکراو ئەوەدەردەخات کە جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی گروپی ئەزمونییە.
ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە بریتییە:

١. ئەنجامدانی وۆرکشۆپ و سیمینار لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بۆ مامۆستایانی باخچەی منداڵان،تالەڕێگەیەوە شارەزاو ئاشنای چۆنیەتی بەکارهێنانی شانۆو شانۆی بوکەڵەو گرنگییەکەی ببن لەکاتی وانەوتنەوەدا.
٢. بەکارهێنانی شانۆی بوکەڵە لەپرۆسەی وانەوتنەوەدا.
٣. بەشداریکردنی مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە چالاکییە پەروەردەیی و شانۆییەکاندا بەتایبەتی شانۆی بوکەڵە.

## پێڕستی ناوەڕۆک


| ژ.لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| أ | ئایەتی قورئانی |
| ب | بڕیاری سەرپەرشتیار |
| ج | بڕیاری هەڵسەنگاندنی زانستی |
| د | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن |
| هـ | پێشکەشە |
| و | سوپاس و پێزانین |
| ز | پوختەی توێژینەوە |
| ط | پێڕستی ناوەڕۆک |
| ل | پێڕستی وێنەکان |
| م | پێڕستی خشتەکان |
| ک | پێڕستی شێوەکان |
| ل | پێڕستی پاشکۆکان |
| **٢-٩** | **بەشی یەکەم/ ناساندنی توێژینەوە** |
| ٢ | ١-١ کێشەی توێژینەوەکە |
| ٥ | ١-٢ گرنگی توێژینەوەکە |
| ٨ | ١-٣ ئامانجی توێژینەوەکە |
| ٨ | ١-٤ گریمانەی توێژینەوەکە |
| ٩ | ١-٥ سنوری توێژینەوەکە |
| ٩ | ١-٦ پێناسەی چەمک و زاراوەکان |
| **١٥-٧٢** | **بەشی دووەم/ چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە** |
| ١٥ | ٢-١ شانۆی بوکەڵە |
| ١٥ | ٢-١-١ مێژووی دەرکەوتنی شانۆ و شانۆی بوکەڵە |
| ١٦ | ٢-١-٢ جۆرەکانی شانۆی منداڵان |
| ١٨ | ٢-١-٣ جۆرەکانی شانۆ لەڕووی پەروەدەییەوە |
| ٢٠ | ٢-١-٤ جۆرەکانی شانۆی بوکەڵە |
| ٢٠ | ٢-١-٥ فۆرمەکانی شانۆی بوکەڵە |
| ٢٥ | ٢-١-٦ جۆرەکانی بوکەڵە |

| | |
|---|---|
| ٢-١-٧ سوودەکانی بوکەڵە بۆ منداڵان | ٣٠ |
| ٢-١-٨ پێکهاتەکانی شانۆی بوکەڵە | ٣١ |
| ٢-١-٩ بەهای پەروەردەیی و زانستی لە شانۆی بوکەڵەدا | ٣٢ |
| ٢-١-١٠ کاریگەری شانۆی بوکەڵە لەسەر منداڵ | ٣٣ |
| ٢-١-١١ تایبەتمەندیەکانی بەکارهێنانی بوکەڵە لە پەروەردەدا | ٣٤ |
| ٢-١-١٢ کاریگەری شانۆی بوکەڵە لەسەر لێهاتووییەکانی ژیان لای منداڵی باخچە | ٣٤ |
| ٢-٢ کارامەییەکانی ژیان | ٣٦ |
| ٢-٢-١ کارامەیی | ٣٦ |
| ٢-٢-٢ گرنگی کارامەییەکانی ژیان | ٣٩ |
| ٢-٢-٣ بنەماکانی فێربوونی کارامەییەکان | ٣٩ |
| ٢-٢-٤ گرنگی کارامەییەکانی ژیان وەک | ٤٠ |
| ٢-٢-٥ جۆرەکانی کارامەیی | ٤٢ |
| ٢-٢-٦ هەندێک لە کارامەییە بنەڕەتییەکانی ژیان | ٤٥ |
| ٢-٣ کارامەییەکانی ژیان | ٤٧ |
| ٢-٣-١ چەمک و پێناسەی کارامەییەکانی ژیان | ٤٧ |
| ٢-٣-٢ چۆنییەتی گەشەپێدانی کارامەییەکانی ژیان | ٤٩ |
| ٢-٣-٣ پێکهاتەکانی کارامەییەکانی ژیان | ٥٠ |
| ٢-٣-٤ ڕەهەندەکانی کارامەییەکانی ژیان | ٥٠ |
| ٢-٣-٦ تیۆرییەیەکانی کارامەییەکانی ژیان | ٥١ |
| ٢-٤ توێژینەوەکانی پێشوو | ٥٨ |
| ٢-٤-١ توێژینەوەکانی تایبەت بە شانۆی بوکەڵە | ٥٨ |
| ٢-٤-٢ توێژینەوەکانی تایبەت بە کارامەییەکانی ژیان | ٦١ |
| ٤-٢-٣ بەراوردی توێژینەوەکانی پێشوو بەم توێژینەوەیە | ٦٥ |
| ٤-٢-٤ ڕادەی سوود بینین لە توێژینەوەکانی پێشوو | ٧٢ |
| **بەشی سێیەم / ڕێکارییەکانی توێژینەوە** | **٧٤-٩٤** |
| ٣-١ میتۆدی توێژینەوە کە | ٧٤ |
| ٣-٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ٧٤ |
| ٣-٣ نموونەی توێژینەوەکە | ٧٥ |
| ٣-٤ تایبەتمەندییەکانی نمونەی توێژینەوەکەو هاوتاکردنیان | ٧٧ |

| | |
|---|---|
| ٣-٤-١ ئاستی زیرەکی | ٧٧ |
| ٣-٤-٢ بەپێی تەمەن | ٧٨ |
| ٣-٤-٣ ئاستی خوێندنی (باوکان) | ٧٨ |
| ٣-٤-٤ ئاستی خوێندنی (دایکان) | ٧٩ |
| ٣-٤-٥ پیشەی باوکان | ٨٠ |
| ٣-٤-٦ پیشەی دایکان | ٨٠ |
| ٣-٤ کەرەستەکانی توێژینەوەکە | ٨١ |
| ٣-٥-١ بۆ ئامادەکردنی شانۆی بوکەڵە توێژەر هەستا بەجێبەجێکردنی ئەم ڕێکاریانەی خوارەوە | ٨١ |
| ٣-٥-١-١دیاریکردنی بابەتی خوێندن | ٨١ |
| ٣-٥-١-٢ دیاریکردن و داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان | ٨٢ |
| ٣-٥-١-٣ ئامادەکردنی شانۆی بوکەڵە | ٨٤ |
| ٣-٥-١-٤ئامادەکردنی پلانی ڕۆژانە | ٨٦ |
| ٣-٥-١-٥ ئامادەکردنی پێوەری وێنەیی بۆ کارامەییەکانی ژیان | ٨٧ |
| ٣-٦ هەنگاوەکانی جێبەجێکرنی ئەزموونی توێژینەوەکە | ٩٣ |
| ٣-٦ ئامرازە ئامارییەکان | ٩٤ |
| **بەشی چوارەم/ ختستنەڕووی ئەنجام و ڕاڤەو شیکردنەوەیان** | **٩٨-١٠٧** |
| ٤-١ ئەنجامەکانی توێژینەوەکە | ٩٨ |
| ٤-٢ گفتوگۆی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە | ١٠٤ |
| ٤-٣ دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە: | ١٠٦ |
| ٤-٤ ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە | ١٠٦ |
| ٤-٥ پێشنیارە کانی توێژینەوەکە | ١٠٧ |
| لیستی سەرچاوەکان | ١٠٧ |
| ملخص الرسالة | ب |
| Abstract | B |

# پێڕستی وێنەکان


| ژ. وێنە | ناونیشانی وێنە | ژ.لاپەڕە |
|---|---|---|
| (٢-١) | شانۆی مرۆیی | ١٧ |
| (٢-٢) | فۆڕمەکان شانۆی بوکەڵە | ٢٠ |
| (٢-٣) | شانۆی میز | ٢١ |
| (٢-٣) | شانۆی بۆکس | ٢١ |
| (٢-٤) | شانۆی کردنەوەی دەرگا | ٢٢ |
| (٢-٥) | شانۆی پەنجەرە | ٢٢ |
| (٢-٦) | شالنۆی بچووک | ٢٣ |
| (٢-٧) | شانۆی بوکەڵەی گەورە | ٢٤ |
| (٢-٨) | بوکەلەی دار | ٢٦ |
| (٢-٩) | بکەڵەی دەستکێش | ٢٧ |
| (٢-١٠) | بوکەڵەی ماریۆنێت | ٢٧ |
| (٢-١١) | بوکەڵەی سێبەر | ٢٨ |
| (٢-١٢) | بوکەڵەی دەمامک | ٢٨ |
| (٢-١٣) | شانۆی پەنجە | ٢٩ |

# پێڕستی خشتەکان


| ژ. خشتە | ناونیشانی خشتە | ژ.لاپەڕە |
|---|---|---|
| (٣-١) | دیاریکردنی دیزاینی ئەزمونی توێژینەوەکە | ٧٤ |
| (٣-٢) | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ٧٥ |
| (٣-٣) | دابەشکردنی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو) | ٧٦ |
| (٣-٤) | کۆمەڵگەی و نمونەی توێژینەوەکە کە توێژەر ژمارەی منداڵانی نموونەی توێژینەوەکەی لێوەرگرتووە | ٧٦ |
| (٣-٥) | ئەنجامی هاوتای لە ئاستی پێشینەی زیرەکی لای منداڵانی نموونەی توێژینەوەکە | ٧٧ |
| (٣-٦) | ئەنجامی هاوتاکردنی گۆڕاوی تەمەن بۆ منداڵانی گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو | ٧٨ |
| (٣-٧) | ئەنجامی هاوتاکردنی گۆڕاوی ئاستی خوێندنی باوکان بۆ منداڵانی هەردوو گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو بە پێی هاوکێشەی (دوجای کای) | ٧٩ |
| (٣-٨) | ئەنجامی هاوتاکردنی گۆڕاوی ئاستی خوێندنی دایکان بۆ منداڵانی هەردوو گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو بە پێی هاوکێشەی (دووجای کای) | ٧٩ |
| (٣-٩) | ئەنجامی هاوتاکردنی گۆڕاوی پیشەی باوکان بۆ منداڵانی هەردوو گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو بە پێی هاوکێشەی (دووجای کای ) | ٨٠ |
| (٣-١٠) | ئەنجامی هاوتاکردنی گۆڕاوی پیشەی دایکان بۆ منداڵانی هەردوو گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو بە پێی هاوکێشەی (دوجای کای ) | ٨١ |
| (٣-١١) | دیاریکردنی ناوی بەش و بابەت و ژمارەی لاپەڕەی بابەتی خوێندن | ٨٢ |
| (٣-١٢) | خستنەڕووی شیاوی و نەشیاوی برگەکانی تایبەت ئامانجەڕەفتارییەکان | ٨٣ |
| (٣-١٣) | دیاریکردنی دەقە شانۆییەکان ماوەو کاتی ئەزمونەکەی ٨٤ | |
| (٣-١٤) | ئاستی ئاماریی بەڵگەداریی برگەکانی دەقە شانۆییەکان ٨٥ | |
| (٣-١٥) | دروستکردنی ئامرازەکانی شانۆی بوکەڵە | ٨٥ |
| (٣-١٦) | ئامادەکردنی پلان بۆ هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو | ٨٧ |

| | | |
|---|---|---|
| (٣-١٧) | هێزی جیاکاریی بڕگەکان | ٨٩ |
| (٣-١٨) | پەیوەندی بڕگەکە بە پێوەرەکەوە | ٩٠ |
| ( ٣-١٩) | خستنەڕووی ئەنجامی جێگیریی پێوەرەکە | ٩١ |
| (٣-٢٠) | بەهای " الفا کرونباخ " بۆ گشت بڕگەکان | ٩٢ |
| (٣-٢١) | دیاریکردنی بەشەوانەکان (لەهەفتەیەکدا ) بۆ هەردووگروپی نموونەی توێژینەوەکە | ٩٣ |
| (٤-١) | ئەنجامی (T-test ) بۆ جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێرەی نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان | ٩٨ |
| (٤-٢) | ئەنجامی (t-test ) بۆ جیاوازی نێوان نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گروپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان | ١٠٠ |
| (٤-٣) | ئەنجامی (T -test ) بۆ جیاوازی نێوان نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پێشەکی پاشەکی گروپی ئەزمونی لەسەر نمونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆراوی ڕەگەز | ١٠١ |
| (٤-٥) | ئەنجامی ( T-test) بۆ جیاوازی نێوان نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پاشەکی بۆ هەردوو گروپی (کۆنترۆڵکراو و ئەزمونی )لەسەر کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە | ١٠٣ |

# پێڕستی شێوەکان


| ژ.لاپەڕە | ناونیشانی شێوە | ژ.شێوە |
|---|---|---|
| ٩٩ | ئەنجامی (T-test) بۆ جیاوازی نێوان نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پێشەکی پاشەکی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان | (٤-١) |
| ١٠٠ | جیاوازی نێوان نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پێشەکی پاشەکی گروپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان | (٤-٢) |
| ١٠٢ | جیاوازی نێوان نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پێشەکی پاشەکی گروپی ئەزمونی لەسەر نمونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆراوی ڕەگەز | (٤-٣) |
| ١٠٤ | جیاوازی نێوان نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکی بۆ هەردوو گروپی(کۆنترۆڵکراو ئەزمونی) لەسەر کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە | (٤-٥) |

# پێڕستی پاشکۆکان


| ژ. پاشکۆ | ناونیشانی پاشکۆکان | ژ. لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | نووسراوەکانی ڕێگەپێدان | أ |
| ٢ | زانیاریی نموونەی توێژینەوەکە لە گروپی ئەزموونیدا | ب |
| ٢+١ | زانیاریی نموونەی توێژینەوەکە لە گروپی کۆنترۆڵکراودا | ج |
| ٣ | ڕاپرسی کراوە | د |
| ٤ | ناوی باخچەی منداڵان و ژمارەی مامۆستایان کەفۆڕمی ڕاپرسی تێدا دابەش کراوە بۆ دروستکردنی پێوەرە وێنەییەکە بەشداربوون | و |
| ٥ | ئامادەکردنی پێوەری وێنەیی | ط |
| ٦ | ناوی شارەزایان | ل |
| ٧ | فۆڕمی شارەزایان | ن |
| ٨ | پلانی ڕۆژانە | أأ |
| ٨+١ | پلانی ڕۆژانە | ب ب |
| ٩ | فۆڕمی ڕاوەرگرتنی شارەزایان دەربارەی بڕگەکانی (ئامانجە ڕەفتارییەکان) | ج ج |
| ١٠ | ئامانجە ڕەفتارییەکان دوای دەستنیشانکردنی گونجاوو نەگونجاوی بڕگەکان | د د |
| ١١ | وێنەکانی تایبەت بە جێبەجێکردنی ئەزموونەکە | ک ک |

# بەشی یەکەم

# ناساندنی توێژینەوەکە

١-١ کێشەی توێژینەوەکە

١-٢ گرنگی توێژینەوەکە

١-٣ ئامانجی توێژینەوەکە

١-٤ سنوری توێژینەوەکە

١-٥ پێناسەی چەمک و زاراوەکان

# بەشی یەکەم

# ناساندنی توێژینەوە

## ١-١ کێشەی توێژینەوەکە:

کاریگەریی دەزگا پەروەردەییەکان بۆ بونیادنانی نەوەیەکی نوێ لە کۆمەڵگە، یەکێکە لەو ئاڕاستانەی کە پێویستە بە گرنگییەوە سەیر بکرێت، گرنگیدان بە پلانی پەروەردەیی لە ڕێکخستنی بەها پەروەردەییەکان دەبێت سەرەتا لە باخچەی منداڵانەوە دەست پێبکات و بە قۆناغی بنەڕەتی کۆتایی دێت، ئەمەش گەورەترین کاریگەریی دەبێت لەسەر نەوەیەک کە پەروەردەکراوە لەسەر بەها پەروەردەیی و ڕەوشتیی و کارامەییەکان لە بنەڕەتەوە. (وزارة التربية، ب.ت: ٥)

قۆناغی باخچە سەرەتایەکە بۆ دەستکەوتن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، ئەمەش وادەکات کە باخچە گرنگییەکی تەواوی هەبێت لە بونیاتنانی منداڵ و پەرەپێدانی تواناو کارامەییەکانی، گرنگە بەتەواوی گرنگی بە یەکەم قۆناغی منداڵان بدرێت وەک بەرکەوتەیەکی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی کارامەییەکانی، چونکە (بواری گەشەپێدانی تاک و مرۆڤایەتی بەندە بەڕادەی ئەو گرنگیپێدان و چاودێرییەی بۆ منداڵ دەستەبەردەکرێت لەو قۆناغەدا). (بابان، محمد، ٢٠١٩: ٧)

کاریگەریی باخچە لەوەدایە کە ناتوانرێت لە دەرەوەی ئەم ناوەندە پەروەردەیی و فێرکارییە ژینگەیەکی تر دروست بکرێت هاوشێوەی ئەو ژینگەیە، گرنگی قۆناغی منداڵی وایکردووە ئاستی کاریگەریی باخچە لەسەر منداڵ لە ئاستێکی بەرزدابێت، کەواتە لەبەر گرنگی قۆناغی تەمەنی منداڵ و کاریگەریی باخچە لەسەری پێویستە (ئامانج گەلێکی سەرەکی وەها دابنرێت کە گەشە بە توانای منداڵ و پەرەپێدانی کارامەییەکانی و کەسێتی لەهەموو لایەنەکانی جەستەیی و عەقڵی و کۆمەڵایەتی و ئاکاریی) بدات. (قەرەچەتانی، ٢٠١٣: ٢٠)

باخچە یەکەم وێستگەی منداڵە بۆ ئاشنابوون و تێکەڵبوونی بە دونیای پەروەردەو فێربوون، هەر لێرەوە بەهاکان و دروستی دەروونی و پەیوەندییەکانی گەشەدەکات، ئەم ناوەندە (باخچە) ژینگەیەکی نوێ بە منداڵ دەبەخشێت و ئاڕاستەیان دەکات بەو شێوازەی کە دەیەوێت، هەربۆیە ئەگەر ناوەندێکی وەکو باخچە لەسەر بنەمای تەندروستی منداڵ فێربکات، منداڵ دەبێتە خاوەنی چەندین بەهای جوان و لەگەڵێدا گەشە دەکات). (ولیانی، ٢٠٢٠: ١١).

بابەتی کارامەییەکانی ژیان لە جیهاندا بە یەکێک لە بابەتە گرنگەکان دادەنرێت، هەروەکو چۆن لەڕاپۆرتێکی یونسێفدا ساڵی (٢٠٠٦) ئاماژە بەوە کردووە کە (١٦٤) دەوڵەت پابەندن بە

بابەتی خویندن کە بڕیاری لەسەر دراوە سەبارەت بە کارامەییەکانی ژیان وەک هۆکارێک لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکان و بەدەستهێنانی زانیاریی کە لەسەر بونیادێکی دروست دارێژراوە. (فراج، ٢٠١٩: ٦٢٠)

مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە ناتوانێت بە شێوەی دابڕان بژی لەکەسانی دیکە وەک خێزان و هاوڕێ و هاوکارەکانی، هەروەها ناتوانێت بژی بەبێ مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو لایەنەکان، ئەمەش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە ژیانی تاک وەک ئەندامی گرووپێکی گەورەتر پێویستی بە گونجاندنە لەگەڵ گەشەسەندنی کۆمەڵگەدا، ئەمەش بەردەست نابێت بۆی تەنها لە ڕێگەی خاوەندارێتی کارامەییەکانی ژیانەوە نەبێت کە وای لێدەکات پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا دروست بکات و کارلێک بکات لەگەڵیان . (العمری، ٢٠١٣: ١٠٥)

کارامەییەکانی ژیان ڕۆژانە پراکتیزە دەکەین بەبێ هیچ مەبەستێک یان تەرخانکردنێک بۆیان و ئەمەش وا پێویست دەکات کە ئەم کارامەییانە دیاریبکرێن و ناویان لێبنرێت و دابمەزرێنرێن، چونکە کارامەییەکانی ژیان ئەو کارامەییانەیە کە تاک بۆ پێکەوە ژیان لەگەڵ کۆمەڵگاکەیدا بەدەستی دەهێنێت و بۆ کاریگەریکردن لەسەر ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژی، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر یەکخستنی کەسایەتی و گەشەکردنی و ڕێزگرتنی بۆ خودی خۆی و تەندروستی دەروونی خۆی، ئەمەش لەگەڵ بەدەستهێنانی سیفەتە کەسایەتییەکانیدا دەبێت، هەروەها ئامانج لە کارامەییەکانی ژیان ئامادەکاری مرۆڤێکە کە توانای پێکەوەژیانی هەبێت لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەدا و ئەو ئالانگاریی دەستنیشان بکات کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە و پێویستیان بە کارامەیی هەیە، وەک توانای پلاندانان و خەملاندنی سەرچاوە بەردەستەکان، و چۆنیەتی بڕیاردان لەسەر ئەو لەویەتەکان، و توانای بڕیاردان وڕازیبوون بە جیاوازیەکان، و وابەستەیی ئالوگۆڕ لە نێوان تاکەکانی دیکە . (یوسف، ٢٠١٩: ٦٣٨)

ئەم سەردەمە بە سەردەمی خێراو پێشکەوتنە جۆربەجۆرەکانی زانست دادەنرێت، لەسەرجەم کایەکانی ژیانی تاکدا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بوونی تاک لەم ناوەندەدا لە دەستکەوتنی کارامەییەکانی لە چ ئاستێکدایە، دەستکەوتنی کارامەیی لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەرفەتەکان، کاریگەرییەکەی لە دەرەنجامی ئەرک و چارەسەرکردنی گرفتەکاندا دەردەکەوێت، (المجارحة، ٢٠٢٠: ٥)، شانۆی منداڵان بەیەکێک لە دەستکەوتە بنەڕەتییەکانی پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان دادەنرێت، چونکە شانۆی منداڵان هەڵدەستێت بە ئاڕاستەکردنی منداڵ بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێک شارەزایی و کارامەیی لەڕووی زانین و بیرکردنەوە و هونەریی پەرەپێدانی هەستی جوانناسی کە کاریگەریی لەسەر بونیادی کەسێتی منداڵ بەشێوەیەکی تەواو دروست دەکات. (عبداللاە، ٢٠١١: ٧)

شانۆی منداڵان بە یەکێکە لە گرنگترین هونەرەکانی نمایشکردن بۆ منداڵان دادەنرێت، کاریگەریی ئەرێنی لەسەر دەروونی منداڵ دروست دەکات، هەرئەمەشە وایکردووە کە دەوڵەتان گرنگییەکی زۆر بەم بوارە بدەن و سەرەتا لەباخچەی منداڵانەوە ئەو گرنگییە جێبەجێ بکەن، بەئامانجی ڕۆشنبیرکردنی منداڵانی باخچە لەڕێگەی شانۆی بوکەڵەوە، لەم ڕێگەیەوە دەیانەوێت زانیارییەکان و ڕێنماریییەکان ئاڕاستەی منداڵان بکەن و تا زۆرترین شارەزایی بەدەست بهێنن کە پێویستیان پێیەتی لە ژیانی ڕۆژانەدا، بە تایبەت لە سەرەتای ساڵانی یەکەمی گەشەی منداڵەوە، چونکە بنەمایەکی سەرەکییە لە بونیادنانی کەسایەتی منداڵ. (عبدالمقصود واخرون، ٢٠١٨: ٦٥)

توێژینەوەکانی پێشوو ئەو گرفتەیان خستووەتەڕوو کە لە دامەزراوە پەروەردەییەکاندا بۆ گەشەپێدانی توانا و کارامەییەکانی منداڵان بوونیان هەیە لە نەبوونی شانۆی منداڵان یان شانۆی بوکەڵە، توێژینەوەکەی (المالکي، ٢٠١٠)، ، هەروەها توێژینەوەکەی (الکلاک، ٢٠١٣)، ((مصطفی، ٢٠٢١) باس لەو گرفتانە دەکەن کە شانۆی بوکەڵە دروستی دەکات لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا لە ژیاندا، ئەویش لە نەبوونیدا، هەروەها توێژینەوەی بەردەستیش هەستی بەو گرفتە کردووە کە کەم بەکارهێنانی شانۆی بوکەڵە هۆکار دەبێت لە پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە.

شانۆی بوکەڵە (puppet theater) بەو پێیەی کە بەتەواوی تێکەڵ بە خەیاڵ و ئەندێشەی منداڵان دەبێت و ڕاستەخۆ کاریگەریی لەسەر تەندروستی و دروستی دەروونی و لێهاتوییەکانی منداڵ دروست دەکات، توێژەر هەستی بەو گرفتە کردووە کە لەناو باخچەکانی منداڵاندا گرنگییەکی تەواو بە شانۆی بوکەڵە نادرێت بۆیە دەیەوێت توێژینەوەیەک ئەنجامبدات لەسەر کاریگەریی شانۆی بوکەڵە لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچەی لە شاری سلیمانی.

بۆ زانینی کاریگەری شانۆی بوکەڵە لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان و بۆ دەرخستەی کێشەی توێژینەوەکەی توێژەر بەپێی ئەو ئەزموونەی کە لە باخچەی منداڵاندا هەیەتی هەستی بەو گرفتە کردووە کە منداڵان ئەو کارامەییانەیان نییەکە لەژیانی ڕۆژانەیاندا پێویستە بیزانن بەکاری بهێنن لە هەستکردن بەخودو متمانە بەخۆ بون و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی کارلێککردنیان لەگەڵ ژینگەی دەوروبەردا، بۆیە توێژەر دەیەوێت لەڕێگەی شانۆی بوکەڵەوە ئەو گرفتانە چارەسەربکات و پەرە بەوکارامەییەکان بدات و لەڕێگەی ئەم پرسیارانەوە دەیەوێت وەڵامی دەستبکەوێت:

١. ئایا بەکارهێنانی شانۆی بوکەڵە کاریگەریی دەبێت لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە؟

## ١-٢ گرنگی توێژینەوەکە:

باخچەی منداڵان بە یەکێک لە دامەزراوە پەروەردەییەکانی دادەنرێت، چونکە بە تەواوی پاڵپشی کەسایەتی منداڵ دەکات و یارمەتیدەرە لە دەستکەوتی تایبەتمەندییە مرۆییەکان بە پشت بەستن بە شارەزایی و مەعریفی و لێهاتویی. (طاهر، ٢٠٢٠ :٤)

پرۆگرامی باخچەی منداڵان بە بەشێکی گرنگ لە شارەزایی منداڵانی باخچە دادەنرێت، هەر بۆیە پێویستە لە چوارچێوەی ئەو شارەزاییە جیاوازانەی کە بۆ منداڵان دێتە بوون جیاوازییە تاکییەکان لە بابەتی خوێندنی پرۆگرامی باخچەی منداڵاندا بەدەست بێت، لێرەوە منداڵ ئاراستەی ئەو چالاکییە فێرکاریی و زانستییە دەکات کە کاریگەریی لەسەر گەشە جۆربەجۆرەکان هەیە، هەر بۆیە دەکرێت پرۆگرام بەو ژینگە تایبەتە راستییە دابنرێت کە منداڵ تێیدا لەڕووی ڕەفتارو کارامەییەکانەوە گەشە دەکات و ئەڵقەیەکی پەیوەندییە لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی منداڵ لە کۆمەڵگەکەی. (جاد، ٢٠٠٧ :١١)

پەروەردەکاران کۆکن لەسەر هێڵە ئاسۆییەکانی پرۆگرامی باخچەی منداڵان بۆ منداڵانی قۆناغی پێش چوونە خوێندنگە، ئەگەر چی ناکۆکیش بن لە سەر وردەکارییەکان، پرۆگرامی قۆناغی باخچە پرۆگرامێکی دیاریکراو نییە کە هەندێک بابەتی خوێندنی لەخۆ گرتبێت، وەک پرۆگرامەکانی قۆناغە جیاوازەکانی تری خوێندن، بەڵکو پرۆگرامێکە وەستاوە لەسەر چالاکیی و پشتی پێ دەبەستێت، ئامانجی یەکەمی گەشەکردنی درکپێکردنی هەستەکان و تێرکردنی ئارەزووی منداڵە لەگەڵ دابینکردنی پێداویستییەکانی و دۆزینەوەی بەهرەو ئارەزووەکانی، ڕێگەدان بەو بەهرەو ئارەزووانەی تا گەشە بکەن و دەربکەون لە ژینگەیەکی ئازاد و دوور لە پەرتوک و پابەندبوونی منداڵ بە سیتمێکی دیاریکراوەوە. (بابان و ئەوانی تر، ٢٠١٦ :٦٣-٦٤)

زانایانی پەروەردە لەسەر ئەوە کۆکن کە قۆناغی منداڵی یەکێکە لە قۆناغە گرنگەکانی منداڵ لە دەستکەوتنی کارامەییە جۆربەجۆرەکان، بە تایبەت کارامەییەکانی ژیان، ئەم کارامەییانە بۆ منداڵ ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینن لە دەستکەوتنی بنەماکانی پەروەردەو پەرەپێدانی ئامادەیی سروشتی بۆ منداڵان، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستییەکی هەنووکەییە بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگەش، یەکێکە لەو داواکارییە بنەڕەتیانەی کە منداڵ پێوستی پێیەتی بۆ خۆگونجاندنی خودی لەگەڵ ژینگەی دەورووبەری و ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژی، لەگەڵ ئەوەشدا یارمەتیدەرە لە چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە ڕوبەڕووی دەبێتەوە، فێربوونی کارامەییەکانی

ژیان منداڵان فێری ئەوە دەکات لەوپەڕی باروودۆخی قورسیدا منداڵ بتوانێت مامەڵە لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەکان بکات. (شحاتە، ٢٠١٣: ٤٣٨)

شانۆ یەکەم جۆرە لە جۆرەکانی هونەر، کە لە کۆنەوە لەلایەن زۆربەی گەلانی دونیادا ناسراوە، ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە کاریگەربوونی بە چەندین هونەریی خاوچەرخ، بە تایبەت ئەوانەی پەیوەندیدارن بە بواری هونەریی نواندنەوە، هەروەها بەوەش ناسراوە کە هونەرێکە تێدەکۆشێت بۆ گۆڕینی دەقێکی سەر کاغەز بۆ کۆمەڵێک دیمەنی واقعی و ڕاستی کە پشت بە ڕۆڵی ئەکتەرەکان لە جێبەجێکردنی بەشیوەیەکی ڕاستەوخۆ لەبەرامبەر ئامادەبوان لە هۆڵی شانۆ دەبەستێت. (عبدالقادر، ٢٠١٨ :٨)

شانۆی بوکەڵە لەبەر ئەو گرنگییەی کە هەیەتی، یونسکۆ جەخت لەسەر پێویست بوونی دەکاتەوە لە ناو باخچەی منداڵاندا، هەر بۆ ئەو مەبەستە زۆرێک لە وڵاتان پاڵپشتی مادی و مەعنەوی دەکەن لەپێناو بونیادنانی منداڵێکی تەندروست، چونکە یەکێکە لە ئامڕازە گرنگەکان لە بونیادنانی کەسێتی منداڵ و پەرەپێدانی کارامەییەکانی لە چوارچێوەی ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژی. (عبداللاە، ٢٠١١: ٤٩)

هەریەک لە توێژینەوەکانی (Guegnard Christnne, 2012) و (Fredland , Nina, 2015)جەخت لەسەر گرنگی و کاریگەریی شانۆی منداڵان دەکەنەوە لە پێدانی هەل بۆ چارەسەرکردنی گرفتە جۆربەجۆرەکانیان و هاوکارییان لە چارەسەری گرفتەکان و دروستبوونی پەیوەندییەکی چالاک (Guegnard Christnne, 2012: 31). و (Fredland , Nina, 2015: 5)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شانۆ کاریگەریی هەیە لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە، بەکارهێنانی شانۆی بوکەڵە لە باخچەی منداڵاندا پێویستییەکە لە بونیادنانی کەسایەتی منداڵ و ڕاهێنانی لەسەر کارامەییەکانی ژیان، ئەویش لە جەختکردنەوە لە لایەنی پەروەردەیی لەناو دەقە شانۆییەکاندا، چونکە نمایشی شانۆی بوکەڵە بەندە لەسەر ئەو پەیامەی کە دەقەکانی شانۆکە هەڵیگرتووە، هەربۆیە دەستنیشانکردنی کاریگەرییەکانی دەقە شانۆییەکان لە نمایشی شانۆی بوکەڵەدا لەسەر منداڵان ڕەنگ دەداتەوە، هەروەها لەبەر ئەو گرنگییەی کە شانۆی بوکەڵە هەیەتی لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە، هەروەرکو توێژینەوەکانی (الشنطاوي، ٢٠٠) بە ناونیشانی (کاریگەریی بەکارهێنانی شانۆی بوکەلە لە خوێندندا لەسەر دەستکەوتی بابەتی بیرکاریی و کاریگەریی لەسەر بیکردنەوەی داهێنەرانەو خەیاڵ لای قوتابیانی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی)، هەروەها توێژینەوەی (خلیل، ٢٠١٨) بە ناونیشانی (کاریگەریی شێوازی پێشکەشکردنی شانۆی بوکەڵەو گێڕانەوە لە گەشەکردنی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە)، هەروەها

توێژینەوەی(Amininmanesh,2019) بە ناونیشانی (کاریگەریی نمایشی بوکەڵە و شێوازەکانی چیرۆکگێڕان لەسەر کێشەکانی ڕەفتاری منداڵان)، جەختیان لەسەر گرنگیی و کاریگەریی شانۆی بوکەڵە کردووەتەوە لەسەر منداڵان و لە ڕاسپاردەکانیشیاندا جەختیان لەسەر ئەو گرفتانە کردووەتەوەکە کە هۆکاربوون بۆ کەمتەرخەمی لە ئەنجامدانی شانۆی بوکەڵە لە باخچەی منداڵان و پێشنیازی ئەوەیان کردووە کە گرنگی بە شانۆی بوکەڵە بدرێت لە باخچەی منداڵان.

شانۆی بوکەڵە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لە بەرجەستەکردن و پەرەپێدانی کاری نمایشی شانۆیی، کە یارمەتیی منداڵ دەکات لە بەشداریکردنی نمایشی نواندن و دووبارەکردنەوەی ئەو کارامەییانەی کە لە ڕێگەی دەقە شانۆییەکانەوە وەریگرتووە، یارمەتیدەرە لە گوزارشتکردنی بیروبۆچوونەکانی بە ئازادانە. (ابوالخیر، ٢٠٠٩: ٦٥)

بەدەستهێنانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە هاوکارە لە هەستکردن بە خود و متمانە بەخۆبوون و هەستی بەرپرسیاریتی لای منداڵان، لەگەڵ ئەوەشدا دەستکەوتنی کارامەییەکانی ژیان گرنگە بۆ منداڵ چونکە لەو ڕێگەیەوە منداڵ توانایەکی وای دەبێت کە گەشە بە تواناو کارامەییەکانی خۆی بدات و کارلێک لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی دەورووبەری بکات و بتوانێت زاڵبێت بەسەر ئەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵان حەزی داهێنانانەو هەستی ئەرێنی بەرامبەر بە خۆیی و دەورووبەری دروستدەکات، وادەکات بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی بۆ ڕووداووو بابەتەکان هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا منداڵ هەنگاوی تەواو بەرەو سەربەخۆیی خودی هەڵدەگرێت. (عبدالفتاح، ٢٠٠١: ٢٧)

زۆرێک لە توێژینەوەکان ئاماژە بە گرنگی دەستکەوتنی کارامەییەکانی ژیان دەکەن بۆ منداڵان و هەوڵیان داوە گرنگییەکەی بە خاڵێکی ئەرێنی و وەرچەرخان دابنێن و بە پێوستیشی دەزانن کە منداڵان ئەم کارامەییانە وەربگرن و بەدەستی بهێنن، بە تایبەت منداڵانی باخچە، تا بتوانن ڕووبەڕووی هەڵوێستە جیاجیاکان ببنەوە کە لە ژینگەی دەورووبەریان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، دەستکەوتنی کارامەییەکانی ژیان خاڵی سەرکەوتنی منداڵە لە ژیاندا. (عبداللاە، ٢٠١١: ٧٧)

لەگۆشەنیگای ئەوەی خرایەڕووگرنگی توێژینەوەکە لەدوو لایەنەوە دەخرێتەڕوو :

### ١-٢-١ گرنگی تیۆری:

١. ئەم بابەتە تاڕادەیەک نوێیە بە کتێبخانەی کوردی وبەپێی زانیارییەکانی ( توێژەر)باس و نوسـین و توێژینـەوەی زۆر لەبارەیـەوە نەکراوە.بۆیـە ئـەم توێژینەوەیـە زانـین و زانیارییەکی نوێیە و دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی.
٢. ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر کاریگەری شانۆی بوکەڵە،بەئامانجی بەدەستهێنانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە.
٣. گەشە بە ئاراستە ئەرێنیەکانی منداڵان دەدات لە لێهاتوییەکانی ژیاندا.
٤. پێشبینی دەکرێت ئەم توێژینەوەیە ببێتەسەرەتایەک بۆ بەدوا دا گەڕان و توێژینـەوەی پەروەردەیی زیاتر لە بواری بەکارهێنای شانۆی بوکەڵەدا..
٥. گرنگە بۆ ئەوەی منداڵانی باخچە بتوانن بەشێوازێکی سەرنج ڕاکێش و ئارام زانیاری لەسەرکارامەییەکانی ژیان بەدەست بهێنن.

### ١-٢-٢ گرنگی پراکتیکی

١. ئـەم توێژینـەوە یـە سـەرنجی پـەروەردەکاران و سەرپەرشـتیارانی پـەروەردەیی و داڕێژەرانـی پرۆگرامـی باخچـەی منـداڵان ڕادەکێشـێت بـۆ گرنگیـدان بـە پەرەپێـدانی کارامەییەکانی ژیان.
٢. ئەم توێژینەوەیە دەشێت بە سودبێت بۆ پەروەردەکاران و ئەو کەسانەی کار لـە بـواری دانـانی پرۆگـرام و بابەتـەکانی پـەروەردە و فێرکردنـی منـداڵانی باخچـە دادەکـەن بـە بەکارهێنانی شانۆی بوکەڵە.

### ١-٣ ئامانجی توێژینەوەکە:

زانینی کاریگەری شانۆی بوکەڵە لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە لە شاری سلێمانی.

### ١-٤ گریمانەی توێژینەوەکە:

١. جیاوازی ئاماری نییە لە سەر ئاستی بەڵگەداریی (٠,٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکـانی تاقیکردنـەوەی پێشـەکی و پاشـەکی منـداڵانی گرووپـی ئـەزموونی، لـە تاقیکردنەوەی کارامەیەکانی ژیان .

٢. جیاوازی ئاماری نییە لە سەر ئاستی بەڵگەداریی (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵانی گروپی (کۆنترۆڵکراو) لەتاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان .

٣. جیاوازی ئاماری نییە لە سەر ئاستی بەڵگەداریی (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵانی گروپی (ئەزموونی) بەپێی ڕەگەز، لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان.

٤. جیاوازی ئاماریی نییە لەسەر ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکی منداڵانی هەردوو گروپی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان .

## ١-٥ سنوری توێژینەوەکە:

سنوری توێژینەوەکە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

١. سنوری کات: وەرزی دووەمی خوێیندن بۆ ساڵی (٢٠٢١– ٢٠٢٢).

٢. سنوری مرۆیی: منداڵانی باخچەی ترێی حکومی لە شاری سلێمانی.

٣. سنوری بابەتی: یەکەی جەستە ،یەکەی نیشتیمان ،لە پرۆگرامی شارەزایی و چالاکی باخچەی منداڵان بۆ تەمەنی (٥) ساڵ.

٤. سنوری شوێن: باخچەکانی منداڵان لە شاری سلێمانی.

## ١-٦ پێناسەی چەمک و زاراوەکان

### ١- پێناسەی شانۆ (The theater)

(**الحدیدی، ١٩٩٩**): بەم شێوەیە پێناسەی دەکات "ئەو شانۆیەیە کە بابەتێکی شانۆیی پێشکەش بە منداڵان دەکات و لەم ڕێگەیەوە خزمەت بە تواناو لێهاتووییەکانی منداڵ دەکات، کە ئامانج لێی خۆشی بەخشینە بە منداڵ و وروژاندنی ئاستی زانستییەتی، هەروەها دروستکردنی بەها ڕەوشتییەکانی لای منداڵ، هەروەها وروژاندنی هەستی جوڵەییە. (الحدیدی، ١٩٩٩: ٥٦)

(**ابتسام، ٢٠١٦**): بەم شێوەیە پێناسەی شانۆ دەکات: "شانۆ بریتییە لە باوکی هونەرەکان کە زۆرترین کاریگەریی لەسەر مرۆڤ دادەنێت و بە دووەم پێشکەوتووترین شێوەی هونەر دادەنرێت دوای هۆنراوە، زۆرێک لە چالاکییەکانی مرۆڤی تێدا کۆبووەتەوە، زۆرێک لە هونەرەکانی تێدا بەرجەستە دەکرێت، وەک هونەری نووسینی ئەدەبی هونەری نواندن هونەری دەرهێنان، هونەری شێوەکاریی، هونەری ڕووناکی و هونەری مۆسیقا، سەرجەم ئەم هونەرانە دەرەنجامی نمایشی شانۆیی بەرجەستە دەکات". (ابتسام، ٢٠١٦: ٥)

(**عبدالقادر، ٢٠١٨**): بەم شێوەیە شانۆ دەناسێنێت "شانۆ هونەرێکە تێدەکۆشێت بۆ گۆڕینی دەقێکی سەر کاغەز بۆ کۆمەڵێک دیمەنی ڕاستی و کە پشت بە ڕۆڵی ئەکتەرەکانی دەبەستێت لە جێبەجیکردنی و بەرجەستەکردنی دەقی شانۆکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەرامبەر بە بینەران لە ناو هۆڵی شانۆدا". (عبدالقادر، ٢٠١٨: ٨).

- **پێناسەی (ئەحمەد، ٢٠١٨)**

شانۆ هونەرە، لە کۆنەوە لەلایەن زۆربەی گەلانی دونیاوە ناسراوە، ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە کاریگەربوونی بە چەندین هونەری هاوچەرخ، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندیدارن لە بواری هونەری نواندنەوە، هەروەها شانۆ بەوە ناسراوە کە هونەرێکە تێدەکۆشێت بۆ گۆڕینی دەقێکی سەر کاغەز بۆ کۆمەڵێک دیمەنی واقیعی و ڕاستی. (ئەحمەد، ٢٠١٨: ٨)

## ٢- پێناسەی شانۆی بوکەڵە (puppet theater)

(**شعبان، ٢٠٠٢**): بەم شێوەیە پێناسەی دەکات "بریتییە لەو شانۆیەی ئاڕاستەی منداڵ دەکرێت تا بەهۆیەوە کۆمەڵێک لە شارەزایی و لێهاتوویی زانیاریی و بیرکردنەوەی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی و هونەری وەربگرێت تا ببێتە هۆی گەشەکردنی هەستی جوانی و لێهاتویی و دروستی و لە بونیادنانی کەسایەتی منداڵ بەشێوەیەکی تۆکمە". (شعبان، ٢٠٠٢: ٢١)

(**قشوة، ٢٠٠٦**): بەم شێوەیە پیناسەی دەکات "جۆرێکی سەرەتاییە لە شانۆ کە پێویستی بە چوارچێوەیەک لە تەختەی گەورە هەیە تا لە ئاستی زەوییە بەرز بێت و کۆمەڵێک لە بوکەڵەی لەپەڕۆ دروستکراو، کۆمەڵێک لە نمایشکار بەهۆی دەزوویەکەوە دەیجوڵێنن." (قشوة، ٢٠٠٦: ١٤)

(**الدسوقي، ٢٠١٨**)لە پێناسەی شانۆی بۆوکەڵەدا دەڵێت "شانۆی بوکەڵە باشترین مامۆستایە بۆ منداڵ لە گەشەکردنی توانا و پەروەردەیی هەتا تەمەنی گەورەبوونی، خۆشەویستی هونەری بەشێوەیەکی گشتی و شانۆ بە تایبەتی لای خۆشەویست دەکات، هەر لە ڕێگەی شانۆوە منداڵ دەتوانێت زۆرشت فێرببێت، کەتوانای دەربڕین و گوزارشتکردن لە ژینگەی چواردەوری فێردەبێت." (الدسوقي، ٢٠١٨: ٨٧٢)

(**الحوراني و ئەوانی تر، ٢٠١٩**): بەم شێوەیە پێناسەی دەکەن "شانۆی بوکەڵە جگە لەوەی کە هونەرێکە، لە دەرەنجامی پێداویستییەکانی مرۆڤ بۆ دەربڕینی گوزارشتەکانیان لە دایکبووە، کە لەسەر بنەمای ڕۆشنبیریی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و شارستانی هاتووەتە بەرهەم." (الحوراني و ئەوانی تر، ٢٠١٩: ٥)

**پێناسەی توێژەر لەڕووی تیۆرییەوە بۆ شانۆی بوکەڵە**

بریتییە لە نمایشی ئەو دەقەشانۆیانی کە توێژەر ئامادەی کردوون بۆ منداڵانی گروپی ئەزمونی توێژینەوەکە لە ڕێگەی بەکارهێنانی شانۆی بوکەڵە،بە مەبەستی پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان.

**پێناسەی توێژەر لە ڕووی جێبەجێکارییەوە (ڕێکاری)بۆ شانۆی بوکەڵە**

ئەو دەقە شانۆیانە دەگرێتەوە کە توێژەر ئامادەی کردون بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەکەی لەشێوەی نمایشی شانۆی بوکەڵەدا خستوویەتییەڕوو بۆ گروپی ئەزموونی .

**٣- پێناسەی کارامەیی (skill)**

(**علاوي، ١٩٩٤**) لە پێناسەی کارامەییدا دەڵێت "بریتییە لە ئەدایەکی جیاوازی ئاست بەرز لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا، سەرجەم ئەو ئەدایانە دەگرێتەوە کە سەرکەوتوون و پەیوەستە بە گەیشتن بەو ئامانجەی کە دیاریکراوە." (علاوي، ١٩٩٤: ١١٠).

(**صادق، ابو خطيب، ١٩٩٤**) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات "تایبەتمەندی ئەو چالاکییەیە کە لەماوەیەکی دیاریکراودا وەرگیراوە بەهۆی ڕاهێنانێکی مەبەستدارەوە یان جێبەجێکردنی ئەرکێک بەڕێگایەکی گونجاو، بەشێوەیەک کە دەبێت ئەو چالاکییە پیشەیەکی سوودبەخش بێت لە وەرگرتنی لێهاتوویی لای فێرخواز." (صادق، ابوخطيب، ١٩٩٤: ٣٣٠)

(**سلامة ، ٢٠٠١**): بەم شێوەیە پێناسەی دەکات "بریتییە لە گرنگیدان بەلایەنی عقڵی و ویژدانی مرۆڤ، لە پێناو فێربوونی لێهاتووییەکاندا و پێویستە گرنگی بە ئاستی زانینی تیۆرە عەقڵیەکانی ئەو بوارەی کە لێهاتووییەکە سەرچاوەی زانیاریەکانی لێوەرگرتووە، و لایەنی ویژدانی، گرنگی بە ئاستی پابەندبوون و خستنەڕوو و ڕاهێنانی فێرخواز دەدات." (سلامە، ٢٠٠١: ٦٦)

(**الخيكاني، ٢٠١٤**): لە پێناسەی کارامەیدا دەڵێت "بریتییە لەو کارەی کە تاکێک یان منداڵ فێری دەبێت و وایلێدەکات بەباشی لەو کارە تێبگات و هەروها بەباشیش مامەڵەی لەگەڵدا بکات، لەگەڵ چرکردنەوەی کات و هەوڵدانەکانی." (الخيكاني، ٢٠١٤: www.uobabylon.edu.iq)

**پێناسەی توێژەر لەڕووی تیۆرییەوە بۆ کارامەیی**

بریتییە لەو کارامەی و چالاکیانەی کە منداڵان لە ئەنجامی بینین و بیستنی دەقە شانۆییەکانەوە بەدەستی دەهێنن و فێریدەبن تا لەڕێگەیەوە گرنگی بە کارامەییەکانی ژیان بدەن.

**پێناسەی توێژەر لە ڕووی جێبەجێکارییەوە (ڕێکاری)بۆ کارامەیی**

بریتییە لە دەست کەوتن وبونی ئەو ئەنجامەی کە منداڵانی گروپی ئەزمونی بەدەستیدەهێنن لەسەر بنەمای تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی تایبەت بە کارامەییەکانی ژیان لەسەر پێوەرە وێنەییەکە کەتوێژەر ئامادەیکردووە.

## ٤- پێناسەی کارامەییەکانی ژیان (life skills)

**پێناسەی (سالم، ٢٠١٤)**: بەم شێوەیە پێناسەی دەکات "بڕی ئەو کارامەییانەی کە پێویستە بۆ فێرخوازان بۆ پراکتیزەکردنی ژیانی ڕۆژانەیان و چالاکییەکانی ژیانیان، وەک کارامەیی بڕیاردان و بەڕێوەبردنی کات و هەوڵ و پارە و بەڕێوەبردنی ململانێ و دانوستان و مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی تر." (سالم، ٢٠١٤: ١٢)

**(جعارة، ٢٠١٧)** بەم شێوەیە پێناسەی دەکات "بریتین لە ئارەزوو و زانین و توانای چارەسەرکردنی کێشە کەسی و کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی ڕۆژانەیە، یان ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکانی ڕۆژانەیە، یان ئەنجامدانی ڕێکخستن و باشترکردنی شێواز و کواڵیتی ژیانی تاک و کۆمەڵگایە." (جعارە، ٢٠١٧: ١٣)

**(الشمري والصعيدي، ٢٠١٧): لە پێناسەی کارامەییەکانی ژیاندا دەڵێت** "ئەو کارامەییانەن کە بەردەوامن بە بەردەوامبوونی ژیان و بەشدارییەکی کاریگەر دەکەن لە بەدەستهێنانی کۆمەڵێک کارامەیی بنەڕەتی لەلایەن منداڵەوە و توانای کارلێککردن و مامەڵەکردن لەگەڵ سەختییەکانی ژینگەی دەوروبەری دەداتێ، لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە گەرەنتی توانای بیرکردنەوەی داهێنەرانە و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بڕیاردانی بۆ دەکات، هەروەها خاوەندارێتی لێهاتوویی خۆفێرکردن کە وا لە منداڵ دەکات توانای فێربوونی هەبێت لە هەموو کاتەکاندا ." (الشمری و الصعیدی، ٢٠١٧: ٢٤٢)

**(یوسف ،٢٠١٩) لە پێناسەی کارامەییەکانی ژیاندا دەڵێت"** ئەو بابەتانەن کە زۆر نزیکن بە ژیانی ڕۆژانەوە، کە دەبێتە هۆی گەشەکردنی زانیاری و کارامەییە پیشەییەکانی فێرخوازان بۆ ئەوەی کاریگەرتر بن بەرامبەر بە خۆیان و بارودۆخی دەوروبەریان . (یوسف، ٢٠١٩: ٦٣٩)

**پێناسەی توێژەر لە ڕووی تیۆریی کارامەییەکانی ژیان**

مەبەست لە کارامەییەکانی ژیان بریتییە لە زانینی ئاستی پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچەی ئاستی دوو (KG2) کە لە چالاکییە لێهاتویی و مەعریفییەکانی منداڵانی باخچەوە سەرچاوە دەگرێت و لەڕێگەی هەستکردن بە کێشەیەک یان لە هەڵوێستە جۆراوجۆرەکانەوە دەتوانێت پەرە بە کارامەییەکانی ژیانی بدات.

**پێناسەی توێژەر لە ڕووی جێبەجێکاریەوە(ڕێکاریی )بۆ کارامەییەکانی ژیان**

بریتییە لە دەستکەوتن و بوونی ئەو ئەنجامەی کە منداڵانی باخچەی منداڵان نموونەی توێژینەوەکە بەدەستی دەهێنن لە ئەنجامی وەڵامدانەوەیان لەسەر بڕگەکانی پێوەرە وێنەییەکە بۆ شانۆی بوکەڵە لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچەی منداڵان بۆ گروپی ئەزموونی .

# بەشی دووەم
# چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

## ٢-١ شانۆی بوکەڵە
## ٢-٢ کارامەییەکانی ژیان
## ٢-٣ توێژینەوەکانی پێشوو

# بەشی دووەم

# چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

## ٢-١ شانۆی بوکەڵە

### ٢-١-١ مێژووی دەرکەوتنی شانۆ و شانۆی بوکەڵە

بوکەڵەکان لە سەرەتای مێژووەوە پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ خەیاڵی مرۆڤدا هەبووە، خەیاڵی مرۆڤ گەشەی کردووە و ئاسۆکانی زیاتر بووە و تێڕوانینەکانی فراوانتر بووە بەهۆی پەیوەندییەکەی بە بووکەڵە و بووکەکانەوە. هەزاران ساڵ لەمەوبەر بووکەڵە لە عێراق ناسراوە، زانینی بوکەڵە تەنها لای عێراقییەکان نەبووە، بەڵکو چەند گەلێکی تر ناسیویانە و دەستی کردووە بە گواستنەوە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر بە پێی بەرکەوتنی شارستانیی نێوان وڵاتان و بڵاوبوونەوەی کولتوورەکان لە ڕێگەی سەفەر و شەڕەوە، هەر بۆیە میسری کۆن و فینیقی و ئاشوری و هیندی و ژاپۆنی کۆن ناسیویانە و شارستانیە یۆنانیەکانیش پێش خودی شانۆی دراماتیک و مرۆڤ دۆستی ناسیویانە، بۆیە ئەم هونەری دەربڕینە بە یەکەم هونەرەکانی دەربڕین دادەنرێت لە پلەی دەرکەوتن سەبارەت بە هونەرەکانی دیکە، شانۆی بوکەڵە لە شێوەی کۆمەڵێک پەیکەر لە چین سەری هەڵداوە کە لە کۆندا لەدایکبوون و یاوەری سەرەتای شارستانیەتی چینی بوون، بۆیە چین وەک باقی ئەو وڵاتانەیە کە شانۆی بوکەڵە تێیدا سەرچاوەی گرتووە، سەرچاوەکەی ئایینی بووە. (الغزالی، ٢٠٠٤: ١٣٢، ١٣١).

شانۆی بوکەڵە بە یەکێک لە کۆنترین شێوەکانی شانۆ دادەنرێت و یەکێکە لە ئامرازە دڵخوازەکانی ڕۆحی منداڵان کە زۆر لە قۆناغی باخچەی ساوایان بەکاردەهێنرێت، شانۆی بوکەڵە بە فۆرم و بەکارهێنانی جیاوازەوە هاتووە بەدرێژایی سەدەکان (الدسوقی، ٢٠١٨: ٨٧٢).

شانۆی منداڵان پاش بڵاوبوونەوە و گەشەکردنیان هەمەجۆر بوون، هەر بۆیە فۆرمە هونەرییەکانیشیان زۆر بوون و لە نێوان شانۆی خەیاڵی و سێبەر و شانۆی بوکەڵە بە هەموو جۆرەکانیەوە (دەستکێشی و مرۆیی و بووکەڵەی دار و بوکەڵەی پەت) هەمەڕەنگ بوون، سەرەڕای شانۆ مرۆییەکان کە تیمێکی پیشەیی کاری لەسەر دەکەن، شانۆکانی منداڵان لە هەموو جیهان بڵاوبووەتەوە و بە ڕادەیەک زۆر بوون کە ناتوانرێت بژمێردرێن، بۆ نموونە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لە دوای جەنگی جیهانی دووەم (١١٢) شانۆی مرۆیی و (١١٠) لە شانۆی بوکەڵەی لەخۆگرتبوو، لەم سەردەمەشدا شانۆکان ژمارەی شار و لادێکانی تێپەڕاندووە.(هارف، ٢٠١٠: ١٣٧، ١٣٨)

له ڕاستیدا به تەواوی نازانرێت بۆ یەکەمجار کەی بوکەڵە وەک ئامرازێک بۆ کات بەسەربردنی منداڵان بەکارهاتووە، کە لە بنەڕەتدا وەک ئامرازێکی کات بەسەربردن دروستکراوە کە بۆ هەموو تەمەنێک گونجاو بێت . بەڵام زۆرێک لە توێژەران پێیانوایە شانۆی خەیاڵی سێبەری چینی یەکەم بووە کە شێوازی جووڵەی بوکەڵەیی گرتووەتەبەر، هەروەها هیرۆدۆت دیدگاکانی خۆی لەسەر میسرییە کۆنەکان بە بەکارهێنانی بوکەڵەی پەت (تەڕ) لە ئاهەنگەکانی ئۆزۆریس پێش (٢٥٠٠) ساڵ لەمەوبەر تۆمار کردووە، هەروەها کەلەپوری کولتووری هیندی ئاماژە بە بەکارهێنانی بوکەڵەی دار دەکات لە گێڕانەوەی شانۆگەرییە داستانییەکانی هیندستان، لێرەوە ڕوون دەبێتەوە کە هەموو کولتوورەکان نزیکن لەوەی کە لە ئەدەبیاتی هونەری جوڵاندنی بوکەڵە وەک شێوازێکی پەروەردەیی بەتاڵ نەبن . (المبارک واخران، ٢٠٢٢)

زۆرێک لە ڕەخنەگران پێیان وایە سەرەتای شانۆی منداڵان لە سەردەمی کۆن لە ئەوروپا بوونی هەبووە، بەو پێیەی هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ بوونی ئەو بوکەڵەیەی کە یەکێک بووە لەو هێمایانەی لە ڕێوڕەسمەکانیاندا بەکاریان هێناوە بە لەبەرچاوگرتنی وەک یەکێک لەو تۆوانەی کە ڕێگەی خۆشکرد بۆ شانۆی منداڵان کە لە ئێستادا ناسراوە، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندی نزیکی نێوان بووکەڵە و منداڵەکە (عبدالرحمن، ٢٠١٤: ١٥).

هەر لە کۆنەوە گرنگی بە شانۆ دراوە، چونکە وەک هونەرێکی شانۆ سیماو دیاردەیەکی شارستانییەو پەیوەندی بە پێشکەوتن و پایەبەرزی نەتەوەکانەوە خۆی دەرخستووە، لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین کە شانۆ بە باوکی هونەرەکان ناوزەند دەکرێت، شانۆ دەنگ و ڕەنگ و جوڵانی هەست و خۆشییەکان و ناخۆشییەکانی هەموو ئادەمیزادێک دەخاتەڕوو، ئەمیش لە پێناو ئەوەی کە وشەو کر دار و ڕەفتارەکانی مرۆڤایەتی دەرکەوێت و بە پیرۆزی بمێنێتەوە.

**٢-١-٢ جۆرەکانی شانۆی منداڵان:**

شانۆی منداڵان بەشێوەیەکی گشتی خۆی لە دوو جۆردا دەبینێتەوە لەڕووی (نواندن و ناوەڕۆکەوە)

**٢-١-٢-١لەڕووی نواندنەوە**

**١- شانۆی مرۆیی**

شانۆی منداڵی مرۆیی یەکێکە لەو فۆرمانەی کە نمایشەکان لە لایەن ئەکتەرەکانەوە پێشکەش دەکرێن کە گوزارشت لە کارەکتەرە مرۆییەکان یان کەسایەتییە مرۆییەکان دەکەن و چیرۆکی شانۆیی دەگێڕنەوە کە ئاراستەی منداڵ دەکرێت . (شعیب، ٢٠١٨: ١٥)



**وێنەی (٢-١) شانۆی مرۆیی**

**٢- شانۆی بوکەڵە**

بە جۆرێک لە جۆرەکانی نواندن پێناسە دەکرێت تیایدا جوڵەکان لەلایەن بوکەڵەوە ئەنجام دەدرێن، کە دەجوڵێنرێن لە پشت پەردەیەکەوە گونجاو بێت بۆ پێشکەشکردنی بابەتەکان بە سادەییەک کە لە نواندنی ئاساییدا بەردەست نیە، و زیاتر پشت بە جووڵە دەبەستێت نەک بە دیالۆگی زارەکی، کە بۆ منداڵان لە قۆناغی سەرەتایی خوێندن گونجاوە و دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ جۆرێک لە بابەتەکانی مەنهەجە فێرکارییەکان بکات وبە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و خۆشەویست و بیانخاتەڕوو بۆیان. (شعیب، ٢٠١٨: ١٥- ١٦)



شانۆی منداڵی مرۆیی تایبەتمەندە بەوەی کە دابەش دەکرێت بۆ سێ بەش، ئەوانیش:

أ. شانۆی منداڵ بە منداڵ: ئەو شانۆیەیە کە منداڵان خۆیان ڕۆڵی تێدا دەگێڕن و نمایشی شانۆگەرییەکانیان لەبەردەم بینەرێکی تردا دەکەن کە لە هەمان ئاست و پۆلدان .

ب. شانۆیەکە کە لەلایەن گەورەکانەوە ئامادە دەکرێت و لەلایەن گەورەکانەوە پێشکەش دەکرێت: فۆرمێکە گەورەکان بۆ منداڵان ڕۆڵی تێدا دەگێڕن.

ت. سەبارەت بە جۆری سێیەمی شانۆی منداڵانی مرۆیی، بەشێکە کە گەورەکان و کۆمەڵێک منداڵ بەشداری تێدا دەکەن بۆ پێشکەشکردنی نمایشی شانۆیی .

ئەم فۆرمانە هەمیشە سەرنج دەخەنە سەر ئەوەی کە شانۆکانیان و تەوەر و چیرۆکەکانیان ئاراستەی منداڵ بکەن جگە لە ئامانجی فێرکاری و پەروەردەیی و هونەری بەرامبەر ئەم پۆلە بە تایبەتی . (شعیب، ٢٠١٨: ١٥)

**٢-١-٢-٢ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە**

شانۆی منداڵان لەڕووی ناوەڕۆکەوە دابەش دەبێت بۆ پێنج جۆر، کە بریتین لە:

**١- شانۆگەری پەروەردەیی:**

زانیاری بە شێوەیەکی دڵخۆشکەر پێشکەش دەکات بۆ ئاسانکاری لە وەرگرتنی.

**٢- شانۆگەری مێژوویی:**

نوێنەرایەتی ڕووداوێکی مێژوویی دیاریکراو دەکات لە مێژووی نەتەوەیی یان کارەکتەرێکی مێژوویی پێشکەش دەکات.

**٣- شانۆگەری ئەخلاقی:**

نوێنەرایەتی ململانێی نێوان بەها باشەکانی مرۆڤ و خراپە دەکات.

.٤-- شانۆگەری کۆمەڵایەتی:

مامەڵە لەگەڵ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا دەکات.

**-٥- شانۆگەری ئاینی:**

باس لە یەکێک لە بابەتە ئایینیەکان دەکات، دواتر بە بەڵگە پشتگیری دەکرێت . (الشیخ، ٢٠٢١: ١٢٥)

**٢-١-٣ جۆرەکانی شانۆ لەڕووی پەروەدەییەوەە**

دەتوانین شانۆ لە ڕەهەندی پەروەردەیی خۆیدا بەسەر دوو جۆردا دابەش بکەین:

**٢-١-٣-١ شانۆکان کە مەبەستی پەروەردەیی لەخۆدەگرن:**

ئەم جۆرە شانۆگەرییە هەوڵدەدات هەندێک بەهای ئەخلاقی لە دڵی منداڵاندا بچێنێت وەک پابەندبوون بە شوێنکەوتنی ڕاستیەکان، ووتنی ڕاستییەکان، جیاکردنەوەی هەست و سۆز و ئەرک، یان جەختکردنەوە لەسەر گرنگی ڕاستگۆ بوون یان تەرکیزکردن لەسەر ڕاستگۆیی و ئەمانەت وەک بەهایەکی ڕەفتاری کە پێویستە مرۆڤ لە بەرامبەر سیفەتی خیانەتدا خاوەنی بێت، کە یەکێکە لەو خراپە ئەخلاقیانەی کە خاوەنەکەی بەرەو هیلاکی و مەرگ دەبات، لەوانەشە ئامانج لێی ڕاکێشانی سەرنجی منداڵان بێت بۆ ئەرک و بەرپرسیارێتی هاوڕێیەتی ...هتد . ئەم جۆرە شانۆیانە هەمیشە ئامانجی چاندنی بەها ڕەفتاری و پەروەردەیی و ئەخلاقییەکانە لە ڕوحی منداڵاندا هەبووە و ئەم ئامانجانە بەپێی جۆراوجۆری شانۆنامەکان دەگۆڕێت، هەروەها ئەو ئامرازانەی کە نوسەران بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە دروستی دەکەن جۆراوجۆرن، بۆیە

کەسانێک هەن پشت بە ڕووداوی مێژوویی یان کولتووری یان چیرۆکی دەبەستن، هەروەها کەسانێک هەن کە ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ ڕاستیدا دەکەن، ئەگەر زۆربەی شانۆکان بەدوای پێشکەشکردنی وتارێک یان وانەیەکدا بن، ئەوا شانۆگەرییەکانی دیکەش هەن کە وەڵامی پێداویستییەکانی سەردەم و ئامانجەکانی کۆمەڵگا دەدەنەوە، وەک پاراستنی ژینگە و کارکردن لەسەر پەرەپێدان و جوانکردن و گەشەپێدانی...هتد. واتە مادەی خۆی وەردەگرێت لە واقیعەوە.(شعیب، ٢٠١٨: ٢٨)

**٢-١-٣-٢ شانۆکان کە مەبەستی فێرکاری لەخۆدەگرن:**

ئامانجی ئەم شانۆگەرییانە جیاوازە لە شانۆگەرییەکانی پێشوو، بەو پێیەی سنووردارکراون بە مەبەستی فێرکاری یان کارایی، ئەم شانۆگەرییانە بۆ پێشکەشکردنی مادەی زانستی بە شێوەی شانۆیی سادە بۆ منداڵان نووسراون، لە ڕێگەیەوە دەتوانن لە ڕووداوە مێژووییەکان، تایبەتمەندییە جوگرافییەکان، زانستە سروشتییەکان، یان شتی دیکە تێبگەن، ئەم جۆرە شانۆیە دەتوانرێت لە ئاستێکی فراواندا بەکاربهێنرێت بۆ خستنەڕووی بابەت و مەنهەجی جۆراوجۆر، بە شێوەیەک کە منداڵەکە بە قوتابخانەکەیەوە یان یانەکەیەوە ببەستێتەوە بەهۆی جێگیربوونی و ئەو ڕۆڵە پەروەردەییە ئەرێنییەی کە دەیدات بە منداڵ لە پرۆسەی پەروەردەدا . کەواتە شانۆی منداڵان هەڵگری سیستمێکە لە بەها پەروەردەیی و فێرکارییەکان، ئەمەش وای لێدەکات ببێتە ئامرازێکی گرنگ لە پەروەردەکردنی منداڵان و گەشەپێدانی کەسایەتییان، لەڕووی عەقڵی و کۆمەڵایەتییەوە. (شعیب، ٢٠١٨: ٢٨، ٢٩)

فرەیی شێوەکانی شانۆی منداڵان ئەگەر مرۆیی بێت یان نمایشەکانی شانۆی بوکەڵە بێت واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم شێوەیە لە شانۆ زۆر گرنگە بۆ منداڵ، بۆ ئەوەی نەوەیەکی تازە پەروەردە بکرێت کە شارەزای هونەرە شانۆییەکان بێت بە هەموو جۆرەکانییەوە و سوودمەند بێت لە ئەزموون و زانین و ئەو بەهایانەی کە لە نمایشەکان خراونەتە ڕوو، ڕەنگە سروشتی ئەم فۆرمە شانۆیانە بتوانێت وا بکات کە چەندین تایبەتمەندی هاوبەشیان هەبێت، هەیانە پەیوەندی بە بابەتی دەقەکان و ئامانجەکانیانەوە هەیە و هەیانە پەیوەندی بە تایبەتمەندی هونەری جوانکارییەوە هەیە . (عبدالرحمن، ٢٠١٤: ٣٤)

دوو بواری سەرەکی کە هەمیشە منداڵی لەسەر پەروەردە دەکرێت و هانی منداڵی لەسەر دەدەرێت بواری پەروەردەو فێرکردنە، لەم چوارچێوەیەشدا شانۆی بوکەڵە ڕۆڵ و گرنگی خۆی هەیە، چونکە خودی دروستبوونی شانۆی بوکەڵە لەو پێناوەدا بووە، بە مەبەستی پەروەردەیی و فێرکاریی، هەر بۆیە لە نمایشی دەقە شانۆییەکاندا ئەم دوو بوارە بەردەوام خراونەتەڕوو و گرنگی پێدراوە.

**٢-١-٤ جۆرەکانی شانۆی بوکەڵە:**

شانۆی بوکەڵە جۆرێکە لە جۆرەکانی دراما، تێیدا بوکەڵەی شێوەداری بچووک و خولاوە نواندن دەکات کە لە خوارەوە ڕاستەوخۆ بە دەستی بوکەڵەبازەکە کۆنترۆڵ دەکرێت، یان بە دار، یان بوکەڵەکان لە سەر شانۆ نواندنیان پێ دەکرێت بە پەت (تار) و شێوە . (الغزالی، ٢٠٠٤: ١٣١)

شانۆی بوکەڵە چەندین شێوەی هەیە، مامۆستا ئازادییەکی تەواوی هەیە لە هەڵبژاردنی ئەو شانۆیەی کە دەیەوێت لە هۆڵی چالاکیدا کاری تێدا بکات، بە مەرجێک گونجاو بێت بۆ جۆری ئەو بووکەڵەیەی کە بەکاری دێنێت و ژمارەی ئەو بووکەڵانە . (عبد المقصود و اخرون، ٢٠١٨: ٧٢)

**٢-١-٥ فۆرمەکانی شانۆی بوکەڵە:**

فۆڕمەکانی شانۆی بوکەڵە خۆی لە چەند شێوەیەکدا دەبینێتەوە، کە بریتین لە (٧) جۆرشانۆی بوکەڵە بەم شێوانەی خوارەوەن:

١. **شانۆی پەڕە یان بەرگ**

یەکێکە لەو شانۆیانەی کە گونجاوە بۆ ئەو نمایشانەی کە ژمارەیەکی زۆر لە بوکەڵە لەخۆدەگرێت بەهۆی ئەوەی کە ڕێگە بە مەودایەک دەدات کە تێیدا بتوانرێت کۆنترۆڵی جووڵەی بوکەڵە بکرێت، ئەویش پشت بە پەڕەیەک یان دۆشەکێک دەبەستێت کە دەتوانرێت لە نێوان هەر وەستانێکدا درێژ بکرێت و لە نێوان دوو لێواری دەرگایەک یان پەنجەرەیەک یان لە نێوان دوو لێواری دوو پەنجەرەدا جێگیرکراون بەجۆرێک کە بۆشاییەک هەبێت کە یاریزان و بووکەکان بتوانن بە ئاسانی بوەستن، یاریزانەکان لە پشت پەڕەکەوە دەوەستن و لەسەرەوە بوکەڵەکە بە لێواری سەرەوەی دەیجوڵێنن.(عبد المقصود و اخرون، ٢٠١٨: ٧٢)



**شێوەی (٢-٢) فۆڕمەکان شانۆی بوکەڵە**

### ٢. شانۆی مێز

لێرەدا مێزەکە وەک بۆشاییەک یان مەودایەک بۆ جووڵە بەکاردێت، دوای ئەوەی پەردەیەک لەسەر لایەک دادەنێین کە ڕوو لە بینەران دەکات لەناو لایەکانی مێزەکەدا و لە نێوان قاچەکانی مێزەکەدا جێگیر کراوە بۆ شاردنەوەی ئەو یاریزانەی کە بوکەڵەکان دەجوڵێنێت لە پشت مێزەکەوە، لە دۆخی دانیشتن بێت یان لەسەر ئەژنۆ بێت. (عبد المقصود و اخرون، ٢٠١٨: ٧٣)



**وێنەی(٢-٣) شانۆی میز**

### ٣. شانۆی بۆکس (سندوق)

پشت بە بیرۆکەی شانۆی مێز دەبەستێت، بەڵام لەبری ئەوەی سەر مێزەکە وەک شوێنێک بۆ جووڵە بەکاربهێنرێت، بۆکسێک لە شێوەی چوارگۆشە بەکاردەهێنرێت کە دەتوانرێت ئامادە بکرێت و بۆکسەکە لەسەر مێزەکە دادەنرێت و یاریزانەکە لە پشتیەوە دادەنیشێت و دەرچەی بۆکسەکە وەک چوارچێوەیەک بۆ جوڵاندنی بوکەڵەکان بەکاردەهێنێت . (عبد المقصود و اخرون، ٢٠١٨: ٧٣)



**وێنەی (٢-٣) شانۆی بۆکس**

### ٤. شانۆی کردنەوەی دەرگا

هەمان بیرۆکەی شانۆی پەڕەیە بەڵام قاچەکان لێرەدا دەرچەی یەکێک لەو دەرگایانە دەبن کە بینەرەکان تیایدا دانیشتوون لە لایەک و بووکەڵەکانیش لە لایەکی ترەوە . (عبد المقصود و اخرون، ٢٠١٨: ٧٣)



**وێنەی (٢-٤) شانۆی کردنەوەی دەرگا**

### ٥. شانۆی پەنجەرە

شوێنی گونجاو بۆ نمایش لێرەدا یەکێکە لە ژوورەکانی نهۆمی خوارەوە یان هەر ژوورێک کە مرۆڤ دەتوانێت لە دەرەوەی پەنجەرەکانییەوە بوەستێت لە کاتێکدا ئامادەبووان لەناو ژوورەکەدا دادەنیشن، یاریزانەکان لە دەرەوە وەستاون و بوکەڵەکانیان لە دەرچەی پەنجەرەکەوە دەجولێنن کە لێرەدا وەک شوێنی جووڵاندن کاردەکات. (عبد المقصود و اخرون، ٢٠١٨: ٧٣)




**وینەی (٢-٥) شانۆی پەنجەرە**

**٦. شانۆی بچووک**

شـــانۆیەکە لە ســـێ پـــارچەی "ســـێ لایەنـــی" پێکهـــاتووە، بە هێـــنجە کانزاییەکـــان بە یەکەوە بەســـتراوەتەوە و لە دار یـــان کـــارتۆن دروســـت دەکرێـــت و لەم حـــاڵەتەدا هەرســـێ لاکە بەیەک دەگەیەنرێت بە چەن پارچەیەک لە قومـاش یـان تـارێکی گونجـاو دەبەسـترێتەوە، ئەم جـۆرە لە شـــانۆ دەتوانرێـــت بچەمێنـــرێتەوە و بجوڵێنرێـــت، ئەم شـــانۆیە لەگەڵ بـــوکەڵە بچووکەکانـــدا بەکاردەهێنرێت و دەتوانرێت وەک شانۆی مێز بۆ بوکەڵەی دەستکێشی بچووک بەکاربهێنرێت هەروەها وەک شانۆیەک بۆ بوکەڵەی خەیاڵی سێبەر و وەک شـانۆیەک بۆ بوکەڵەی مـاریۆنێتی بچووک بەکاربهێنرێت. . (عبد المقصود و اخرون، ٢٠١٨: ٧٣)



**وێنەی (٢-٦) شالنۆی بچووک**

**٧. شانۆی بوکەڵەی گەورە**

لە سێ لای دار پێکهـاتووە، دووان لەو سێ لایە هەریەکەیـان پێکهـاتووە لە چوارچێوەیەکەی دار بە درێژییەکـــی گونجـــاو و بە قوماشـــێکی ئەســـتوور یـــان ڕەنگاوڕەنـــگ داپۆشـــراوە، ئەم چوارچێوەیەش لە چوار قاچی دار دروستکراوە و بە سیکۆتین یان بزمار جێگیر دەکرێت، بۆ جوڵاندنی ژمارەیەکی گونجاو لە بوکەڵە و شاردنەوەی بەشی خوارەوەی دوو یان سێ یاریزان . (عبد المقصود و اخرون، ٢٠١٨: ٧٣)



**وینەی (٢-٧) شانۆی بوکەڵەی گەورە**

شانۆی بوکەڵە یەکێکە لە گرنگترین تەکنیکە دراماتیکییەکان کە دەتوانرێت پەنای بۆ ببرێت بۆ ئەوەی لە دەرهێنانی نمایشە شانۆییەکان کە ئاڕاستەی منداڵ دەکرێت بەکاربهێنرێت، دیمەنە دراماتیکیەکان و توندی ڕووداوەکانیان بە شێوەیەکی جووڵەیی داینامیکی نمایش دەکرێن، ئەم جۆرە شانۆیەش نزیکە لە حەزەکانی منداڵەوە لە ڕووی عەقڵی و سۆزداری و هەستی و جووڵەییەوە، هەروەها ئەم جۆرە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش حەزەکانی منداڵ داگیر دەکات کە دەیانخاتە پێکەنین و دواتر کات بەسەربردنی فیکری و پەروەردەیی دەدات پێی . (عبدالامیر، ٢٠١٧: ١٤)

بوکەڵەش لە بەرامبەردا دابەش دەبێت بەسەر دوو جۆری بنەڕەتیدا: -بوکەڵە یان بووک- کە بە پەت یان تەوەر دەجوولێنرێت و پێی دەوترێت (ماریۆنێت) و (بوکەڵەی دەستکێشی) کە لە دەستدا دادەنرێت و هەر بە دەست دەجوڵێنرێت . (شعیب، ٢٠١٨: ١٥، ١٦)

دەتوانرێت لە ڕێگەی شێوازی مامەڵەکردن و جوڵاندنی بوکەڵەکەوە جۆرەکەی دیاری بکرێت، بۆ نموونە: جووڵاندن بە یارمەتی پەنجە، دەست، جەستە، پەت... بۆیە ناوی جۆری بووکەڵە ڕەنگ دانەوەی شێوازی کارکردنیەتی، واتە دەڵێین بووکەڵەی پەنجە- بووکەڵەی دەست.....هتد . (شعیب، ٢٠١٨: ١٥، ١٦)

بوکەڵە شانۆییەکان کارەکتەری دەستکردن، کە نواندنی کارەکتەری مرۆیی، ئاژەڵی، ڕووەکی، کە بە دارە تەنکەکان بە شێوەیەکی نەبینراو دەجوولێنرێن، بەڵام بووکەڵە بە پەت یان وایەری نەرم و تەنک دەجوولێنرێن. (شعیب، ٢٠١٨: ١٥، ١٦)

شانۆی بوکەڵە جیاوازە لە شێوەکانی تری شانۆ بە گشتی و شانۆی منداڵ بە تایبەتی، بۆیە بۆمان دەردەکەوێت کە چەن جۆرێکە بەپێی سروشتی بووکەکە یان بوکەڵەکە و تەکنیکەکانی جووڵاندنی و نواندن لەڕێگەیەوە، هەروەها واتا و دەربڕینەکانی لە پرۆسەی نواندندا، بۆ نمونە

بوکەڵە هەیە بە دەست دەجولێنرێت و هەیە بە ڕاکێشانی پەتەکان دەجولێنرێت.... لەوەوە شانۆی بوکەڵە بەپێی شێوەی بوکەڵە و تایبەتمەندییەکانی دابەشکراوە . (عبدالرحمن، ٢٠١٤: ٢٨)

شانۆی بوکەڵە لەگەڵ حەزو پێداویستییەکانی منداڵاندا گونجاوە، هەر ئەمەش وایکردووە کە چەندین جۆر لە بوکەڵەو لە جۆری بوکەڵە نمایشبکرێت و چەندین جۆر بوونی هەبێت، هەر جۆرێکیش تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەیە بۆ منداڵان، منداڵان لەو ڕێگەیەوە پێداویستییە ژیریی و دەرونی و ڕەفتارەکانیان خۆیان بەدەست دەهێنن.

**٢-١-٦ جۆرەکانی بوکەڵە:**

بوکەڵە جۆری زۆری هەیە و دەتوانرێت بەپێی چەند فاکتەرێک دابەش بکرێت، لەڕووی فاکتەری شێوەوە بوکەڵەی زەبەلاح و بوکەڵەی بچوک و نیو بوکەڵە هەیە، بوکەڵەی پڕکراو و پڕنەکراویش هەیە . لەڕووی وێنەوە دەتوانین باسی بوکەڵەی مرۆیی و بوکەڵەی ڕووەکی و بوکەڵەی ئاژەڵی و بوکەڵەی بێ گیان بکەین و هەروەها بوکەڵەی بوونەوەرە ئەفسانەییەکان کە لە جنۆکە و بوونەوەرە نامۆکان و ئەوانی تر پێکدێن . لەڕووی ئەو مادەیەی کە بوکەڵەکانی لێ دروست دەکرێت دەبێتە چەند جۆرێک: بوکەڵەی تەڕ (پەت)، بوکەڵەی دار، بوکەڵەی کاغەز، بوکەڵەی پلاستیکی، بوکەڵەی لۆکە، بوکەڵەی کوتاڵ . دەکرێت بوکەڵە دابەش بکرێ بە پشت بەستن بە هەندێک توخم وەک سەرچاوە و تەکنیکەکانی نمایش و شێوازی جوڵاندن . (جرجس، ٢٠١٠: ١١٧)

**جۆرەکانی بوکەڵە (٦)جۆرن بەم شێوانەی خوارەوە:**

**١. بوکەڵەی دار**

بەهۆی پشت بەستنیان لەجووڵەدا بە داری دەست و قۆڵەکان پێیان دەوترێت بوکەڵەی دار کە بێ سنوور دەجولێن و چالاکییان هەیە، ئەم بوکەڵانە بە تەواوەتی و شکۆمەندییان جیا دەکرێنەوە بەو پێیەی ماددەیەکی دیاریکراو لەسەریان دادەنێن بۆ پێکهێنانی سەری بووکەڵەکە، هەروەها کۆنتورەکانی دەموچاوەکە دەکێشن بەپێی ئەو ڕۆڵەی بووکەڵەکە دەیگێڕێت، دارەکە بە قوماش دادەپۆشرێت و ئەکتەرەکە دەیگرێت و دەیجولێنێت بە شێوەیەک کە گونجاو بێت لەکەڵ ڕووداوەکانی چیرۆکەکە(الدسوقی، (٢٠١٨: ٨٧٣، ٨٧٤)



**وێنەی (٢-٨) بوکەڵەی دار**

**٢. بوکەڵەی دەستکێش**

سادەترین و ئاسانترین جۆری بوکەڵەن لە دروستکردنیان و جوڵاندنیان و شێوەیان، سەر و قۆڵێکی کونیان هەیە و جەستەیەکی درێژ کە لە قۆڵی جلێک دەچێت، ئەو هونەرمەندەی دەیجوڵێنێت دەچێتە ناو جەستەی و بە ڕێگەی پەنجەکانی خۆی سەر و قۆڵەکانی کۆنترۆڵ دەکات .(الدسوقی، ٢٠١٨: ٨٧٤)

بووکەڵە دەستکێشەکان بەپێی شێوەی خۆیان و شێوازی جوڵاندنیان بەسەر دوو بەشدا دابەش دەبن، بوکەڵە هەیە کە دەمی دەجوڵێت، بوکەڵە هەیە کە دەستی دەجوڵێت، هەروەها بوکەڵە هەیە کە دەتوانرێت لەلایەن زیاتر لە نمایشکارێکەوە بجوڵێنرێت . بووکەڵە دەستکێشەکان سەرنجڕاکێشترن بۆ منداڵ بەهۆی ئەو خۆشەویستییەی کە بۆ بووکەڵەکە هەیەتی و ئەو کاریگەرییە دەروونییەی کە هەر لە منداڵییەوە لەسەر کەسایەتییەکەی بەجێی دەهێڵێت کە زۆربەی کات منداڵان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی منداڵیدا ڕادەکێشێت.(عبدالرحمن، ٢٠١٤: ٢٩)

بەڵام نابێ ئەوەمان بەسەردا تێپەڕبێت کە ئەم بوکەڵانە سەرەڕای سادەییان، پێویستیان بە لێهاتوویییەکی گەورەیە لە دەربڕیندا و ئەوەی کاری لەسەر دەکات دەبێت پلەیەکی بەرزی ئامادەکاری تەکنیکی و ڕاهێنانی دەستی هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بەم ئەگەرە سادانە جۆرە جیاوازەکانی دەربڕین پێشکەش بکات، لە ڕاستیدا سادەیی لە دروستکردن و پێکهێنانیاندا هەموو بارگرانییەکە دەخاتە سەر نواندن و دەربڕین، بۆیە لێرەوە ئەو سەختییەی کە ڕووبەڕووی یاریزان دەبێتەوە ڕووندەبێتەوە . (عبد المقصود و اخرون، ٢٠١٨: ٧٥)



**وێنەی (٢-٩) بکەڵەی دەستکێش**

### ٣. بوکەڵەی ماریۆنێت

زیاترین جۆرە کە جێگەی ڕەزامەندی جەماوەرە و باوترین جۆرە، ئەو بوکەڵانە دەگرێتەوە کە یاریزان دەیانجوولێنێت بە تاڵە جێگیرەکان لەو بەشانەی بووکەڵە کە دەیەوێت بیجوولێنێت بەپێی ڕۆڵی خۆی. بوکەڵەی ئەم شانۆیە زیاتر لە دار دروستکراوە بە مەرجێک قەبارەی بوکەڵەکە لەگەڵ قەبارەی ئەو شانۆیەدا بگونجێت کە لەسەری دانراوە و بوکەڵەیەکی جومگەدارە، بە تاڵەکان دەجوولێت کە کۆتاییەکانی لەلایەن یاریزانەکانەوە لە سەرووی تەختەی شانۆوە دەکێشرێن .(الدسوقی، ٢٠١٨: ٨٧٤)

بوکەڵەی ماریۆنێت جۆرێکە لە بووکەڵە کە پێویستی بە ڕاهێنان و هەوڵێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی بتوانیت سوودی لێ وەربگریت و کاری پێبکەیت، بێگومان دەتوانیت بە شێوەیەکی سادە دروستی بکەیت کە پەیوەستە بە جێگیرکردنی هەندێک بەش لە جەستە بە یەکترەوە و پاشان جووڵاندنی بە سادەیی لە ڕێگای پێجان . هونەری ماریۆنێت هەزاران ساڵە لەلایەن مرۆڤەوە ناسراوە، ماریۆنێت هونەرێکە تێچووی زۆری دەوێت بەو پێیەی شانۆی بووکەڵەکان پێویستی بە بیناسازی و ڕووناکی تایبەت هەیە، جگە لە بووکەڵەی (ماریۆنێت) کە لەناو هەموو جۆرە بووکەکاندا بە گرانترین بووک دادەنرێت . (المبارک و اخرون، ٢٠٢٢: ٣٢٠)



**وێنەی (٢-١٠) بوکەڵەی ماریۆنێت**

### ٤. بوکەڵەی خەیاڵی سێبەر

هونەری خەیاڵی سێبەر بە یەکێک لە هونەری نواندنە ناڕاستەوخۆکان دادەنرێت کە لە هونەرە باوەکانەوە سەریهەڵداوە، کە نوێنەرایەتی هونەرێکی شانۆیی یەکگرتوو دەکات و زۆرێک لە چیرۆکی خەیاڵی و ڕووداوی کاریگەر و ئەفسانەکانی ئەسپسواری وێنا دەکات.(الدسوقی، ٢٠١٨: ص٨٧٤)

دواتر هونەری خەیاڵی سێبەر یەکێکە لە هونەرەکانی شانۆی بوکەڵە و ئەم هونەرە لە ڕابردوودا بە هونەری خەیاڵی سێبەر ناودەبرا چونکە هونەرێکە پشت بەو سێبەرە دەبەستێت کە لە ئەنجامی جوڵاندنی شێوە و هێماکانی چیرۆکەکەوە دروست دەبێت و دەدرەوشێتەوە بە هۆی ڕووناکییەک لەسەر پاشبنەمای پەردەیەکی سپی، ئەم هونەرە تا ئێستاش پەسەندە لای گەورە و بچووک . (حلمی، ٢٠١٦: ٢٧٨)



**وێنەی (٢-١١) بوکەڵەی سێبەر**

### ٥. بوکەڵەی دەمامک

ئەو بووکەڵانەن کە تەنها دەموچاو دادەپۆشن، دانانی ئەم دەمامکانە ڕزگاربوونە لە هەستی شەرمەزاری، هەر بۆیە منداڵەکان هەستەکانیان دادەبەزێنن و دەریدەخەن لەکاتێکدا لە پشت دەمامکەوە خۆیان حەشارداوە.(الدسوقی، ٢٠١٨: ٨٧٤)



**وێنەی (٢-١٢) بوکەڵەی دەمامک**

٦. **بوکەڵەی پەنجە**

ئەو بووکانەن کە قەبارەی پەنجەیەکیان هەیە و لە کاغەز یان قوماش دروست دەکرێن، دەتوانرێت قژ و دەست و قاچیان بۆ زیاد بکرێت و وێنەی تایبەتمەندی سادە بکێشرێت . لە ڕاستیدا ئەو چیرۆکە بچووکانەی کە هاوڕێی بوکەڵە پەنجەکانن سەرنجی منداڵ ڕادەکێشن و هۆشیاری بەرز دەکەنەوە لە ڕێی توانای دەستەکانی و پەیوەندی نێوان جوڵەی دەست و پەنجەکان و ڕیتمی قسەکردن . (الدسوقی، ٢٠١٨: ٨٧٥)

ئەم جۆرەش سادەیە، مۆدێلێکی بچووکی ئاژەڵێک یان یارییەک لەسەر پەنجە دادەنرێت و منداڵ یان مامۆستا دەست دەکات بە جووڵاندنی بە ئاسانی و نەرم و نیانی . (المبارک و اخرون، ٢٠٢٢: ٢٣٣)



**وێنەی (٢-١٣) شانۆی پەنجە**

جۆری جیاوازی بوکەڵەی خەیاڵی سێبەر هەیە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. بوکەڵە لە کاغەزی کارتۆن دروستکراون، نواندنی ئەو کارەکتەرە دەکات کە چیرۆکەکە پێشکەشی دەکات، ئەم جۆرە ئاسانترین جۆری بوکەڵەیە بۆ منداڵ.
٢. بوکەڵە لە ڕیشاڵی وایەر، کە منداڵ دروستی دەکات لە ڕێگەی نوشتانەوی وایەرەکە بە پێی جۆرەکە،
٣. بوکەڵەی سێبەری ڕەنگاوڕەنگ، کە بە ڕەنگاوڕەنگی دروست دەکرێت لە جۆرەکانی کارتۆنی سپی و ڕۆن بەکاردێت بۆ ئەوەی شەفافیەتی زیاتر بە کاغەزە ببەخشێت.
٤. ئەو پەیکەرانەی کە لە هەویری کاغەز یان داری ورد دروست دەکرێن و تێکەڵ بە سیکۆتینی ئەستور دەکرێن . (عیاد، ٢٠١٢: ١٢٧، ١٢٨)

### ٢-١-٦-١ جۆری تری بووکەڵە

لەگەڵ ئەو جۆرانەی کە لەسەرەوە باسکران چەند جۆرێکی تری بوکەڵەش هەن، کە بریتین لە:

١. **بوکەڵەی کاغەزی:**

کە تێیدا دەتوانرێت کیسی کاغەز بەکاربهێنرێت بەجۆرێک کە کۆتایی کیسەکە بەرەو ناوەوە بچەمێنینەوە وەک شێوەی چەمانەوەی چەناگەی سەرەوە و خوارەوە کە بە ڕێگەی پەنجەکان دەجوولێنرێت . (الکلاک، ٢٠١٣: ٨٨)

٢. **بوکەڵەی ئیسفەنجی:**

دەتوانرێت ڕیشاڵی ئیسفەنجی بەکاربهێنرێت و کونی تێدا بکرێت بە شێوەیەک بتوانرێت پەنجەکان و پەنجە گەورە بخەینە ناوەوە و بیانجولێنین، لەسەر ئیسفەنجەکە شێوەی ئەو دەموچاوەی کە دەمانەوێت جێگیر دەکەین و چاو و قژ و دەم دەچەسپین لەسەری . (الکلاک، ٢٠١٣: ٨٨)

بەزۆری قەبارەیان گەورەترە لە قەبارەی مرۆڤ و یاریزانەکان لەبەری دەکەن و بە ئازادی دەجوولێن، لە نمایش و ئاهەنگ و فێستیڤاڵەکاندا بەکاردەهێنرێن . (الکلاک، ٢٠١٣: ٨٩)

### ٢-١-٧ سوودەکانی بوکەڵە بۆ منداڵان

سەبارەت بە سوودەکانی شانۆی بوکەڵە بۆ منداڵان (عبدالقادر، ٢٠١٨) چەند سوود و لایەنێکی گرنگی شانۆی بوکەڵە بۆ منداڵان دیاری دەکات کە بریتین لە:

١. منداڵان فێری کارمەییەکانی ژیان دەکات لە بابەتەکانی ناوماڵ، وەک دروستکردنی خانووچکە و شێو لێنان و یاری بوکەڵە بۆ کچان.
٢. منداڵ فێری ئەو چالاکیانە دەکات کە پەیوەندی بە هاتووچۆوە هەیە، وەکو سواربوونی ئۆتۆمۆبێل و پاسکل، یان وەک ئەندازیارێک خۆی دەردەخات، یان وەک دەریاوانێک، یان وەک فڕۆکەوانێک، یان وەک شۆفێرێک ...هتد.
٣. منداڵ فێری چۆنییەتی مامەڵەکردن دەکات لەکاتی کڕین و فرۆشتندا.
٤. زۆرجار منداڵ لە چەمکەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵەکان فێر دەبێت و زۆرجاری ڕۆڵی پۆلیس دەبینێت لە ڕووبەڕوونەوەی تاوان.
٥. ڕۆڵ بینین وەکو پیاوی ئاگر کوژێنەوە.
٦. زانینی کاریگەرییەکانی مردن و کوشتن لەسەر دەروونی.
٧. بینینی ڕۆڵی کەسایەتییە خەیاڵییەکان. (عبدالقادر، ٢٠١٨: ١٠٦)

### ٢-١-٨ پێکهاتەکانی شانۆی بوکەڵە:

پێکهاتە و توخمە بنەڕەتییەکانی دەقە شانۆییەکاندا بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

١. بیرۆکە: ئەو بابەتە سەرەکیەیە کە باقی ڕووداو و هەڵوێست و وردەکارییەکان لەسەری بنیات نراون و لە دەوری کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی لە مێشکی بینەردا بە ڕوونی دیار بێت.

٢. بنیاتنانی درامی: دەبێت زیندوو و بەردەوام بێت، بە لەبەرچاوگرتنی شوێنپێهەڵگرتن و بیرهێنانەوە و تێگەیشتن و بەستنەوەی ڕووداوە جیاوازەکان و توانای تەرکیزکردن. شانۆگەرییەک کە لە یەک بەش پێکهاتبێت باشترە بۆ قۆناغی باخچەی منداڵان.

٣. کات و شوێن: ئەمەش بەندە بە قۆناغی گەشەکردنی منداڵەکە، کە پلەی تەرکیزی منداڵەکە لە دە خولەک تێپەڕ ناکات.

٤. کارەکتەرەکان: زۆرجار شانۆگەرییەکە یەک یان دوو کارەکتەر لەخۆدەگرێت کە لە سەرەتاوە ڕووداوەکان بەدەوریاندا دەسوڕێنەوە. پێویستە ژمارەیان کەم بێت و نیشانەیان ڕوون بێت.

٥. زمان: زمانی شانۆگەرییەکە دەبێت بە شێوازێکی ئاسان و لە ڕستەی گونجاودا بێت و لە فەرهەنگی ئەو وشانە بێت کە منداڵەکە دەیزانێت.

٦. سیناریۆ: پێکهاتەی شانۆگەرییەکە یان دێڕە سەرەکییەکانی ئاشکرا دەکات واتە بریتییە لە پوختەیەکی تەواوی شانۆنامەکە، سیناریۆی باش ڕێگە بە نەرمی و ڕێژەیی دەدات.

٧. دیالۆگ: نمایشی سەرەکی دەربڕینە لە شانۆنامەکەدا و پەیوەستە بە جووڵەی نەرمکردنی دەنگ و دیالۆگی زیرەک چێژێکی شانۆیی دەدات بە ئەکتەرەکان و بینەرەکان بە هەمان شێوە و دەبێتە ڕواڵەتی سۆزداری شانۆنامەکە و ناوەڕۆکە واتاسازییەکەی .

٨. ڕووداو: واتە ئەو هەڵوێست و ڕاستی و ڕووداوانەی کە شانۆگەرییەکە لەخۆی دەگرێت، لە شانۆی منداڵاندا پێویستە دۆخ و ڕاستییەکان لەسەر بنەمای سادە و نزیک لە ئەزموونەکانی منداڵ دابنرێن تا بتوانن لێی تێبگەن و کارلێکیان لەگەڵدا هەبێت.

٩. ڕووناکی:- چەند جۆرێکی هەیە لەوانە:

أ. گشتگیر: ڕووناککردنەوەی شانۆ یان وێناکردنی کەش و هەوای گشتی شانۆگەرییەکە.

ب. زەوی و لایەنی: ئەم ڕووناکییە زۆر گرنگ و ژیانییە لە شانۆی خەیاڵی منداڵاندا.

١٠.ڕازاندنەوە و دیمەنەکان: توخمێکی گرنگە، کاریگەری بینراوی ڕازاندنەوە لەگەڵ مۆسیقا و جلوبەرگ پێکەوە ساتەکان لەسەر شانۆ دروست دەکات./

١١.بینەر: ئەو بەستەرەیە کە تیایدا بیناسازی شانۆیی تەواو دەبێت، منداڵان لە زیرەکترین بینەرەکانن، ئەگەر حەزیان لێی بێت تێکەڵی دەبن بە هەستەکانیان. (المبارک واخرون، ٢٠٢٢)

**٢-١-٩ بەهای پەروەردەیی و زانستی لە شانۆی بوکەڵەدا:**

شانۆی بوکەڵە بە یەکێک لە گرنگترین و ئاست بەرزترین ئامرازە پەروەردەییەکان دادەنرێت، چونکە مامەڵە و گفتوگۆ لەگەڵ هەستە جیاوازەکانی منداڵ دەکات، جگە لەوە یەکێکە لە کاریگەرترین ئامرازەکانی پەیوەندی جەماوەری لە بواری منداڵیدا و لە هەموو میدیا پەروەردەییەکانی دیکە باشترە، بەو پێیەی توانای ئەوەی هەیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ گفتوگۆ لەگەڵ منداڵ بکات و توانای پێدانی نموونەی هەیە بە شێوەیەکی بەرجەستەتر. (عبد المقصود و اخرون، ٢٠١٨: ٦٩)

دەکرێت بڵێین شانۆی منداڵ لە بواری ڕێنمایی منداڵان و گەشەپێدانی تێڕوانینەکانیان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە و بە بەردی بناغەی پەروەردەی مۆدێرن دادەنرێت، بەو پێیەی پەرە بە چەمکی پەروەردەیی و ئەخلاقی و ڕەفتاری و ڕۆشنبیری و فێرکاری منداڵ دەدات و بەهرە هونەری و داهێنەریەکانیان سەوز دەکات کە هەڵگری تایبەتمەندییە جوانکارییەکانیانن، هەتاوەکو بتوانن ڕووبەڕووی گۆڕەپانی جەنگی ژیانیان ببنەوە دوای ئەوەی کە بە زانست و مەعریفە چەکدار بوون. (عبدالامیر، ٢٠١٧: ١٠)

دەروونناسەکان جەختیان لە گرنگی یاریکردن بۆ منداڵ کردووەتەوە، بەو پێیەی ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە بواری پەروەردەیی کە وەک ئامرازێک یان یارمەتیدەرێکی ڕوونکردنەوەی پەروەردەیی بۆ یارمەتیدانی منداڵانی بچووک لە بەدەستهێنانی کارامەیی بەکاردێت، دەتوانرێت وەک ئامرازێکی کات بەسەربردن و ئامرازێکی پەروەردەیی لەبەرچاو بگیرێت لە هەمان کاتدا، شانۆی بوکەڵە یەکێکە لە ئامرازە فێرکارییە پەروەردەییەکان کە وامان لێدەکات بیرۆکەکان بخەینە ڕوو لەڕێگای نزیککردنەوەیان لە هەمان منداڵ بە ڕێگەی جیاواز، لەبەر ئەوەی شانۆگەرییە بوکەڵەییەکان دەرفەت دەدەن بە منداڵ بۆ بەشداریکردن لە کاری شانۆیی، هەروەها دەرفەتی خوێندنیش دەڕەخسێنێت بۆ منداڵ بە دابینکردنی ئەزموونی پەروەردەیی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی پراکتیک و بەها فێرکاری و پەروەردەییەکان پەیوەست بە گۆڕینی ڕەفتاری منداڵ بۆ باشتر . (الغزالی، ٢٠٠٤: ١٣٨)

شانۆگەرییە بوکەڵەییەکان ژمارەیەکی زۆر بەها و سوود لەخۆدەگرن کە لە پەروەردە و فێرکرنی منداڵ بەکاردەهێنرێن، دەتوانرێت بەم شێوەیە کورت بکرێنەوە:

١. بووکەڵەکان یارمەتیدەرن بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانە، شانۆی بوکەڵە توانای پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەی هەیە لە منداڵی قۆناغی پێش قوتابخانەدا، هەروەها بووکەڵەکان چەندین دەرفەت دەڕەخسێنن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، پێشکەشکردنی بوکەڵە بۆ منداڵان توانای داهێنانیان زیاد دەکات و زۆرترین کاریگەری لەسەر منداڵانی بچووک هەیە لە باشترکردنی ئەزموونەکانیان و پەرەپێدانی بەها کولتوورییەکان.

٢. شانۆی بوکەڵە خەیاڵ و خۆشی دەوروژێنێت، شانۆی بوکەڵە وەک شێوازی پێشکەشکردنی چیرۆک بەکار دێت بۆ گەشەپێدانی خەیاڵی منداڵی باخچە، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر گەشەکردنی خەیاڵیان و هاوبەشکردنی بیرۆکەکانیان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا .

٣. بوکەڵەکان منداڵ لە دەرکەوتنەکانی شەرمنی و پەروەردە ڕزگار دەکەن، زۆر ناخایەنێت بە تێکەڵبوون لەگەڵ بوکەڵەکەدا یان تێکەڵی قسەکردنی منداڵەکە لادەبرێت، ئەمەش متمانەی پێدەبەخشێت و دڵەڕاوکێ ئاشکرا دەکات و گرژی ناهێڵێت، بەکارهێنانی شانۆی بوکەڵە لەگەڵ منداڵان یارمەتیدەرە بۆ گەشەپێدانی زمان و پەیوەندی و زاڵبوون بەسەر گۆشەگیری دەروونی و بنیاتنانی متمانە بەخۆبوون و دەربڕینی هەستەکان.

٤. بوکەڵەکان یارمەتیدەرن بۆ پەرەپێدانی هەندێک هەڵوێست و ڕەفتاری ئەرێنی وەک گوێڕایەڵی هاوتەمەنەکانیان و هاوکاری و خۆکۆنترۆڵکردن و بەشداریکردنی سۆزداری و وەرگرتنی بەرپرسیارێتی، ئەزموونکردنی ئەو دۆخانە کە دەیبینێت.

٥. بوکەڵەکان یارمەتیدەر دەبن بەدرێژایی ماوەی گرنگیدان بە منداڵان و بەهێزکردنی هۆشیاری منداڵەکە خۆی و بنیاتنانی وێنەیەکی ئەرێنی بۆ خود . (الدسوقی، ٢٠١٨: ٨٧٢ – ٨٧٣)

**٢-١-١٠ کاریگەری شانۆی بوکەڵە لەسەر منداڵ:**

زانایانی پەروەردە لەسەر ئەوە کۆکن کە پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان شانۆی منداڵ و ڕۆشنبیری منداڵدا هەیە و بە ئامرازێکی کاریگەر دادەنرێت لە ڕۆشنبیریکردن و پەروەردەکردنی منداڵ، بوکەڵە بۆ منداڵان شتێکی ناوازە و تایبەتە، لەکاتی چاودێریکردنی منداڵەکانمان کاتێک لەگەڵ بووکەکانیاندا بەتەنیا دەبن و دیالۆگێک لەگەڵیاندا ئەنجام دەدەن، بە نەرمی یان بە توندوتیژی قسەیان لەگەڵ دەکەن، وەک چۆن مامۆستا لە پۆلدا یان دایکێک لە ماڵەوە قسە لەگەڵ منداڵەکانی دەکات، هەندێک جار لۆمەی دەکەن و دواتر لێی خۆش دەبن پاشان پێش ئەوەی خۆیان بخەون ئامادەی دەکەن بۆ خەوتن و لەناو جێگاکەیاندا لەگەڵ خۆیاندا لەباوەشی دەگرن، لە بوکەڵەدا بەدیهێنانی خۆیان و کەسایەتییەکانیان دەبینن، بۆیە شانۆی بوکەڵە زیاتر لە هەموو ئامرازەکانی دیکەی هونەر وەک سینەما و شانۆی مرۆیی کاریگەری لەسەر منداڵ

بەدەست دەهێنێت، لێرەوە ڕۆڵی کاریگەری خۆی لە بەخێوکردنی منداڵ و پەروەردەکردنی دەرکەوت . (حمیدە، ٢٠٢١: ٥٥)

هونەری شانۆ بەیەکێک لەمیدیا کاریگەرەکان دادەنرێت لەبواری گەشەکردنی منداڵ لەڕووی عەقڵی، سۆزداری، جوانناسی، پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییەوە بەڕادەیەک بتوانین بڵێین شانۆی منداڵ یەکێکە لەئامرازەکانی دروستبوونی ڕۆشنبیری منداڵ، بەو پێیەی بەزمانێکی خۆشەویست هەموو بەها و بیرۆکە پەروەردەییەکان بەئاسانی وەردەگرێت. (عبدالامیر، ٢٠١٧: ١٢)

شانۆی بوکەڵە لە چەند ڕوویەکەوە یارمەتی گەشەکردنی منداڵ دەدات، هەروەها لێهاتوویی و توانای زۆری پێدەبەخشێت، ئەم ئەرکەی شانۆی بوکەڵە ئەم لایەنانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

١. دابینکردنی ئەزموون و زانیاری لەسەر بابەت و ڕووداوەکان بۆ منداڵ، کاتێک منداڵ لەگەڵ بووکەڵەکان لە دۆخە دراماتیکییەکانی بووکدا بەشداری دەکات، دەتوانێت ئەزموونە جۆراوجۆرەکانی خۆی بەکاربهێنێتەوە، جا ئەو ئەزموونانە خۆش بوبێت یان ناخۆش، بۆیە لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت ئەزموونی خۆی تێپەڕێنێت بە بەدەستهێنانی ئەزموونە نوێکان یان دەستکاریکردنی ئەزموونە کۆنەکانی.
٢. پەرەپێدانی توانای منداڵ بۆ دەربڕین بە شێوەیەکی سروشتی و کاریگەر کە لە ڕێگەی کارەکتەری ئەو بوکەڵانەوە دەربڕینی خۆی دەکات بێ ترس و بێ سەرزەنشت، ئەم پرۆسەیە بە تایبەتی سوودی بۆ منداڵێک هەیە کە بێ هیوا بووە لە ئەنجامی ئەزموونە زەبربەخشەکانی ڕابردوو، یان منداڵێک کە خۆپەسەندی لاواز بووە . (الدسوقی، ٢٠١٨: ٨٧٣)

**٢-١-١١ تایبەتمەندیەکانی بەکارهێنانی بوکەڵە لە پەروەردەدا:**

١. سەرنجی منداڵان ڕادەکێشێت بەهۆی ئەو جووڵە و کارەی کە بۆیان دابین دەکات.
٢. دەرفەتێکی باش بۆ بەشداری چالاکانەی منداڵان دەڕەخسێنێت.
٣. یارمەتی پەرەپێدانی توانای داهێنەرانەی منداڵان دەدات.
٤. دەرفەت دەدات بە منداڵی شەرمن کە گفتوگۆ بکات ودەستپێبکات ئەگەر بەشداری کرد لە ڕۆڵێکدا.
٥. تێچووی کەمە و کات و ماندووبوون پاشەکەوت دەکات. (المبارک واخرون، ٢٠٢٢)

**٢-١-١٢ کاریگەری شانۆی بوکەڵە لەسەر لێهاتووییەکانی ژیان لای منداڵی باخچە:**

یەکێک لەو ڕێگایانەی کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت لە فێرکردنی قۆناغی بنەڕەتیدا ستراتیژی شانۆی بوکەڵەیە، ستراتیژێک کە وادەکات منداڵەکە سەرسام بێت بە جەستەی گشتی بوکەڵەکە

و دواتر قەناعەتی ئەرێنی یان نەرێنی لەلای دروست دەبێت بەرامبەر بوکەڵەکە، ئەگەر قەناعەتی ئەرێنی بوو کاردەکات بۆ وەرگرتنی ئەو بۆچوون و بیرۆکانەی کە بوکەڵەکە دەیخاتە ڕوو بەرامبەری، بۆیە نمایشە شانۆییەکان کە بوکەڵەی تێدا بەکاردێت بە گرنگترین ئامرازی پەروەردەیی سەردەم دادەنرێت کە منداڵ دەگوازێتەوە بۆ دنیای یاری و خەیاڵ، دواتر منداڵە بچووکەکە دەتوانێت لەگەڵ ئەو بوکەڵەیە کارلێک بکات و هەروەها بەشداره لە جێگیربوونی ئەو بیرۆکە و زانیارییانە کە مامۆستاکە دەیەوێت پێی بیگەیەنێت، ئەمەش ئەوەیە کە دامەزراوە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت باخچەی ساوایان هەوڵی بۆ دەدەن وەک دامەزراوەیەکی کاریگەر لە ژیانی منداڵدا، لە ڕێگەی بەشداریکردنی لە بەدەستهێنانی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان کە لەگەڵ بەها و داب و نەریتەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا یەکبگرێتەوە کە تیایدا دەژی . (العدوان، ٢٠٢٠: ٦٨)

شانۆ بە چالاکیەکی جەوهەری و سەرەکی دادەنرێت کە ناتوانرێت وازی لێبهێنرێت لە سەر ئاستی ئامادەکاری، چونکە یارمەتی منداڵ دەدات بۆ دەربڕینی بیرکردنەوە و هەستەکانی، خەیاڵی داهێنەرانەی منداڵ پەرەپێدەدات و هەستی جوانناسی و هەستیاری هەستەکان بەرامبەری پێکدەهێنێت و پشتگیری لە بیرۆکەی کۆمەڵ دەکات و ئامادەکارییە پەیوەندیدارەکان بۆ منداڵ پەرە پێدەدات، وا لە منداڵ دەکات کە بتوانێت توخمەکانی تێگەیشتن لە جیهانی دەوروبەری بەدەست بهێنێت و میکانیزمە کۆمەڵایەتییەکان قبوڵ بکات، بەم شێوەیە منداڵ بەرز دەبێتەوە بۆ ئاستی جیاکردنەوەی ڕاستی و خەیاڵ و ڕێگە بە منداڵ دەدات فۆرم و فەزای جۆراوجۆری داهێنان بدۆزێتەوە کە بەشدارن لە گەشەکردنی بەهرە هونەری و توانا عەقڵییەکانی وەک (تێگەیشتن، خەیاڵ، زیرەکی) و بە باشی ئامادەی دەکات بۆ دەربڕین و بەرهەمهێنان و داهێنان کە لەوەدا پەیوەستە بە شێوازە جۆراوجۆرەکانی دەربڕینی وەک (زارەکی، هەستیاری، جووڵەیی)، هەروەها ڕۆحی خۆشی و چێژ دەبەخشێت بە ژیانی منداڵ لەناو دامەزراوەی ئامادەکاریدا چونکە بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەسەر بنەمای یاری خۆبەخۆ دامەزراوە، کە خۆبەخۆیی منداڵان ئازاد دەکات لە شێوەی فۆڕمی دەربڕینی هونەری کۆمیدی و ڕێگە بە منداڵ دەدات هەموو ئەزموونە بەدەست هاتووەکانی بەکاربهێنێت لە ڕێگەی چالاکییە جۆراوجۆرەکانی فێربوونەوە (زمانی، هەستی، جووڵەیی، هونەری، مۆسیقی)، وەک چۆن ژیان دەبەخشێت بە ڕووداوەکان جا ڕاستەقینە بن یان خەیاڵ، کە بە فۆڕمی نوێ نیشانی دەدات کە منداڵان حەز بە نواندنی بکەن . (سلطاني و بليل، ٢٠١٨: ٨٠١)

بەگشتی دەتوانرێت گرنگی پەروەردەیی و فێرکاری شانۆی بوکەڵە بۆ منداڵان بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:

١. زیادکردنی توانایان بۆ تێگەیشتن لە بیرۆکە پێشکەشکراوەکان و جیاکردنەوەی بیرۆکە باش و خراپەکان.
٢. پەرە بە تواناکانیان بدرێت بۆ زانینی وشەسازی زمان و بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکانی و شارەزایی لە زمان بە شێوەیەکی ڕاست.
٣. بەشداریکردن لە گەشەکردنی توانا عەقڵییەکانی منداڵ.
٤. بووکەڵەکان توانای گوێگرتنی ڕەخنەگرانە و خێرایی بیرکردنەوەی منداڵ پەرەپێدەدەن.
٥. یارمەتیدەرە لە دەستنیشانکردنی هەندێک کەموکوڕی قسەکردن و تێکچوونی دەروونی و کۆمەڵایەتی.
٦. یارمەتیدەرە بۆ پەرەپێدانی تواناکانی پەیوەندیکردن.
٧. یارمەتیدەرە لە پرۆسەی پەروەردەدا . (الكلاك، ٢٠١٣: ٨٩، ٩٠)

پەیوەندی نێوان منداڵان لە قۆناغە سەرەتاییەکانیاندا و بووکەڵەدا پەیوەندییەکی تایبەت و نزیکە و ڕۆڵی تەواو و بێ کەموکوڕی هەیە لە چارەسەرکردنی هەندێک کەموکوڕی لە کەسایەتییەکانیاندا، بۆیە شانۆی بوکەڵە بە نموونەیەکی دەگمەن دادەنرێت بۆ ئاشکراکردنی ئەوەی کە بزانرێت چی لە ناخی منداڵاندا دەگوزەرێت، و ڕادەی گەشەکردنی هەڵچوون و سۆزدارییان، تا ئەو ڕادەیەی کە ئێمە منداڵان بە ئازادی وەک خۆیان بەجێبهێڵین لەکاتی بەشداریکردن لەم چالاکییەدا، ئەزموونەکە زیاتر بەنرخ دەبێت. (حمیده، ٢٠٢١: ٥٦)

شانۆی بوکەڵە لەگەڵ ئەوەی گرنگی لە پێگەیاندن و گەشەپێدانی لایەنەکانی ژیری و دەروونی و هەستی منداڵدا هەیە، بۆ منداڵیش گرنگە چونکە منداڵ فێردەکان چۆن ڕووبەڕووی گرفتەکانی ژینگەی چواردەوری ببێتەوە.

## ٢-٢ کارامەییەکانی ژیان

### ٢-٢-١ کارامەیی:

لە ڕووی زمانەوانییەوە : کارامەیی بریتییە لە لێهاتوویی لە شتێکدا، کارامەش واتە لێهاتوو لە هەموو کارێکدا . (النعیمي و الخزرجي، ٢٠١٤: ٤٧٠)

بەڵام لە ڕووی زاراوەوە: کارامەیی توانایەکی بەرزە وا لە مرۆڤ دەکات بتوانێت کردارێکی ئاوێتە ئەنجام بدات بە وردی و زیرەکانە . (النعیمی و الخزرجی، ٢٠١٤: ٤٧)

کارامەیی پێناسە دەکرێت کە: توانای ئەنجامدانی کارێکە بە شێوەیەک کە پێوەرێک دیاری دەکات بۆ ئەو مەبەستە پەرەی پێدراوە لەسەر بنەمای تێگەیشتن و خێرایی و وردبینی . (عبدالباسط و اخرون، ٢٠٢١: ١٠٦٤)

هەروەها پێناسە دەکرێت بە: ئاسانی ئەنجامدانی وەڵامدانەوەیەک لە وەڵامدانەوەکان یان ئاسانکاری ئەنجامدانی کارێک لە کارەکان بە وردی بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی هەبوو و گۆڕانکاری تیایدا و دەکرێت کارامەییەکی جووڵەیی یان عەقڵی بێت . (عبدالباسط و اخرون، ٢٠٢١: ١٠٦٤)

بەڵام پێناسەی دیکە هەیە بۆ کارامەیی ئەویش ئەوەیە: وا لە تاک دەکات ڕەفتارێکی دیاریکراو بە خێرایی و وردی و لێهاتوویی ئەنجام بدات . (جعاره، ٢٠١٧: ٩)

کارامەیی بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە: ئاسانکاری و وردبینی لە ئەنجامدانی کارێک لە کارەکان و لە ئەنجامی پرۆسەی پەروەردەدا گەشە دەکات، یەکێک لە پێناسەکانی تری کارامەیی بریتییە لە ئەنجامدانی پرۆسەیەکی دیاریکراو بە پلەیەک لە خێرایی و لێهاتوویی، لەگەڵ پاشەکەوتکردنی هەوڵەکان . (المعاوي و الاكلبى، ٢٠٢٠: ٣١٩)

پێناسەش دەکرێت: بەو چالاکییانەی کە پێویستیان بە بەکارهێنانی ماسولکەی گەورە یان بچووک هەیە بە جۆرێک لە هەماهەنگی و هاوکاری کە دەبێتە هۆی کوالیتی لە ئەنجامدا.(الصغير، ٢٠٢٠: ٣٦)

کارامەیی بەم شێوەیەش پێناسە کراوە: ئەگەری بەدەستهێنانی ئەنجامەکانی پەیوەست بە بابەتێکی دیاریکراو بە کەمترین کات و کەمترین تێچوون، پلەی کارامەیی لێرەدا دەگۆڕێت بەپێی ڕادەی لێهاتوویی لە کاردا و ڕادەی ڕووبەڕووبوونەوە و دوورکەوتنەوە لەو مەترسی و کێشانەی کە دێنە ڕێی کارەکە . (الضرابعه، ٢٠٢٠: ٢٦٦)

کارامەیی پێناسە کراوە بە شێوەیەکی دیکە: کارامەیی توانایە، تواناکەش بریتییە لە: هەموو ئەو شتانەی کە تاک دەتوانێت ئەنجامی بدات لە ساتەوەختی ئێستادا لە کردارە عەقڵییەکان یان جووڵەییەکان، جا ئەمە دەرئەنجامی ڕاهێنان بووبێت، یان بەبێ ڕاهێنان کردن، وەک توانای وێنەکێشان و پلاندانان، توانای هونەری پێگەیەکی دیاری داگیر دەکات لە ڕێکخستنی عەقڵی مرۆڤدا . (نصار، ٢٠١٧: ١٤٢)

پێناسەش کراوە بەوەی: کە توانای تاکە بۆ ئەنجامدانی کارێک لە کارەکان بە خێرایی و وردی و شارەزایی و هەوڵێکی کەم، ئەویش دەرئەنجامی پرۆسەی فێربوون و تێپەڕبوونی تاکە بە بارودۆخ و ئەزموونەکانی پێشوودا . (سعدالدين، ٢٠٠٧: ١٢)

دواتـریش وا پێناسـه کـراوه: که توانـای تـاکه کەسـه بـۆ ئەنجامـدانی جۆرەهـا ئەرک به کـاراییەکی بەرز بەجۆرێـک که تـاک به خێرایـی و وردی و لێهـاتوویی ئەرکەکه ئەنجـام دەدات لەگەڵ پاشەکەوتکردن له کات و ماندووبوون . (قشطة، ٢٠٠٨: ٤٥)

له کۆتاییدا پێناسـەش دەکرێت بەوەی که: توانـای ئەنجامـدان و فێربـوونی باشـه هەرکاتێک بمانەوێت، کارامەیی چـالاکیەکی فێربوونه پەرەی پێدەدرێت له کـاتی پراکتیزەکردنی چالاکیەکدا که به فیـدباک پشـتگیری دەکرێت . هەریەکێک له کارامەییەکـان له چەنـد کـارامەییەکی لاوەکـی بچووکتر پێکدێت و کەمی له هەریەکێک له کـارامەییه لاوەکیەکاندا کاریگەری لەسـەر کوالیتی ئەدای گشتی هەیه . (وافی، ٢٠١٠: ٢٦)

له ڕێگەی پێناسەکانی پێشووەوە دەتوانین پێناسەی کارامەیی بکەین: به واتای لێهاتوویی و شارەزایی له ئەنجامدانی ئەرکێکدا . (نصری، ٢٠١٤: ٢٥٤)

پـلەی شـارەزایی قبـوڵکراویش بەپێـی ئاسـتی پەروەردەیـی فێرخـواز دیـاری دەکرێـت، کارامەییش پرۆسەیەکی کەڵەکەبووە که پێویستی به دوو شت هەیه:

یەکەم: زانینی ئەو بنەما تیۆریانەی که سەرکەوتن لەسەری دەپێورێت له ئەنجامدا .

دووەم: ڕاهێنانی پراکتیکی تـا ئەو کـاتەی کـارامەیی له ئاسـتی پێویسـت بۆ قۆنـاغی خوێندن بەدەست دەهێنرێت . (نصري، ٢٠١٤: ٢٥٤)

کارمەیی لەڕووی چەمکەوه له بنەڕەتدا ئەوەیه که مرۆڤ هەر کارێک به وردی و خێرایی و تێگەیشـتن ئەنجـام بـدات و وردبینـی و خێرایـی دەپێورێت له ڕێگەی ئەو سـتانداردانه یـان ئەو برگانەی که لەلایەن پسپۆڕانی هەر بوارێکەوه دیاری دەکرێن، سـەبارەت بەم پرسـی تێگەیشـتنه دەکەوێته چوارچێوەی عەقڵـی مـرۆڤەوه، چـونکه تێگەیشـتنی مـرۆڤ له سروشـتی کـارەکەی که دەیکات یارمەتی دەدات به وردی و خێرایی ئەنجامی بـدات، هەروەک چۆن ئامێرەکـان دەتـوانن زۆر به وردی و زۆر خێرایـی کـار بـکەن، بەڵام ئەم تێگەیشـتنەیه که مـرۆڤ له ئـامێر جیـا دەکاتەوە ئەگەر ئاستی گەشەکردنیان هەرچییەک بێت . (سالم، ٢٠١٤ ؛ ١١)

کارامەیی له ژیانی گشتیدا واته توانای تەکنیکی یان چۆنایەتییه بۆ ئەنجامدانی کارێک، بۆیه دەبینـین که زۆرێـک هەن لەو نـاوانەی که زاراوەی کـارامەیی تێـدایه، بـۆ نمـوونه: لێهـاتوویی مامۆستا، لێهاتوویی ئەندازیار، لێهاتوویی بازرگان...... هتد . (الصغیر، ٢٠٢٠: ٣٦)

وشـەی کارامەیی ئاماژەیە بۆ ئەدایەکی نایابی ئاست بەرز لە هەموو بوارەکانی ژیاندا و بەمجۆرە هەموو نمایشە سەرکەوتووەکان دەگرێتەوە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی پێشتر دیاریکراون، بە مەرجێک ئەم نمایشە بە شارەزایی و متمانە بەخۆبوون تایبەتمەند بێت . (الصغير، ٢٠٢٠: ٣٦)

کەواتە کارامەیی گرنگە بۆ تاک لە ژیانی ڕۆژانەدا، بۆ منداڵانیش گرنگترە، چونکە بناغەی سەرکەوتنی پەیوەندییەکانیەتی لەگەڵ ژینگەی دەورووبەری، بەو پێیەی کارامەیی کارلێکی نێوان تاک و منداڵ و ژینگەی دەورووبەرە، هۆکارە لە پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵان.

**٢-٢-٢ گرنگی کارامەییەکانی ژیان:**

گرنگی کارامەییەکانی ژیان لە پەیوەندییان بە کەسایەتی فێرخواز و پەرەپێدانی ڕۆڵەکانی لە کۆمەڵگادا خۆی دەبینێتەوە و پێویستی بە کۆمەڵێک کارامەیی ژیان هەیە کە بتوانێت پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا دروست بکات و کارلێک بکات لەگەڵیان، و یارمەتی بدەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی و مسۆگەرکردنی ژیانێکی کۆمەڵایەتی باش، تا ئەو ڕادەیەی فێرخواز شارەزا بێت لە کارامەییەکانی ژیان جیاوازی ئەو لە ژیانیدا گەورەتر دەبێت . (سالم، ٢٠١٤: ١٦)

گرنگی کارامەییەکانی ژیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کوالیتییەکی باشی ژیان بۆ مرۆڤ مسۆگەر دەکات و یەکێکە لەو پێداویستییە سەرەتاییانەی کە دەبێت مرۆڤ هەیبێت بۆ ئەوەی بتوانێت شوێن و پێگەیەکی جیاوازی هەبێت لە نێو هاوتەمەنەکانیدا . (مصطفى، ٢٠١٨: ٣٥٢)

**٢-٢-٣ بنەماکانی فێربوونی کارامەییەکان:**

١. فێربوونی کارامەیی پەیوەستە بە لۆژیکی زانستی دروست و ڕاهێنانی تەکنیکی جددی، کە ئەمەش دەبێتە هۆی فێربوونی خێراتری کارامەییەکان بە کەمترین هەوڵی عەقڵی و جەستەیی.
٢. پەیڕەوکردن، پەیڕەوکردنی پراکتیکی زانستی یەکێکە لە پایەکانی هونەری بەدەستهێنانی کارامەیی.
٣. ڕەخساندنی دەرفەتێک بۆ پەیڕەوکردنی پراکتیکی کە لەگەڵ کوالیتی و پێداویستیەکانی کارامەیی پێویستدا بگونجێت.
٤. دابەشکردنی ماوەکانی پەیڕەوکردن لەبری کۆکردنەوەیان.
٥. خێرایی ئەدای کارکردن لە سەرەتادا، پاشان بەرزکردنەوە . (وافی، ٢٠١٠: ٢٨ – ٢٩)

**٢-٢-٤ گرنگی کارامەییەکانی ژیان وەک:**

١. یارمەتی تاک دەدات بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکانی ژیاندا و مامەڵەکردن بەژیری لەکەڵ ئەو کێشانەدا .
٢. ڕێگایەکە بۆ دڵخۆشی تاک و قبوولکردنی کەسانی دیکە لە دەورووبەردا و ژیانکردن لەگەڵیاندا، و خۆشەویستی و ڕێزی ئەوانیش بۆی.
٣. وا لە تاک دەکات کە فەخر و شانازی بە خۆیەوە بکات، ئەمەش وا دەکات کە کەسانی دیکە متمانەی پێ بکەن و زیاتر توانای بێ دەبەخشێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی دیکە و بنیاتنانی پەیوەندی چاک کە لەسەر بنەمای خۆشەویستی و سۆز دامەزراوە.
٤. یارمەتی تاک دەدات کە لێکۆڵینەوەی تیۆری بەیەکەوە ببەستێتەوە بۆ ئەوەی ژیانی ڕاستەقینە ئاشکرا بکات .
٥. سەرکەوتنی تاک لە ژیانیدا تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بەو لێهاتوویی و ئەزموونانەی ژیان کە خاوەنیەتی.
٦. دروستکردنی کەشێکی گونجاو بۆ گەشەپێدانی کەسایەتی و بەدەستهێنانی ئەزموون و شارەزایی.
٧. خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئێستا و داهاتوو و ڕەوتە ناوخۆیی و جیهانییەکان.
٨. ئامادەکردنی نەوەیەک لە داهێنەران کە بتوانن بەشداری لە پێشکەوتنی کۆمەڵگادا بکەن.
٩. ئامادەکردنی نەوەیەک کە بتوانێت سیستەمی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بەکاربهێنێت کە یارمەتی منداڵان دەدات بۆ تێگەیشتن و بیرهێنانەوە و شیکردنەوە و ئەنجامدان .
١٠. هێنانەدی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە چەمک و شێواز و پراکتیکەکانی فێربوون و گۆڕانکاری لە چەندایەتییەوە بۆ چۆنییەتی، ولە فێرکردن و لەبەرکردنەوە بۆ (بیرکردنەوە، تێڕامان، خەیاڵ، داهێنان و بەدیهێنانی گەشەسەندنی مرۆڤایەتی) (الشمری و الصعیدی، ٢٠١٧: ٢٤٢ - ٢٤٣)
١١. کارامەییەکانی ژیان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە هەڵبژاردنی بوارەکانی کار و گرنگن بۆ سەرکەوتنی پیشەیی کە یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی داهاتووی تاکەکان لە ژیانی پەروەردەییدا، چونکە لایەنە زانستییەکان زۆرن وەک: گشتی و هونەری و وێژەیی و زانستی و پیشەیی و بازرگانی و کشتوکاڵی و پیشەسازی، کە هەموویان پشت دەبەستن بە بوونی ئامادەکاری تایبەتی گونجاو بۆ هەر لقێکی پسپۆڕی .
١٢. یارمەتی تاک دەدات بۆ بنیاتنانی توانا کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی منداڵ بەهۆی ئەو پشتگیرییەی کە پێشکەشی منداڵی دەکات لەڕێگەی ئەو بارودۆخ و گۆڕانکارییە جۆراوجۆرانەی کە پێیدا تێدەپەڕێت.

١٣. منداڵان شایستە دەکات بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیاریێتی و متمانە بەخۆبوون و توانای چارەسەرکردنی کێشەکان بە مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخە جیاوازەکانی ژیان.
١٤. وا لە تاک دەکات مەیلی بۆ زانست و قووڵکردنەوەی خوێندنەکەی بەدەستبهێنێت لەڕێگەی بەهێزکردنی پەیوەندی و خۆشەویستی لە نێوان منداڵ و قوتابخانە.
١٥. باشترکردنی ژیانی تاکەکان و ئاسانکردنی.
١٦. ئاسانکاری بۆ تاک دەکات کە پلان بۆ ژیانی خۆی دابنێت، هەروەها ڕوونکردنەوەی چەندین دیاردەی سروشتی.
١٧. وا لە تاک دەکات بتوانێت کارلێکی تەندروستی لە نێوان خۆی و کەسانی دیکە بەڕێوەببات، هەروەها لە نێوان خۆی و ژینگە و کۆمەڵگادا . (قشطه، ٢٠٠٨، ٤٧، ٤٨)
١٨. توانای تاک لە پراکتیزەکردن و پەیڕەوکردنی کارامەییەکانی ژیان، وای لێدەکات هەست بە فەخر و شانازی بکات بە خۆیەوە، کاتێک داوای لێدەکرێت کارێک ئەنجام بدات و بە شارەزایی ئەنجامی دەدات، بە ناچاری وا لە کەسانی دیکە دەکات هەست بە متمانە بکەن پێی و خۆشی متمانەی بە خۆی زیاد دەبیت و قەدری خۆی بەرز دەکاتەوە، هەربۆیە تاک هەمیشە هەوڵدەدات قەدرزانینی ئەوانی دیکە بپارێزێت و هەمیشە چاوی سەرسامی بەدەست دەهێنێت، و ڕەنگە ئەمە ئەو قسە باوەش بگرێتەوە کە سەرکەوتن بەرەو سەرکەوتنت دەبات، هەروەها لێرەدا زیادکردنێکی باش دەبینین بۆ خاوەنداریێتی تاک بۆ ئەم کارامەییانە، چونکە کارامەییەکان پەیوەندییەکی گەورەیان هەیە بە کەسایەتی و بە بەهێزی کەسایەتی و تێگەیشتن لە کەسانی دیکە، ئەمەش تاک بەرەو تەندروستی دەروونی دەبات . (وافی، ٢٠١٠: ٣٥)
١٩. گرنگی فێرکردنی کارامەییەکانی ژیان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئامرازێکی کاریگەرە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت کار بکرێت بۆ ئامادەکردنی تاک بۆ ئەوەی ببێت بە:
   أ. بەکارهێنەری ئەو ڕاستیانەی کە لە دۆخە نوێیەکانی ژیاندا فێری دەبێت .
   ب. بەدەستهێنەری کارامەییەکانی پێکەوەژیان لەگەڵ کۆمەڵگای سەردەم.
   ج. جێبەجێکەری کارامەییەکانی مامەڵەکردنی ئەرێنی لەگەڵ گۆڕانکارییەکان.
   د. پراکتیزەکردنی کارامەییە جیاوازەکانی بیرکردنەوە.
   ه. شارەزا بێت لە کارامەییەکانی کارلێککردن و پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی .
   و. خاوەنی کارامەییەکانی گۆڕینی ڕۆڵەکان بێت لە ژیانی کارکردندا .
   ز. بەردەوام بێت لە فێربوون و گەشەکردن بۆ خودی خۆی . (المومنی و یاسین، ٢٠١٤: ١٠٦، ١٠٧)
٢٠. یارمەتیدەرە بۆ کارلێکی ئەرێنی و پەیوەندی کاریگەر لەگەڵ کەسانی دیکەدا.
٢١. بەدەستهێنانی توانای وەرگرتنی بەرپرسیاریێتی و بڕیاردان بۆ فێرخواز .

٢٢.وا له منداڵ دەكات خۆی لەگەڵ گۆڕانكارییە تەكنەلۆژییەكان بگونجێنێت و لەگەڵیاندا كارلێک بكات . (فاید، ٢٠١٨: ١٩٣)

**٢-٢-٥ جۆرەكانی كارامەیی:**

بەو پێیەی هیچ لیستێكی یەكلاكەرەوەی كارامەییەكانی ژیان بوونی نییە كە توێژەران و زانایان لەسەری كۆک بن، بە شێوەیەكی گشتی كارامەیی دەروونی كۆمەڵایەتی و كارامەیی پەیوەندیەكانی نێوان كەسەكان لەخۆ دەگرێت كە بە گشتی بە گرنگ دادەنرێن. (العمری، ٢٠١٣: ١٠٨)هەروەها پۆلێنكردنی كارامەییەكانی ژیان بۆ كۆمەڵگایەک لە ژێر ڕۆشنایی سروشتی پەیوەندی ئاڵوگۆڕی نێوان تاكەكان دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی لێكچوون لە كوالیتی هەندێک لە كارامەییەكانی ژیان كە پێویستن بۆ مرۆڤ لە زۆرێک لە كۆمەڵگاكان، وەک چۆن لە یەكتر جیاوازن بەپێی سروشت و تایبەتمەندییە جیاوازەكانی كۆمەڵگا. (العمري، ٢٠١٣: ١٠٩)

لە زۆرێک لە توێژینەوەكاندا باس لەوە كراوە كە جۆرەكانی كارامەیی دابەشكراون بەسەر كارامەیی مەعریفی وكارامەیی جوڵەییدا بە جیاوازی جۆرەكانییەوە. (الصفار، ٢٠١١: ٥)

**جۆركانی كارامەیی**

١-كارامەیی مەعریفی

بریتییە لە توانا و ئامرازە عەقڵییەكانی تاک كە یارمەتی دەدات بۆ كۆنترۆڵكردنی دۆخەكان بە شێوەیەكی شارەزایانە و بەكارهێنانی ئەو زانیاری و مەعریفەیەی هەیەتی بەشێوەیەكی گونجاو بۆ داهێنان و چارەسەركردنی ئەو كێشانەی كە ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە كۆنتێكستە جیاوازەكانی ژیانیدا . (المرعي، ٢٠١٧: ١٨٦)

٢- كارامەیی جووڵەیی

بریتییە لە چالاكی ماسولكەیی كە ئاراستەی ئامانجێكی دیاریكراو دەكرێت و ئەو چالاكییە لە جوڵەی گەورەوە بۆ جوڵەی بچووک درێژ دەبێتەوە . (أحمد و اخرون، ٢٠٢٢: ٣٨)، كارامەییە جووڵەییەكان ئەو كارامەییانەن كە پەیوەندییان بەو لایەنە پراكتیكییانە هەیە كە فێرخواز ئەنجامی دەدات بە بەكارهێنانی ماسولكەكانی لە چالاكییە جۆراوجۆرەكاندا، وەک ئەو كارامەییە جوڵەییانەی كە هەموو جەستەی تێدا بەكاردەهێنرێت، هەروەها چەند كارامەییەكی ورد كە پەنجەكانی دەست تێدا بەكاردەهێنرێت . (البیاتي و اخرون، ٢٠١٥: ٥٨١)

سەبارەت بە كارامەییە پراكتیكیەكان چەند جۆرێكیان هەیە و پسپۆڕان بە شێوەی جۆراوجۆر پۆلێنیان كردووە بۆ چەند پۆلێک، وەک چۆن (بلوم) پۆلێنی كردوون بەپێی ڕادەی ئاڵۆزییەكەیان بەسەر سێ بەشدا ئەوانیش بەم شێوەیەن:

**جۆرەکانی کارامەییە جوڵەییەکان بەپێی پۆلێنی (بلوم)**

١- کارامەیی سادە

تەنها یەک جووڵە لەخۆدەگرێت، وەک بەکارهێنانی یەک پەنجە بۆ تەواوکردنی چەند بەشێک لە پێکهاتەیەکی هونەری دیاریکراو .

٢- کارامەیی ئاڵۆز

زیاتر لە جووڵەیەک دەگرێتەوە، وەک بەکارهێنانی زیاتر لە لایەنێک لەلایەن فێرخوازەوە بۆ تەواوکردنی کارێکی هونەریی.

٣- کارامەیی مامەڵەکردن

کە تێیدا ئەو تاکەی کارامەییەکە ئەنجام دەدات مامەڵە لەگەڵ جەستەیەکی سەربەخۆ دەکات کە مامەڵە لەگەڵ ئامراز و ئامێرەکان و کەرەستەکان دەکات.

دەتوانرێت ئەو کارامەییانەی لە هونەری پلاندانانـدا وەرگیـراون بە جۆرێـک لە کـارامەیی مامەڵەکردن و لەناو ئاستی ئاڵۆزدا وەسف بکرێت، چونکە زیاتر لە جوڵەیەکی پێویستە و لەبەر ئەوەی مامەڵە لەگەڵ کەرەستە و ئامرازەکان دەکات . وەک چۆن کارامەییەک بەدەست دێت کاتێـک دۆخێکـی هاوکـاری هەسـتی-جـووڵەیی ڕوودەدات لە ڕێـگەی کـارلێکی هانـدەر و وەڵامـدانەوەوە، جـگە لەوەش ڕێکـوپێکی کارامەییەکـان بەپێـی زنجیـرە جوڵاوەکـان کە بەپێـی سەختییان لە شێوەی نەخشی جووڵەییدا دەێنە خوارەوە وا دەکات هەریەکەیان ڕۆڵێکی جیاواز بگێڕێـت بـۆ ئەوەی تریـان، پێیـان دەوترێـت کـارامەیی لاوەکـی کە لە کـارامەیی ڕەسـەندا جێگیرکراون . (الصفار، ٢٠١١: ٥)

لە نموونەی کارامەییە هونەرییەکان: (هەڵکردنەوە و تێکەڵکردن - دروستکردن و دانان – شێوەدانان- چاپکردن - ڕەنگکردن - پلاندانان - وێنەکێشانی ئازاد) (نصار، ٢٠١٧: ١٣٨)

زۆرێـک لە تـوێژەرە پەروەردەییەکـان گرنگیـان داوە بە کارامەییەکـانی ژیـان و لە پـۆلە جیاوازەکانـدا پۆلێنیـان کـردوون، ئەوانـیش بـریتین لە کارامەییەکـانی خـۆراک، کارامەییەکـانی تەندروسـتی، کارامەییەکـانی خۆپـارێزی، کـارامەیی ژینگەیـی، کـارامەیی دەسـتی . هەروەهـا هەندێکیان پۆلێنیان دەکەن بۆ کارامەیی پەیوەندی و پەیوەندیکردن، کارامەیی چارەسـەرکردنی کێشـە و شـارەزایی بڕیـاردان، کـارامەییە ئەکادیمیەکـان . جـگە لە کارامەییەکـانی پەیوەنـدی، سـەلامەتی و ئاسـایش، کارامەییەکـانی بەڕێوەبردنی کـات، ئـابووری، کارامەییەکـانی بڕیـاردان . (الجازی و اخرون، ٢٠١٦: ٢١٤١)

پەیوەندیکردن کارامەییەکی سەرەکییە کە دەبێت هەموو کەسێک شارەزای بێت، بەتایبەتی لە دامەزراوە پەروەردەییەکاندا، و یەکێکە لە گرنگترین ئەو کارامەییانەی کە منداڵ لە ژیانیدا فێری دەبێت و بەشێکی زۆری چالاکی و کاریگەری و سەرکەوتنی منداڵان لەسەری پەیوەستە لە ژیانیاندا . (جعارە، ٢٠١٧: ١٦)

پەیوەندیکردن توانای گەیاندنی بیرۆکەکان بۆ کەسانی دیکە و کارلێککردن لەگەڵیان لە ڕێگەی چەندین ئامرازی وەک وشە بێژەکراو و نووسراوەکان، وێنەکێشان، وێنە، نەخشە، تەلەفۆن و چەن ئامرازێکی دیکە . (جعارە، ٢٠١٧: ١٧)

ئامانجی پرۆسەی پەیوەندی و شارەزایی تیایدا بریتییە لە ئامادەکردنی خودی کەسەکە بۆ ژیان، ئامادەکارییەکەش بەس نابێت بۆ ژیان هەتا ڕاهێنان لەسەر کارامەیی پەیوەندیکردن ئەنجام نەدرێت لە ڕێگەی زمانەوە، چ خوێندنەوە بێت یان بیستراو بێت یان نووسراو، چونکە زمان ئامرازی پەیوەندیکردن یەکەمە. (جعارە، ٢٠١٧: ١٧)

کارامەییەکانی بەدەر لە زانیاری یان کارامەییەکانی (میتاکۆگنیتیڤ)ە: کە ئاماژەیە بۆ ئاگاداربوون لەو توانا و ستراتیژی و سەرچاوە و ئامرازانەی کە هەمانە و پێویستمان پێیەتی بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانمان بە شێوەیەکی کاریگەرتر . (قشطة، ٢٠٠٨: ٢٧)

هەندێک دوو جۆر لە کارامەیی بەدەر لە زانیاریان دەستنیشان کردووە، ئەوانیش:

١. تێگەیشتنی پێکهاتە مەعریفیەکان: کە پێکدێت لە زانینی تاک بۆ پرۆسە مەعریفییەکانی خۆی، لەوانەش زانینی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی خۆی و زانینی ئەو ستراتیژانەی کە لە کاتی فێربووندا بەکاردەهێنرێن، هەروەها بزانرێت لە کوێ و کەی ئەم ستراتیژیانە بەکاربهێنرێت .
٢. ڕێکخستنی زانیاری، لەوانەش توانای فێرخواز بۆ پلاندانان و بەدواداچوون و دەستکاریکردنی ئەدای خۆی لە کاتی فێربووندا . (قشطة، ٢٠٠٨: ٢٧)

کارامەییەکانی بەدەر لە زانیاری ئاماژەیە بۆ هۆشیاری فێرخواز لە پرۆسەکانی بیرکردنەوە کە لە ناو ئەرکی پەروەردەییدا هەیە و توانای کۆنترۆڵکردن و خۆکۆنترۆڵکردن لە پرۆسەکانی فێربوون و هۆشیاری لە ئەنجامدان لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی بەردەوام بۆی . هەروەها ئاماژەیە بۆ توانای تاک بۆ کۆنترۆڵکردنی پرۆسە مەعریفییەکان کە بەکاری دەهێنێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکەدا و بەکارهێنانی دروستی زانیارییەکان و هۆشیاری خودی تاک لەو پرۆسە مەعریفیانەی کە پراکتیزەیان دەکات، کارامەییەکانی بەدەر لە زانیاری توانای تاک بۆ وەڵامدانەوەی هاندەرە ژینگەییەکانی فێربوون لە دەوری خۆی زیاد دەکات، پەرەپێدانی

کارامەییەکـــانی میتـــاکۆگنیتیڤ وا لە فێرخـــواز دەکـــات بتوانێـــت بیـــرۆکە بەرهەم بهێنێـــت و پلاندانەرێک و ڕەخنەگرێک و چاودێرێک بێت بۆ ڕادەی گەشەکردنی ئاستی خۆی و وەرگری بیرۆکەیەکـی دیـاریکراو بێـت و ئاراسـتەکراو بێـت بـۆ ڕەفتـارێکی دیـاریکراو بـۆ گەیشـتن بە چارەسـەرێک بۆ ئەو کێشـەیەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، و چەندین دیدگا دەخـاتە بەردەمـی کە هەڵسـەنگاندنیان بـۆ دەکـات و گونجاوترینیـان هەڵـدەبژێرێت، ئەنجـامی هەنـدێک تـوێژینەوە و لێکـۆڵینەوە دەریانخسـتووە کە کارامەییەکـانی بەدەر لە زانیـاری یارمەتیـدەرە لە باشـترکردنی خووەکانی عەقڵ و پراکتیزەکردنی خۆهەڵسەنگاندن و گەورەترین سـوود لە فیدباک وەربگرێت، هەروەها ئاستی فێربوونی خۆڕێکخراو باشتر دەکات و هۆشیاری تاک زیاد دەکات بە پرۆسەی بیرکردنەوەکـــانی، کارامەییەکـــانی بەدەر لە زانیـــاری لە زانســـتدا بەشـــدارن لە باشـــتربوونی فێرکردنی زانستەکان بەهۆی ئەو ڕۆڵەی هەیەتی کە وا لە منداڵان دەکات توانـای بیرکـردنەوە و طفتوگـۆ و هەڵســـەنگاندن و خۆفێربوونیـــان هەبێـــت . هەروەهـــا یارمەتیـــدەرە لە پەرەپێـــدانی کارامەییەکانی بیرکـردنەوەی ڕەخنەگرانە و پەرە بە زانیـارییە زانسـتییەکانیان دەدات . (العنزي، ٢٠١٨: ٦٢٧ – ٦٢٨)

**٢-٢-٦ هەندێک لە کارامەییە بنەڕەتییەکانی ژیان:**

**١-کارامەییە خۆراکییەکان**

ئەو کارامەییانەی ژیانن کە پێویستە گەشـەی پـێ بـدرێ بـۆ تـاک بە ئامـانجی بەدەسـتهێنانی شێواز و ڕەفتاری خۆراکی ئاسایی و تەندروست کە ڕەنگدانەوەی ئەرێنی دەبێت لەسەر چەمک و ڕەوتەکـانی منـداڵان لە سـەرەتای ژیانیـان و تواناسـازییان بـۆ بیرکـردنەوە و بڕیـاردان بـۆ هەڵبژاردنی خۆراکێک کە لەگەڵ بارودۆخی ژیانیاندا بگونجێت . (الضرابعه، ٢٠٢٠: ٢٦٨.

**٢-کارامەییە تەندروستییە خۆپارێزیەکان**

فەرهەنگی زاراوە پەروەردەییەکان کارامەییە تەندروستیەکانی ژیانی پێناسـە کـردووە وەک کۆمەڵێک کارامەیی پەیوەست بە توانای پاراستنی پاکوخـاوێنی کەسـی، هەروەهـا بەدەسـتهێنانی خووە تەندروستەکان . (الضرابعه، ٢٠٢٠: ٢٦٨)

کـارامەییە تەندروسـتیەکانی ژیـان: چـاودێری جلـوبەرگ، چـاودێری تەندروسـتی گشـتی، چـــاودێری تەندروســـتی خـــۆراکی، وەرزشـــکردن و چـــاودێریکردنی شـــتە کەســـییەکان دەگرێتەوە.(فاید، ٢٠١٨: ١٩٤)

کـارامەیی خۆپـارێزی کۆمەڵێـک کـارامەییە کە تـاک پێویسـتی پێیەتـی و لەنـاو دەرئەنجـامی زانیاریەکانی و ئەزموونی پێشووی بوونی هەیە، بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا بەکاری بهێنێت لە پێناو پاراستنی سەلامەتی جەستەیی و دەروونی خۆی و دەوروبەری لە زیندووەکان، ئەویش

کۆمەڵێک کارامەیی لاوەکی دەگرێتەوە وەک: کارامەیی ڕێگریکردن لە مەترسییەکانی تەزووی کارەبا وخلیسکان و ڕووداوەکان و ئاگرکەوتنەوە، و ژەهراویبوون و سەلامەتی بەکارهێنانی ئامێرە کارەباییەکان و مادده کیمیاییەکان و سۆپاکان . (الضرابعە، ٢٠٢٠: ٢٦٨)

**٣-کارامەییە ژینگەییەکان**

پێناسە دەکرێت بە کۆمەڵێک لەو کارامەییانەی کە پێویستە بۆ تاک بۆ مامەڵەکردنێکی سەرکەوتوو لەگەڵ ژینگەدا ناوخۆیی بێت یان هەرێمی بە داتا جیاوازییەکانیەوە کە شایستەی دەکات بۆ کارلێکی سەرکەوتوو و بەرهەمدار بۆ سوودی ژینگەی دەوروبەر و کۆمەڵگاکەی پێکەوە . (الضرابعە، ٢٠٢٠: ٢٦٨)

کارامەییە ژینگەییەکانی ژیان ئەمانەی خوارەوەی لە خۆ گرتووە:

أ- بڵاوکردنەوەی کولتووری پاراستنی ژینگە لە پێناو گەشەپێدانی بەردەوام .
ب- جێبەجێکردنی یاساکانی پەیوەست بە پاراستنی ژینگە لە پیسبوون.
ت- پارێزگاریکردن لە هاوسەنگی ژینگەیی و پاراستنی ئەو زیندەوەرانەی کە لە ژێر هەڕەشەی لەناوچوونن . (البقري، ٢٠١٩: ٤٤)

**٤-کارامەیی بڕیاردان**

ئەو توانایانەیە کە تاک خاوەنیەتی و دەتوانێت لە هەر کات و هەلومەرجێکدا بانگەشەی بکات و بە شێوەیەکی دروست و جیاکەرەوە و ڕەزامەندانە و لەسەر بنەمایەکی زانستی ڕوون بیقۆزێتەوە و دارشتنی بۆ بکات و بەو هۆیەوە توانای بڕیاردانی گونجاوی هەبێت لەو کێشەیەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە . (الضرابعة، ٢٠٢٠: ٢٦٩)

پرۆسەی بڕیاردان ئاسان نییە بەڵکو پێویستی بەوەیە کە بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕێت، وەک بەدەستهێنانی زانیاری، درووستکردنی بیرۆکە، هەڵسەنگاندنی دەستکەوت و زەرەر، و هەڵبژاردنی یەکێک لە بەدیلەکان . (وافی، ٢٠١٠: ٥٤)

**٥-کارامەیی چارەسەرکردنی کێشەکان**

توانای تاکە بۆ بڕیاردان و هەڵبژاردن لە نێوان باشترینی ئەو چارەسەر و بارودۆخانەی بەناویدا تێپەڕ دەبێت و بە باشترین دەرچوون لێی دەرچێت لە کاتی تێپەربوونی بە کێشەکان . هەروەها ئەو توانایانەیە کە لە تاکدا هەن و وای لێدەکات بتوانێت ئەو کێشانە چارەسەر بکات کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە لەسەر بنەمایەکی زانستی دروست، بە دیاریکردنی کێشەکە و کۆکردنەوەی داتاکانی تایبەت بەو کێشەیە و پێشنیاری چارەسەرەکان و دەرچوون بە

دەرئەنجامەکـــان و گفتوگـــۆکردن لەســـەریان، بەمەش بەشـــدارە لە بڕیـــاردانی دروســـتی تاک.(الضرابعة، ٢٠٢٠: ٢٦٩)

کارامەیی چارەسەرکردنی کێشەکان یەکێکە لە گرنگترین کارامەییەکانی ژیان، کاتێک مرۆڤ هەست بە دژایەتییەک یان دۆخێک دەکات کە بێ دژایەتی نییە لەکاتێکدا کە بە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا تێدەپەڕێت ئەوە یەکسـەر دەزانێت کە شتێک هەیە ڕاست نییە و ئەم شتە ئاسـایی نییە، سـەیرکردنی دۆخێـک و هەڵسـەنگاندنی وەک کێشـە ڕوانگەیەکـی ڕێـژەییە، چـونکە کێشـەکان بوونیـان نـیە تەنهـا لە چـاوی خاوەنەکانیاندا نەبێت، بۆیە ئەوەی دەبێتە کێشـە لەلای کەسـێک ڕەنگە کێشە نەبێت لەلای کەسێکی دیکە و لە کولتوورێکەوە بۆ کولتوورێکی تر جیاوازە . (وافی، ٢٠١٠: ٦١)

**٦-کارامەییەکانی پشت بەخۆبەستن**

چەمکی پشت بەخۆبەستن یەکێکە لەو چەمکانەی کە تاڕادەیەک ئاسانە بۆ منداڵانی تەمەنی دایانگە بەهۆی ئەو پاڵنەرەی کە لەخودی چەمکەکە یان کارامەییەکەدا بەشدارە، ئەمەش جگە لە پراکتیزەکردنی بەردەوامی تەکنیکەکانی پشت بەخۆبەستن لە گەڕان بەدوای ئەو شتانەی کە لە دەوروبەریـانن. فێرکردنـی ئەو کـارامەییە بـۆ منـداڵان زیـاتر ئاسـان دەبێت، بە تـایبەتی لە کـاتی بەکارهێنـانی توخمەکـانی ژینـگەی دەوروبەری منـداڵان لە کـاتی ڕاهێنـانکردن لەسـەر شـتێک، دەتوانرێت شێوازی شیکاری ئەرکەکان بەکاربهێنرێت لە دابەشکردنی بەدەستهێنانی کارامەیی بۆ چەندین هەنگاوی بچووک . سـەرەتای ئەم هەنگاوانە بە فەرمـانە جەسـتەییەکان و بە ئامـاژە دەست پێدەکات . (یوسف، ٢٠١٩: ٦٤٣)

## ٢-٣ کارامەییەکانی ژیان:

### ٢-٣-١ چەمک و پێناسەی کارامەییەکانی ژیان:

چەمکی کارامەییەکـانی ژیـان چەمکێکـی نەرم و نیـان و گونجـاوە کە بەکارهێنـانی جیـاواز و کاریگەری تیۆری و پراکتیکی زۆری هەیە، پێناسـەی زۆر هەیە بۆ کارامەییەکانی ژیان، بەپێی زۆری دیدگای ئەو کەسانەی کە باسیان کردووە . (القشطة، ٢٠٠٨، ١٥)

توانای تاک بۆ مامەڵەکردنی ئەرێنی لەگەڵ کێشەکانی ژیانیدا، کێشەی کەسی و کۆمەڵایەتی، لەوانە کارامەییەکانی: بەڕێوەبردنی کات، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، بەکارهێنـانی بـاش بەکارهێنـانی سەرچاوەکان، کارلێک لەگەڵ کەسانی دیکە، ڕێزگرتن لە کار . (سالم، ٢٠١٤: ١٥)

لە هەمان کاتدا پێناسەی کارامەییەکانی ژیان دەکرێت: بە هەموو ئەو پێوەر و بنەما و بەها و ئایدیالانەی کە لە بنەچەی شەریعەتی ئیسلامیدا هاتووە، کە توانای بڕیاردان لەسەر مەودای دروستی و گونجاوی کردار و ڕەفتارەکان دەدەن هەروەها پراکتیزەکردنی ماددی و ئەخلاقی . (المجارحة، ٢٠٢٠: ١٥)

بەم شێوەیەش پێناسە کراوە: ئەو کارامەیی و ئەرکانەیە کە بەشدارن لە پەرەپێدانی ئەدای تاک لە تەمەنی گەورەییەوە، ئەو توانایانە بەسەر پێنج گروپدا دابەش دەکرێن، ئەوانیش: کارامەیی چاودێری کەسی، کارامەیی کات بەسەربردن، گارامەیی پەیوەندیکردن، کارامەیی کۆمەڵایەتی، کارامەیی پیشەیی و چەند کارامەییەکی زیندووی دیکە کە پێویستە بۆ بەشداریکردنی تاک لە کۆمەڵگاکەیدا . (مصطفی، ٢٠١٨: ٣٥٠)

کارامەیی تاک لە ڕەفتاری گونجاوی ئەرێنیدا، کە وا دەکات مامەڵە بکات بە شێوەیەکی کاریگەر لەگەڵ پێداویستی و تەحەددیاتی ژیانی ڕۆژانە، بە وەرگێڕانی ئەو زانیاریانەی کە دەیزانێت و ئەو ڕەوت و بەهایانەی کە باوەڕی پێیەتی، و بەکارهێنانیان لە دیاریکردنی ئەوەی کە دەبێت چی بکات و چۆنیەتی کارگردنی بۆ جێبەجێکردنی ژیانی ڕۆژانەی . (مصطفی، ٢٠١٨: ٣٥١)

کۆمەڵێک لێهاتوویی دەروونی و کۆمەڵایەتی، هەروەها کارامەییەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی دیکە کە یارمەتی خەڵک دەدەن بۆ بڕیاردان لەسەر بنەمای زانیاری دروست، و چارەسەرکردنی کێشەکان و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و داهێنەرانە، و پەیوەندیکردن بە شێوەیەکی کاریگەر، دروستکردنی پەیوەندی دروست و هاوسۆزی لەگەڵ کەسانی دیکە و بەڕێوەبردنی ژیانیان، و خۆگونجاندن بە شێوەیەکی دروست و بنیاتنەر . (الحمیری و امین، ٢٠٢٠: ١٩)

فرەیی پێناسەکانی کارامەییەکانی ژیان دەگەڕێتەوە بۆ فرەیی ئەو ژینگە و کولتوورانەی کە تاک سەر بەوانە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەو کارامەییانەن کە جەخت دەکەنە سەر یارمەتیدانی منداڵان و گەنجان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددیاتی ڕۆژانە، بەمەش جیاواز دەبێت لە کارامەییەکانی خوێندنەوە و نووسین و بیرکاری کە لە قوتابخانە فێری دەبێت، دەکرێت کارامەییە پێویستەکانی ژیان لە کۆمەڵگەیەکدا دیاری بکرێت بەپێی سروشتی پەیوەندی ئاڵوگۆڕ لە نێوان تاک و کۆمەڵگادا، هەروەها بە پێی سروشت و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگا و پلەی پێشکەوتنی، کارامەییە پێویستەکانی ژیان بۆ تاک لە کۆمەڵگادا جیاواز دەبێت لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی تر بەپێی جیاوازی داتاکانی هەموو ماوەیەک لە ژیانی کۆمەڵگاکان و پەرەپێدانیاندا . (المومنی و یاسین، ٢٠١٤: ١٠٥)

### ٢-٣-٢ چۆنییەتی گەشەپێدانی کارامەییەکانی ژیان:

خێرابوونی زانست و زانیاری لە سەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆژیای زانیاریدا پێویستی بەردەوام نیشان دەدات بۆ گەشەپێدان، بەهۆی سەرهەڵدانی چەمکی نوێ لە پرۆسەی فێربوون و پەروەردەدا، ئەمەش پێویستی بە بەردەوامبوونی ئەم گەشەکردنەیە لە ڕێگەی پەرەپێدانی بەردەوامی کارامەیی پێویست و یەکگرتوو کە وا لە فێرخواز دەکات بتوانێت کار بکات و مامەڵە لەگەڵ بارودۆخە دووبارە و جۆراوجۆرەکانی ژیانی ڕۆژانەیدا بکات کە یارمەتیدەرە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژانەی، بۆیە زانینی ئەو کارامەییە پێویستانە کە یارمەتی فێرخواز دەدەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە و خوێندنی ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەری و لەسەر پەرە پێدانی زۆر گرنگە . (وافي، ٢٠١٠: ٣٣)

گەشەپێدانی کارامەیی لە ڕێگەی ڕاهێنانی جێگیر و ڕێکوپێکەوە ڕوودەدات کە دەبێتە هۆی گەشەکردنی هۆشیاری و کاردانەوەی فێرخواز و باشترکردنی کارامەیی و گواستنەوەی فێرخواز بۆ خۆکۆنترۆڵکردنی ڕاستەقینە بە پشتبەستن بەو فیدباکە ناوخۆییەی کە زیاتر هەڵبژێردراو دەبێت سەبارەت بە یاریزانی لێهاتوو، کە دەتوانێت زۆرترین بڕی زانیاری وەرگرێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکات و کۆنترۆڵی بکات، بە تایبەتی لەو کارامەییانەی کە بە ئەنجام دەگات لە کاتێکی دیاریکراو کە گرنگی خێرایی و وردبینی لە ئەنجامدانی کارامەییەکەدا دەردەخات، هەروەها سەقامگیری لە ئەنجامدان پێویستی بە ڕەفتاری باش و سەقامگیری هەیە لە ڕادەی سەرکەوتن . (احمد واخرون، ٢٠٢٢: ٤٠)

یاریکردن پەرە بە زۆرێک لە کارامەییەکانی زمان دەدات وەک خوێندنەوە و نووسین و دەربڕینی بیرۆکە تایبەتەکان و چارەسەرکردنی کێشە زمانەوانییەکان . (سعيد و مراد، ٢٠١٨: ٣١٩)

یاری خۆنواندن کاریگەری هەیە لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی دەربڕینی زمانەوانی (بێژەکردنی دروستی وشەکان و ڕستەکان، بەکارهێنانی منداڵان بۆ جێناوەکان، بەکارهێنانی پیاوانە و مێینە، بەکارهێنانی ئەو وشانەی کە ئاماژەیە بۆ فرەیی، بەکارهێنانی سیفاتەکان، بەکارهێنانی پێچەوانەکان، بەکارهێنانی ڕەنگەکان) لە نێو منداڵانی پێش قۆناغی قوتابخانە . (سعيد و مراد، ٢٠١٨: ٣٢٠)

پەرەپێدانی کارامەییە عەقڵییەکانی منداڵان لە ڕێگەی یارمەتیدانیان دەبێت بە گەشەکردنی کارامەیی بڕیاردان ئەویش لەڕێی بەکارهێنانی چەندین ستراتیژی فێرکردنی جۆراوجۆر، بۆ نمونە مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات لیستێک دروست بکەن بە هەموو ئەو بڕیارە گرنگانەی کە لەماوەی (١٠ بۆ ١٥ ساڵ)ی داهاتووی ژیانیان دەیدەن، وەک هەڵبژاردنی پسپۆڕی

ئەکادیمی لە قۆناغی ئامادەیی یان زانکۆ و هەڵبژاردنی جۆری کار یان ئەو کارەی کە دەیەوێت پەیوەندی پێوە بکات و گفتوگۆ لەسەر ئەو هۆکارانە بکەن کە ئەم بڕیارانە پێکدەهێنن . (المجارحة، ٢٠٢٠: ١٩)

گەشەکردنی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکانی منداڵان لە ڕێگەی ئەو چالاکییانە دەبێت کە پێویستیان بە بەشداریکردن و کاری تیمی هەیە و ڕاهێنانیان بۆ بەڕێوەبردنی طفتوگۆ و دیالۆگ و پرسیارکردن . (المجارحة، ٢٠٢٠: ١٩)

بەدەستهێنانی کارامەییە ئابووریەکان بریتییە لە ڕاهێنانی منداڵان بۆ کار و بەرهەمهێنان و پراکتیزەکردنی هەردوو پرۆسەی کڕین و فرۆشتن و ئامادەکردنی بودجە و ئاشنابوون بە جۆرەکانی پیشەی دەستی و ئەو پیشەسازیانەی کە هەن لە قوتابخانە . (المجارحة، ٢٠٢٠: ١٩)

کارامەییەکانی پەیوەندیکردن بریتین لە کارامەییەکانی پەیوەندیکردنی تەکنەلۆژی کە دەتوانرێت پەرەی پێبدرێت لەڕێگەی بەدەستهێنانی منداڵان بۆ کارامەیی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بە ئاشناکردنیان بە گرنگی و تایبەتمەندیەکانی و بەکارهێنانە دروستەکانی و ڕاهێنانی پراکتیکی لەسەر بەکارهێنانی ماڵپەڕە کارلێککارە ئەلیکترۆنییەکان . (المجارحة، ٢٠٢٠: ١٩)

**٢-٣-٣ پێکهاتەکانی کارامەییەکانی ژیان:**

کارامەییەکانی ژیان پێکدێت لە:

١. پێکهاتە سۆزدارییەکان: کە نوێنەرایەتی دەکرێن بە کردار و هەڵبژاردنی شێوازی ئەدایەک یان نمایشێک.
٢. پێکهاتە مەعریفیەکان: کە لە زانینی چۆنیەتی ئەنجامدانی نمایشێک، ڕەفتارێک یان کردارێکدا نوێنەرایەتی دەکرێن.
٣. پێکهاتە کارامەییەکان: کە لە جێبەجێکردنی ڕاستەقینەی کارامەییدا نوێنەرایەتی دەکرێن . (قشطة، ٢٠٠٨: ٤٦، ٤٧)

**٢-٣-٤ ڕەهەندەکانی کارامەییەکانی ژیان**

هەروەها سێ پێکهاتە یان ڕەهەند هەیە بۆ کارامەییەکانی ژیان کە زۆرێک لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان لەسەریان کۆک بوون ئەوانیش:

١. ئاراستە: کە لە پاڵنەر و ئارەزووی ئەنجامدانی کردارێک یان هەڵبژاردنی شێوازی ئەدایەک نوێنەرایەتی دەکرێت .

٢. زانیاری: نوێنەرایەتی دەکرێت لە زانینی چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەدایەک یان ڕەفتارێک یان کردارێک.
٣. کارامەیی: نوێنەرایەتی دەکرێت لە شێوەی جێبەجێکردنی کردارێک بە شێوەیەکی ڕاستەقینە . (المومنی و یاسین، ٢٠١٤: ١٠٨)

**٢-٣-٦ تیۆرییەیەکانی کارامەییەکانی ژیان**

زۆرێک هەن لەو تیۆرانەی کە ڕوونی دەکەنەوە چۆن تاکێک ئاڕاستەکان و ڕەفتارەکانی بە دەست دەهێنێت و پەرەی پێ دەدات، بەم شێوەیە بەشدارن لە گەشەپێدانی پێشەکی کارامەییەکانی ژیان . وەک چۆن هاتووە لە لایەن (احمد عبدالمعطي) و (دعاء مصطفى: ٢٠٠٨)، چەندین تیۆری هەیە کە چۆنیەتی دەستکەوتی تاکە کەس ڕوون دەکاتەوە بەتایبەتی منداڵان و هەرزەکاران و پەرە بە ڕەوتەکان و ڕەفتارەکانیان دەدات، ئەم تیۆریانە تەنیا لە هەندێ قۆناغدا سنووردار نین بەڵکو هەموویان بەشدارن لە گەشەپێدان و ناساندنی کارامەییەکانی ژیان . لێرەدا باسی ئەمانەی لای خوارەوە دەکەین:

**١- تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی:**

چەند توێژینەوەیەک و چەند تیۆرێک ڕۆڵی شێوازەکانی ڕەفتار لە فێربوونی ڕەفتاری لایەنگری کۆمەڵایەتی پشتڕاست کردوەتەوە، هەروەها ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و دەستکاریکردنی ڕەفتار، لە نێوانیاندا تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتییە کە لە ساڵی حەفتاکان بڵاوبووەتەوە و لە پێشەنگەکانی ئەم تیۆریە (باندورا)یە کە وایدانا فێربوون لە ڕێگەی سەیرکردن و چاودێریکردن ئەنجام دەدرێت، هەروەها لە ڕێگەی کارلێککردن لەکەڵ کەسانی تر و ئەو ژینگەیەی کە تاک تیایدا دەژی . دەتوانرێت خاڵە سەرەکییەکانی ئەم تیۆریە بەم شێوەیەی خوارەوە کورت بکرێتەوە بە پێی ئەوەی کە لەلایەن (عبدالمعطى: ٢٠٠٨)ەوە بڵاوکراوەتەوە:

أ. تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی گرنگی فێربوون لە ڕێگەی چاودێری و کارلێکی کۆمەڵایەتی دووپات دەکاتەوە، سەرباری فێرکردن یان فێرکردنی زارەکی و خۆ بژێوی و ڕووبەڕوو بوونەوەی فشارە کۆمەڵایەتییەکان کە وامان لێ دەکات دۆخەکان بزانین بە شێوەیەکی جیاواز.
ب. بەرنامەی کارامارییەکانی ژیان پێویستە شێوازی سەرنجڕاکێشی فێرکردن لە خۆ بگرێت، لەوانەش شێوازی چاودێریکردن و ڕۆڵگێڕان و پەروەردەی هاوتەمەن .
ج. توانای دەرهێنانی زانیاری لە هەڵسوکەوتی کەسانی تر پاشان بڕیاردان دەربارەی ئەو هەڵسوکەوتانەی کە دەتوانێت نوێنەرایەتی ئەو ڕەفتارە بکات کە هەڵدەبژێردرێت .

د. ڕەتکـردنەوەی ئەو گریمانـانەی کە پێـی وایە بیرکـردنەوە دەتوانێـت ئەقـڵ و دەروون ڕێکبخات.

ه. تیـۆری کـۆمەڵایەتی ئەو شـێوازانە دەگـرێتەوە کە لە سیسـتمی خـۆ ڕێکخسـتنی تاکـدا بەشدارن و ڕۆڵی تێڕوانینی تاک بۆ کاریگەرییەکەی لە فێربووندا، ڕەفتارە کۆمەڵایەتی و لێهاتووییەکان بە چاودێریکردنی دایک و باوک و مامۆستا و هاوڕێ و تاکەکانی تر فێر دەکرێن، بەم شێوەیە ئەو ڕەفتارانە فێر دەبین کە بەرەو باشتربوونی ئەدای کارکردنمان دەبەن لە ڕێگەی چاودێریکردنی ئەنجامەکانی ئەم ڕەفتارە لەسەر ئێمە و لەسـەر ئەوانی تریش .

و. ڕەفتـاری کـۆمەڵایەتی و لێهـاتوویی کە لە ئەنجـامی چاودێریکردنـدا پەرە دەسـتێنێت، دەروازەیەک و ناوبژیوانێکە کە فێرخواز لەگەڵیدا کارلێک دەکات و پەرە بە پرۆسێسـی دەروونی خۆی دەدات لە سایەی ئەو فاکتەرە کۆمەڵایەتی و مەعریفیانەدا .

تایبەتمەنـدییەکی دیکەی جیاکەرەوەی تیۆری مەعریفی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە کـارێکە بـۆ ڕێکخسـتنی خـود دەستنیشـانکراوە و زۆربەی ڕەفتارەکانیـان بە پاڵنەرەکـانی کـۆنترۆڵکردنی نـاوخۆیی ڕێکخـراوە کە نـاونراوە بە پێوەری نـاوخۆیی و کـاردانەوەی هەڵسـەنگاندن بـۆ ئەدای کارکردنیـان، تیـۆرییەکە تەرکیـزی لەسـەر گرنگـی کـارلێکی ئـاڵوگۆڕکراو لە نێـوان کەسـەکە و ڕەفتار و ژینگە و فێربوونی چالاک و فێربوونی نواندن کردووە، هەروەها گرنگی جیاکردنەوە لە نێـوان فێربـوون و ئەنجامـدان لە حـاڵەتی فێربـوون بە چـاودێریکردن، لێـرەوە دەگەیـنە ئەو ئەنجـامەی کە تیـۆری مەعریفـی کـۆمەڵایەتی دووپـاتی دەکـاتەوە کە فێربـوون لە ڕێـگەی چاودێریکردنەوە و لە ڕێگەی کارلێککردن لەکەڵ کەسانی دیکە و لەگەڵ ژینگەدا دەبێت و ئەدای فێرخـواز لە هەر بـارودۆخێکی پەروەردەییدا بەرهەمـی تایبەتمەنـدی کەسـییە و ئەو بـارودۆخە ژینگەیـــیەی کە ڕەفتـــارەکە تیایـــدا ڕوودەدات و زۆربەی ڕەفتارەکانیـــان بە پاڵنەرەکـــانی کۆنترۆڵکردنی ناوخۆیی ڕێکخراوە و کۆنترۆڵکراوە کە توێژەرەکە ناوی لێناوە پێوەری ناوخۆیی و کاردانەوەی هەڵسەنگاندن بۆ ئەدای کارکردنیان، تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی دوو کاریگەری سەرەکی هەیە لەسـەر گەشـەکردنی کارامەییەکانی ژیـان و بەرنامەکانی کارامەیی کۆمەڵایەتی، یەکێک لەم دوو کاریگەرییە پێویستی دابینکردنی ڕێگە یان کارامەییەکانە بۆ منداڵان کە لەگەڵ لایەنە ناوخۆییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییان بگونجێت، لەوانەش کەمکردنەوەی فشاری دەروونی و کـۆنترۆڵکردنی بڕیـاردان، کـاریگەری دووەم ئەوەیە کە دەبێـت کـاریگەر بێـت لەبەر ئەوەی بەرنامەکانی کارامەیی ژیان شێوازی سەرنجڕاکێشی فێرکردن لەخۆ دەگرن، لەوانە شێوازی چاودێریکردن و ڕۆڵگێڕان فێرکردنی هاوتەمەنەکان . تاک زۆر شت لە ڕەفتاری لێهاتوویی و کۆمەڵایەتییەکانی فێر دەبێت لە ڕێگەی چاودێریکردنی دایک و باوک و مامۆستا و هاوڕێ و تاکەکانی دیکە کە لەوانەیە شێوازەکانی ڕەفتار لە دەوروبەرمان نیشان بدەن و ئەو ڕەفتارانە

فێر ببین کە بەرەو باشتربوونی ئەدای کارکردنمان دەبات لە ڕێگەی چاودێریکردنی ئەنجامی ئەو ڕەفتارانە لەسەرمان، دەتوانرێت دایک و باوک و مامۆستاکان وەک نمونەیەک بەکاربهێنرێت و پێشکەشی منداڵ بکرێت کە دەتوانرێت لە ڕێگەی وەسفکردنی زارەکی و وێنەییەوە پێشکەشی بکرێت، هەندێک جار تەنها ئاماژەکردن بۆ ڕەفتاری نمونە بەسە ئەگەر زانراو بێت لای منداڵ، لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان بە چاودێریکردنی کەسانی دیکە پەرە بە زانست و یاساو لێهاتوویی و ستراتیژی و بیروباوەڕ و هەڵوێستی خۆیان دەدەن و لە ڕێگەی نموونەکانەوە فێری گرنگی و سوودی ڕەفتار و لێکەوتەکانی ئەو ڕەفتارە لەسەر کەسانی تر دەبن . (عبدالمعطي و مصطفى، ٢٠٠٨: ٧٦-٨٠)

**٢- تیۆری گەشەکردن**

تێگەیشتن لە گۆڕانکارییە ئاڵۆزەکانی مەعریفی و کۆمەڵایەتی و بایۆلۆژی کە لە کۆرپەییەوە تا هەرزەکاری ڕوودەدەن لە زۆربەی باروودۆخەکاندا دەکەوێتە ژێر تیۆرییەکانی گەشەی مرۆڤەوە، یەکێک لە بەناوبانگترین پێشەنگەکانی ئەم تیۆرییە (جان بیاجیه - Jean Piaget)ە کە پێیوایە مرۆڤ لە ڕێگەی کارلێککردن لەگەڵ ژینگەدا مانا دەبەخشێت بە جیهان، لە سەرەتای منداڵییەوە تا تەمەنی (١٨) مانگی کۆرپە زۆر شت فێر دەبێت لەبارەی ژینگەوە لە ڕێگەی ئەزموونی هەستی ڕاستەوخۆی خۆیەوە و خەریکی پەرە پێدانی ئامرازی ئاڵۆزترن بۆ تێگەیشتن لە جیهان لە ڕێگەی زمان و لاساییکردنەوە و بینین و یاری هێمادار و وێنەکێشان و بە گواستنەوەیان بۆ سەرەتای هەرزەکاری منداڵ دەست دەکات بە تێگەیشتن لە پەیوەندییە نەرێنییەکان و لۆژیک و زیاتر شارەزا دەبێت لە چارەسەری کێشەکان، سەبارەت بە بواری خێزانی و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی هەندێک پێیان وایە کە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان ئاڵۆزتر دەبن لەگەڵ چوونە ناو قۆناغی هەرزەکاری و کات بەسەر بردن لەگەڵ هاوتەمەنەکان زیاد دەکات لەگەڵ ئەو کارلێکانەی لەگەڵ هاوتەمەنەکانی ڕەگەزی بەرامبەر هەیەتی، لەکاتێکدا کە هاوتەمەنەکان لەم کاتەدا گرنگن بەڵام خێزان و دایک و باوک هێشتا کاریگەرییەکی بەهێز و گرنگیان لە تەمەنی هەرزەکاریدا هەیە، شێوازی تاکڕەوی باوک و دایک کە پێناسە دەکرێت بە گەرم و گوڕ و بەشدار، بەڵام پتەو و جێگیر لە دانان و بەهێزکردنی هێڵی ڕێنماییەکان و سنوورەکان، هەروەها چاوەڕوانییە گونجاوەکانی گەشەکردن کاریگەریی ئەرێنی لەسەر هەرزەکاران هەیە، لایەنێکی دیکەی ئەرێنی پێدانی سەربەخۆیی دەروونییە کە پێناسە دەکرێت بە ڕادەی هاندانی دایک و باوک بۆ هەرزەکاران و ڕێگە پێدانیان کە پەرە بدەن بە بۆچوون و بیروباوەڕی تایبەتی خۆیان، گەشەی زگماکی ڕەهەندێکی گرنگی گەشەی مرۆڤ دەگۆڕێت کە دەتوانرێت بەو بەهاو ڕێسایانە پێناسە بکرێت کە تاک لە هاوسەنگکردنی بەرژەوەندی و ئەزموونە ناکۆکەکانی خود و ئەوانی دیکە بەکاری دەهێنێت و بڕیاردان لەسەری، ئاشکراکردنی

دەرئەنجامی زگماکی بۆ باشترکردنی کوڕان و کچان لە کولتووره جیاوازەکاندا لەوانەیە ببێتە هۆی یەکخستنی بەهاکان و گەشەکردنی زگماکی لەناو بەرنامەکانی کارامەیی ژیاندا . (عبدالمعطي، ۲۰۰۷: ۹٤)

**٣- تیۆری ڕەفتاری دروستکراو**

ئەم تیۆرییە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕەفتاری هەرزەکاران لەوانەش ڕەفتارە مەترسیدارەکان دەتوانرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ یەک سەرچاوە، بەڵام ئەویش بەرهەمی کارلێکە ئاڵۆزەکانی نێوان تاکەکان و ژینگەکەیانە، ئەم تیۆرییە بایەخ دەدات بە پەیوەندییەکانی نێوان سێ بەشەوە: (عبدالمعطي، ۲۰۰۹: ۸۷)

١. سیستمی کەسایەتی کە بەها و چاوەڕوانی و بیروباوەڕ و ڕەوتەکان و ئاڕاستەکان بەرەو خود و کۆمەڵگا لەخۆ دەگرێت.
٢. سیستمی ژینگەیی هەستپێکراوی تێڕوانینەکان بە ئاڕاستەی هاوڕێ و دایک و باوک و ڕەوشتەکان .
٣. سیستمی ڕەفتاری کۆمەڵێکی دیاریکراو لە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییە قبوڵنەکراوەکان وەک (کحول و تووتن و مادەی هۆشبەر و لادان . . . .) .

ئاماژەی پێداوە، پشتگیریکردن بوو لە (هەر وەک (عبدالمعطي، (jesoor ۲۰۰۹) یەکەم بەرهەمەکانی گەشەی دەروازەکانی کارامەیی ژیان کە ستراتیژییەکانی هەرسێ سیستمی ئاماژە پێکراوی لەخۆگرتبوو، لەم ساڵانەی کۆتاییدا دوو سیستمی دیکە زیادکراون:

أ. ژینگەی کۆمەڵایەتی، لەوانەش گۆڕاوەکانی هەژاری و پێکهاتەی خێزان .
ب. جینەکانی بایۆلۆجی، کە گۆڕاوەکانی وەک مێژووی خێزانی لە خواردنەوە کحولیەکان لەخۆ دەگرێت و هەروەها زیرەکی بەرز .... هتد.

پاشان دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەم تیۆرییە بایەخ دەدات بە پەیوەندی نێوان بەشەکانی سیستمی کەسایەتی کە بەهاو چاوەڕوانییەکان و هەڵوێستەکان بەرامبەر بە خود و کۆمەڵگە لەخۆ دەگرێت، جگە لە ژینگەی هەستپێکراو کە بریتییە لە ئاگاداری لە هەڵوێستی کەسانی دیکە و هاوڕێ و دایک و باوک بەرامبەر بە ڕەفتارەکان، سیستمی ڕەفتاری وەسفی کۆمەڵێک ڕەفتاری کۆمەڵایەتی قبووڵنەکراو لەخۆ دەگرێت، ژینگەی کۆمەڵایەتیش هەژاری و خراپی ئەدای خوێندن و پێکهاتەی خێزان لەخۆ دەگرێت، جیناتی بایۆلۆجیش مێژووی خێزان و زیرەکی لەخۆ دەگرێت و جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەتوانرێت ڕەفتار بگەڕێتەوە بۆ یەک سەرچاوە لە ئەنجامی کارلێکی ئاڵۆزی نێوان تاک و ژینگەکەی، هەروەها هەموو سیستمێکی کۆمەڵایەتی دەروونی جەند گۆڕاوێکی تێدایە کە وەک هاندەر کار دەکەن و کۆنترۆڵی ڕەفتارە

کێشەدارەکان دەکەن، لە ئەنجامدا مەیلی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە و پەرەپێدانی کارامەیی وەک کارامەیی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەتوانێت کاریگەری لەسەر گۆڕاوەکانی دیکە هەبێت وەک بەرنامەکانی خۆپاریزی لە دزەکردن و ئەوانی دیکە .

**٤-تیۆری مەعریفی:**

ئەم مۆدێلەی تایبەت بە بنیاتنانی لێهاتوویی وای دەبینێت کە پێویستە کارامەییەکانی چارەسەرکردنی کێشەی مەعریفی ئاڵوگۆڕ لە نێوان کەسەکان بخوێنرێت چونکە پێدەچێت ببێتە هۆی کەم بوونەوە یان ڕێگریکردن لە ڕەفتارە قەدەغەکراوەکان و ڕەفتارە بە پەلەکان، واتە کارامەییەکان لێردا تەرکیز دەکاتە سەر دوو خاڵی گرنگ:

أ. توانای بەرهەمهێنانی چارەسەری جێگرەوە بۆ کێشەیەکی بەرامبەری کەسی .

ب. توانای دانانی چوارچێوەی چەمکێک بۆ دەرئەنجامەکانی ڕەفتارە جیاوازەکان، هەروەها پەیوەندی نێوان کارامەییەکان دۆزراوەتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و خۆ گونجاندنی کۆمەڵایەتی نەک تەنها لە منداڵانی پێش قوتابخانە و باخچە بەڵکو لە هەرزەکاران و گەورەکانیشدا .

توانای چارەسەرکردنی کێشەکان تا دێت گرنگتر دەبێت زیاتر بۆ خوێندکاران، چونکە یەکێکە لە کارامەییە مەعریفیە ئاست بەرزەکان کە لە ژێر گفتوگۆدا نەماوە، یارمەتی خوێندکاران دەدات لە داهاتوودا مامەڵە لەگەڵ پێشکەوتنە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگا بکەن، لە پێناو جێبەجێ کردنی داواکارییەکانی کارەکە لە داهاتوودا، ئەمەش پێویستی بەوە کرد کە زانکۆکان پرۆگرام و شێوازی وانە وتنەوە تیایدا و ژینگەی پەروەردەیی خۆیان بە شێوەیەکی گشتی بۆ مامەڵە کردن لەکەڵ فشارەکانی ئێستا و سازان لە نێوان تیۆری و پراکتیک پەرە پێ بدەن . (شاهین، ٢٠١٣: ٤)

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە تیۆری مەعریفی جەخت لەسەر پێویستی پێشکەشکردنی ڕێبازێکی چارەسەری دەکاتەوە لە قۆناغێکی سەرەتایی ژیاندا بە مەبەستی ڕێگریکردن لە کێشەکانی دواتر کە لە ڕادەبەدەر مەترسیدارن بە مامەڵەکردن لەگەڵ پێشبینیکەرانی ڕەفتاری، لە شێوازەکانی فێرکردنی ئەو کارامەییانە بریتین لە چارەسەرکردنی قەیرانەکان، بیرکردنەوە، ڕۆڵگێڕان، پێشکەشکردنی فیدباک لە ئەدای کارکردن .

**٥-تیۆری مەترسی و خۆڕاگری**

تیۆری مەترسی و خۆڕاگری هەوڵدەدات هۆی وەڵامدانەوەی هەندێ کەس بۆ فشارەکان بە شێوەیەکی باشتر بە بەراورد لەگەڵ ئەوانی تر ڕوون بکاتەوە، وای دەبینێت کە فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی هەیە لە مەترسییەکان و فشارە کۆمەڵایەتییەکانی هەژاری و دڵەڕاوکێ و

خراپەکاری دەتپارێزێت، واتە ئەگەر تاکە کەس هۆکاری پاراستنی بەهێزی هەبێت بە دڵنیاییەوە دەتوانێت بەرەنگاری ئەو ڕەفتارە هەڵانە ببێتەوە کە لە ئەنجامی فشارەکان و مەترسییەکان دروست دەبن، فاکتەری پاراستنی ناوخۆیی خۆ هەڵسەنگاندن و سەنتەری کۆنترۆڵی ناوخۆیی لە خۆ دەگرێت، لە کاتێکدا کە هۆکارە دەرەکیەکان بریتین لەو پشتگیرییەی کە لە خێزان و کۆمەڵگاوە وەرگیراوە .

وەک (بێرنارد، ١٩٩١) کە بە یەکێک لە پێشەنگەکانی ئەم تیۆرییە دادەنرێت ئاماژەی داوە بەو تایبەتمەندییانەی کە تاکە نەرم و نیان و خۆڕاگرەکان جیا دەکەنەوە لەوانی دیکە، ئەوانیش:

أ. لێهاتوویی کۆمەڵایەتی .
ب. کارامەیی لە چارەسەری کێشەکان .
ت. بە دەستهێنانی مانای مەبەست .
ث. سیفەتی پارێزەرییان هەیە کە بریتین لە بەرژەوەندییەکان و پەیوەندی پشتیوانیکەر و پێشبینیە گەورەکان و دەرفەت بۆ بەشداریکردنی گەنجان .
ج. بەشداریکردنی هەریەک لە تاک و خێزان و کۆمەڵگا لە ستراتیژییەکانی خۆڕاگری و کەمکردنەوەی مەترسی.

**٦-تیۆری فرە زیرەکی:**

لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، دەروونناس (جاردنر) تیۆری خۆی لە بارەی فرە زیرەکییەوە خستەڕوو، تیۆرییەکەی سەرنجی زۆرێک لە پەروەردەکارانی بۆلای خۆیان ڕاکێشا و زیرەکی وەک کۆمەڵەیەکی نا ئاڵۆزی توانا مەعریفیەکان پێناسە کرد و پێشنیاری بوونی ٨ جۆر لە زیرەکی مرۆڤی کرد کە هەمەجۆری تواناکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ لەبەرچاو دەگرن، بریتین لە: زیرەکی زمانەوانی، لۆژیکی ژمێریاری، مۆسیقی، شوێنی، جەستەیی، جووڵەیی، سروشتی، ئاڵوگۆڕی کەسی (کۆمەڵایەتی)، زیرەکی تاکەکەسی . (عبدالمعطی و مصطفی، ٢٠٠٨: ٩١)

أ. زیرەکی زمانەوانی: نوسین و خوێندنەوە و گێڕانەوەی چیرۆک و چارەسەری ووشە بڕاوەکان لەخۆ دەگرێت .
ب. زیرەکی لۆژیکی / ژمێریاری: ژمێریاری لەخۆ دەگرێت و گرنگی بە نەخشەکان و پۆلێنکردن و پەیوەندییەکان و پرسەکانی ژمێریاری ویاری ستراتیژی و تاقیکردنەوەکان دەدات .
ت. زیرەکی جەستەیی/جووڵەیی: وەرزش، سەما، دورین، دارتاشی لەخۆ دەگرێت .

ث. زیرەکی مۆسیقی: گۆرانی وتن و زیاتر ئاواز دانان و جیاکردنەوەی گوێگران لەخۆ دەگرێت .

ج. زیرەکی ئاڵوگۆڕی کەسی (کۆمەڵایەتی): کارامەییەکانی سەرکردایەتی، پەیوەندیکردن، تێگەیشتن لە هەستی کەسانی دیکە و چۆنییەتی مامەڵ کردن لەگەڵیاندا لەخۆ دەگرێت .

ح. زیرەکی کەسی ناوخۆیی: خۆ پاڵنەر لەخۆ دەگرێت کە پەیوەندی بە توانای پێکهێنانی نمونەیەکی ڕاستگۆ لەسەر خود هەیە و توانای دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی کە تاک خاوەنداریێتی دەکات بە تێڕوانینە ناوخۆییە دەروونییەکانیەوە .

خ. زیرەکی سروشتی: توانای جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی زیندەوەرە زیندووەکان و تەنە نا زیندووەکانە، هەروەها هەستیاری و هۆشیاری بەرامبەر ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ژینگەی دەوروبەردا ڕوودەدەن .

د. زیرەکی شوێنی (بینراو): توانای هەستکردنە بە جیهانی فەزایی بینراو بە شێوەیەکی ورد و ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکان لەسەر ئەو تێڕوانینانە، بە تایبەتی لە کەسانی خاوەن توانای تەکنیکیدا دیارە لەوانە نیگارکێش و ئەندازیاران .... هتد .

لە ڕێگەی ئەم تیۆرییەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بە هەشت زیرەکیەوە لە دایک دەبن کە لە هەر مرۆڤێکدا بە پلەیەکی جیاواز گەشە دەکەن، مرۆڤەکانیش ئەو زیرەکیانە بە شێوازی جیاواز بەکار دەهێنن بۆ گەشەپێدانی کارامەییەکان یان چارەسەری کێشەکان، تیۆرییەکە وابەستەیە بە بنەمای ئەگەری گەشەکردنی زیرەکیەکان بە تێپەڕبوونی کات لە ڕێگەی ڕاهێنان لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕاهێنان لەسەر کارامەییەکانی بیرکردنەوە، لەوانەش بیرکردنەوەی داهێنەرانە، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، بیرکردنەوەی داهێنەرانە پەیوەندی بە بەرهەمهێنانی بیرۆکەکانەوە هەیە، لە کاتێکدا ڕەخنەگر گرنگی دەدات بە هەڵسەنگاندنی بیرۆکەکان و بڕیاردان لەسەری، بە پشت بەستن بە تیۆری فرە زیرەکی گرنگە کە ئێمە ستراتیژی فێرکردنی کاریگەر بۆ تاکەکان دابین بکەین کە لەگەڵ شێوازە جیاوازەکانی فێربووندا بگونجێت. (عبدالمعطی و مصطفی، ٢٠٠٨: ٩٢)

## ٤-٢ توێژینەوەکانی پێشوو

### ٢-٤-١ توێژینەوەکانی تایبەت بە شانۆی بوکەڵە

| ١. توێژینەوەی (الشنطاوي، ٢٠٠٠) | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوەکە | کاریگەریی بەکارهێنانی شانۆی بوکەڵە لە خوێندندا لەسەر دەستکەوتی بابەتی بیرکاریی و کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوەی داهێنەرانەو خەیاڵ لای قوتابیانی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی |
| ئامانجی توێژینەوەکە | ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لەزانینی کاریگەریی بەکارهێنانی شانۆی بوکەڵە لەخوێندندا لەسەر دەستکەوتی بابەتی بیرکاریی و کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوەی داهێنەرانەو خەیاڵ لای قوتابیانی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی. |
| میتۆدی توێژینەوە کە | میتۆدی ئەزموونی |
| شوێن و ساڵی | ئەردەن / زانکۆی موئتە/ ساڵی (٢٠٠٠). |
| کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتبووە لە سەرجەم منداڵانی قۆناغی سێیەمی بنەڕەتی، لەو کۆمەڵگەیەش توێژەر (٦٥) قوتابی لە ڕەگەزی نێر و مێ وەرگرتووە (٣١ نێر و ٣٤ مێ). |
| ئامرازەکانی توێژینەوەکە | توێژەر دوو جۆر پێوەری دروستکردبوو، کە پێوەری یەکەمیان بریتیبووە لە (پێوەری خەیاڵ) کە لە دوو بەش پێکهاتبوو، هەر بەشێکیش لە چوار شێوە پێکهاتبوو، پێوەری دووەمیش بریتیبوو لە پێوەری (بیکردنەوەی داهێنەرانە) کە بەسەر سێ لێهاتووییدا دابەشیکردبوو کە بریتبوو لە (زمان پاراوی، نەرمی، ڕەسەنی). |
| ئامرازە ئامارییەکان | تاقی کردنەوەی t-test، ناوەندە ژمێرەیی، لادانی پێوەری. |
| ئەنجامی توێژینەوە کە | ١. ڕێگای بەکارهێنانی شانۆی بوکەڵە بە باشترین شێوازی کۆن دادەنرێت لە دەستکەوی بیرکردنەوەی داهێنەرانەو خەیاڵدا.<br>٢. شانۆی بوکەڵە کاریگەریی لەسەر منداڵان دروست دەکات و سەرنجیان بەلای بابەتەکەدا ڕادەکێشێت.<br>٣. هیچ جیاوازییەک بەدیناکرێت لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە دەستکەوتنی بیکردنەوەی داهێنەرانەو خەیاڵ لەسەر کاریگەریی شانۆی بوکەڵە لەسەریان. |

| | |
|---|---|
| | ٤. ئاستی ئاماریی بەڵگەداریی بوونی هەیە لە دەستکەونی بیکردنەوەی داهێنەرانەو خەیاڵ، ئاستی گروپی ئەزموونی زیاترە لە دەستکەوتنی بابەتەکە بە بەراورد بە گروپی کۆنترۆڵکراو. (ایاد خالد شنطاوي، ٢٠٠٠) |

| **٢. توێژینەوەی (خلیل، ٢٠١٨)** | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوەکە | کاریگەریی شێوازی پێشکەشکردنی شانۆی بوکەڵە و گێڕانەوە لە گەشەکردنی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە. |
| ئامانجی توێژینەوەکە | زانینی کاریگەریی شێوازی پێشکەشکردنی شانۆی بوکەڵە و گێڕانەوە لە گەشەکردنی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە. |
| میتۆدی توێژینەوەکە | میتۆدی ئەزموونی |
| شوێن و ساڵی | مصر، ٢٠١٨ |
| کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتبوو لە منداڵانی ئاستی دووەمی باخچەی منداڵان، (٣٠) منداڵ لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ وەرگیرابوون دابەشکرابوون بەسەر دوو گروپدا، (گروپی کۆنترۆڵکراوو گروپی ئەزمونی). |
| ئامرازەکانی توێژینەوەکە | توێژەر کارتی تێبینیکردنی بەکارهێناوە وەک ئامرازی توێژینەوەکەیی و دابەشیکردووە بەسەر هەردوو گروپی توێژینەوەکەیدا. |
| ئامرازە ئامارییەکان | ناوەندە ژمێرەیی، لادانی پێوەری، spss |
| ئەنجامی توێژینەوەکە | ١. بە ڕێژەیەکی بەرز شانۆی بوکەڵە کاریگەریی لەسەر هەیە لەسەر کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە لەڕووی پێشکەشکردن و گێڕانەوەوە لە باخچەی منداڵان.<br>٢. جیاوازییەکی بەرچاو بەدیدەکرێت لەڕووی کاریگەریی شانۆی بوکەڵە لەسەر هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو، کە لە بەرژەوەندی گروپی ئەزوونییە ئەو گروپەی کە تاقیکردنەوەکەیان بەسەردا جێبەجێکراوە. |

| ٣. **توێژینەوەی** (Aminimanesh, 2019) | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوەکە | کاریگەری نمایشی بوکەڵە و شێوازەکانی چیرۆکگێڕان لەسەر کێشەکانی ڕەفتاری منداڵان |
| ئامانجی توێژینەوەکە | کۆکردنەوەی زانیاری، پرسیارنامەی کێشەی ڕەفتاری منداڵانی پێش قوتابخانەی شاهیم بەکارهێنرا. |
| میتۆدی توێژینەوەکە | میتۆدی ئەزموونی |
| شوێن و ساڵ | گۆڤاری پەرستاری ئێرانی ٢٠١٩_٢٠٢٠ |
| کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە | توێژینەوەکە لە ساڵی ٢٠١٤ لەسەر ٧٥ منداڵی تەمەن ٣_٥ ساڵ ئەنجامدراوە کە لە سێ باخچەی منداڵانی شاری ئەسفەهانی ئێران هەڵبژێردراون. |
| ئامرازەکانی توێژینەوەکە | ئەم توێژینەوەیە نیمچە تاقیکارییە لەسەر سێ گروپ ئەنجامدرا (نمایشکردنی بوکەڵە و چیرۆکگێڕان وەک گروپی تاقیکردنەوە و گروپێکی کۆنترۆڵ)، لە سێ قۆناغدا، بە بەکارهێنانی دیزاینی پێش تاقیکردنەوە-دوای تاقیکردنەوە. داتاکان بە بەکارهێنانی ئاماری وەسفکەر و دەرئەنجامی لە نەرمەکاڵای SPSS شیکرانەوە. |
| ئامرازە ئامارییەکان | بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، پرسیارنامەی کێشەی ڕەفتاری منداڵانی پێش قوتابخانەی شاهیم بەکارهێنرا. داتاکان بە بەکارهێنانی ئاماری وەسفکەر و دەرئەنجامی لە نەرمەکاڵای SPSS شیکرانەوە. |
| ئەنجامی توێژینەوە کە | بە پشتبەستن بە ئەنجامی تاقیکردنەوە ئامارییەکان، جیاوازییەکی بەرچاو لە گۆڕاوەکانی تەمەن و پیشەی باوک و دایک و ئاستی پەروەردەی باوک و دایک لە نێوان هەردوو گروپی تاقیکاری و گروپی کۆنترۆڵدا نەبووە. گروپەکان لە ڕووی ئامارییەوە لە حاڵەتەکانی ئاماژەپێکراودا هاوشێوە بوون. مامناوەندی و لادانێکی ستانداردی تەمەنی منداڵان بە ڕێککەوت ٤,٢٠ (٠,٨٠)، ٤,١٠ (٠,٨٠) و ٤ (٠,٨٠) بوو لە نمایشی بوکەڵە، چیرۆکگێڕان و گروپەکانی کۆنترۆڵ. جگە لەوەش زۆربەی دایکان ژنیماڵەوە بوون ڕێژەیان (٥٢%)بوو و(٤٤%) بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەبووە، هەروەها (٦١%)زۆربەی باوکەکان فەرمانبەر بوون و (٤٧%)بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەبووە. تاقیکردنەوەی یەکلایەنەی ANOVA دەریخست کە مامناوەندی تەمەنی منداڵان لە سێ گروپەکەدا جیاوازییەکی بەرچاوی |

| | |
|---|---|
| | نەبووە (p = 0.580). سەرەڕای ئەوە، شیکاریی پێوەرە دووبارەبووەکان ANOVA ئاماژەی بەوەدا کە مامناوەندی نمرەی BPی منداڵان لە نمایشی بوکەڵەدا لە سێ کاتەکەدا وەک یەک نەبووە. (Aminimanesh,Et,al, 2019) |

| ٤. **توێژینەوەی**(Loy,2020) | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوەکە | کاریگەرییەکانی بوکەڵە لە بەرنامەکانی Eduwebtv لەسەر تواناکانی قسەکردنی زمانی نیشتمانی منداڵان |
| ئامانجی توێژینەوەکە | کاریگەرییەکانی بوکەڵە لە بەرنامەکانی Eduwebtv لەسەر تواناکانی قسەکردنی زمانی نیشتمانی منداڵان. |
| میتۆدی توێژینەوەکە | میتۆدی ئەزموونی |
| شوێن وساڵی توێژینەوەکە | مالیزیا (٢٠٢٠_٢٠٢١) |
| کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە | مامۆستایانی باخچەی منداڵانی کوالامپور لە نێوان ٣٠-٤٠ مامۆستا. |
| ئامرازەکانی توێژنەوەکە | لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ باخچەی منداڵان و دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی و دواتر شیکاری ئەنجامەکان.هاوکۆلکەی ئەلفا،لادانی پێوانەیی،بەهای تائی، t -test |
| ئەنجامی توێژینەوەکە | ئەنجامی توێژینەوەکان گەیشتوونەتە ئەو گریمانەیەی توێژینەوەکە کە جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان تێڕوانینی مامۆستایان بۆ بەکارهێنانی بوکەڵە وەک ئامرازی فێرکردن لە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و سۆزداری منداڵاندا نییە بە پشتبەستن بە دۆخی باخچەی ساوایان و ماوەی وانەوتنەوە لە پێش قوتابخانەدا. ئەمەش دەریدەخات کە مامۆستایانی باخچەی ساوایان تێڕوانینێکی ئەرێنییان هەیە بۆ بەکارهێنانی بوکەڵە لە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و سۆزداری منداڵاندا. (Loy Chee Luen, et,al, 2020) |

**٢-٤-٢ توێژینەوەکانی تایبەت بە کارامەییەکانی ژیان**

| ١. **توێژینەوەی (ابراهیم، ٢٠٠٦)** | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوەکە | کاریگەریی بەرنامەیەکی پێشنیازکراو لە چالاکی شانۆیی لە گەشەکردنی هەندێک لە کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە. |

| | |
|---|---|
| ئامانجی توێژینەوەکە | زانینی کاریگەریی بەرنامەیەکی پێشنیازکراو لە چالاکی شانۆیی لە گەشەکردنی هەندێک لە کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە. |
| میتۆدی توێژینەوەکە | میتۆدی ئەزموونی |
| شوێن و ساڵی توێژینەوەکە | باخچەکانی شاری حمص لە سوریا، بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٤ – ٢٠٠٥). |
| کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیبوو لە منداڵانی باخچەی منداڵان لە شاری حمص، لەو کۆمەڵگەیەش نموونەی توێژینەوەکە وەرگیرابوو کە بریتیبوو لە (٣٠) منداڵ لە هەردو ڕەگەزی نێرو مێ. |
| ئامڕازەکانی توێژینەوەکە | ئامڕازی توێژینەوەکە بریتبوو لە هەڵبژاردنی بوارەکانی کارامەییەکانی ژیان کە لەگەڵ منداڵاندا گونجاو بێت، هەروەها پێوەری کارامەییەکانی ژیان لەسەر بونیادنانی پرۆگرامی پێشنیازکراو لە گەشەکردنی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵان. |
| ئامڕازە ئامارییەکان | ناوەندە ژمێرەیی، لادانی پێوەریی،تاقی کردنەوەی تائی هەژمارکراو. |
| ئەنجامی توێژینەوە کە | توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە جیاوازی ئاستی ئاماریی بەڵگەداریی هەیە لەبەرژەوەندی گروپی ئەزمونی پاشەکی لەنێوان ناوەندە ژمێرەیی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر پێوەری کارامەییەکانی ژیان دوای جێبە جێ کردنی پرۆگرامەکە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پرۆگرامی پێشنیازکراوی چالاکی شانۆیی و کاریگەریی گەورەی هەیە لە گەشەکردنی هەندێک لە کارامەییەکانی ژیان لای منداڵان. (منال ابراهیم، ٢٠٠٦) |

| | |
|---|---|
| **٢. توێژینەوەی (عریقات،، ٢٠١٧)** | |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | کاریگەری بەرنامەیەکی ڕاهێنان پشتبەستوو بە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان (چاودێری تەندروستی، پەیوەندی کۆمەڵایەتی) لای منداڵانی باخچە. |
| ئامانجی توێژینەوەکە | زانینی کاریگەری بەرنامەیەکی ڕاهێنان پشتبەستوو فەلسەفەی کۆمەڵایەتی لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان (چاودێری تەندروستی، پەیوەندی کۆمەڵایەتی) لای منداڵانی باخچە. |
| میتۆدی | میتۆدی ئەزموونی |

| | |
|---|---|
| توێژینەوەکە | |
| شوێن و ساڵی توێژینەوەکە | باخچەکانی پارێزگای جرش لە ئەردەن بۆ ساڵی (٢٠١٦ – ٢٠١٨) |
| کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیبوو لە سەرجەم منداڵانی باخچەی منداڵان لە پارێزگای جرش لە ئەردەن، لەو کۆمەڵگەیە نموونەکەی بریتیبوو لە (٦٠) منداڵ، کە دابەشیکردبوون بەسەر دوو گروپدا، گروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکراو. |
| ئامرازەکانی توێژینەوەکە | ١. دیزانینکردن و دانانی پرۆگرامێکی پشتبوستوو بە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و پێشکەشکردنی بە منداڵانی باخچە بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.<br>٢. تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان کە خۆی لە (١١) بڕگەدا دەبینییەوە، (٥) بڕگەیان تایبەتبوو بە چاودێریی تەندروستی و (٦) بڕگەشیان تایبەتبوو بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی. |
| ئامرازە ئامارییەکان | توێژەر پشتی بە (spss) بەستووە لە شیکردنەوەی داتاکان و ئامرازەکانی ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوانەیی بەکارهێناوە بۆ شیکاریی بڕگەکانی توێژینەوە. |
| ئەنجامی توێژینەوەکە | ١. دوای ئەوەی کە پرۆگرامەکە بەسەر منداڵاندا جێبەجێکرا دەرکەوت کە کاریگەریی ڕوونی هەبوو لەسەر کارامەییەکان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لێهاتوییە جەستەییەکان.<br>٢. بوونی کاریگەریی بەرنامەی پێشنیازکراو لە چالاکییەکانی شانۆ لە گەشەپێدانی هەندێک کارامەیی ژیان لای منداڵانی باخچە.( یاسمین محمود عریقات ، ٢٠١٨) |

| | |
|---|---|
| **٣-توێژینەوەی (ابو شعیرە،الشمری،٢٠١٨)** | |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | کاریگەریی وانەوتنەوە لەسەر بنەمای کارامەییەکانی ژیان لەسەر دەستکەوت لە فێرکردنی خولی کارامەییەکانی پەیوەندیکردن بۆ خوێندکارانی ساڵی ئامادەکاری لە زانکۆی حائل. |
| ئامانجی توێژینەوەکە | بریتییە لە خستنەڕووی کاریگەریی وانەوتنەوە لەسەر بنەمای کارامەییەکانی ژیان لەسەر دەستکەوت لە فێرکردنی خولی کارامەییەکانی پەیوەندیکردن بۆ خوێندکارانی ساڵی ئامادەکاری لە زانکۆی حائل. |

| | |
|---|---|
| میتۆدی توێژینەوەکە | میتۆدی ئەزموونی |
| شوێن و ساڵی توێژینەوەکە | سعودیە، زانکۆی (حائل) ساڵی (٢٠١٧ – ٢٠١٨) |
| کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیبوو لە خوێندکارانی زانکۆی حائل، ئەوانەی کە لە فێرکردنی خولیدا بوون، ئەو کۆمەڵگەیەش نموونەکە دەستنیشانکراو کە بریتیبوو لە (٢١١) خوێندکار لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ. توێژەر ئەم نموونەیەی دابەشکردبوو بەسەر دوو گروپدا، گروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکراو. |
| ئامرازەکانی توێژینەوەکە | ئامرازەکانی توێژینەوەکە بریتیبوون لە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەیەکی سەرەتایی کە لە (٥٠) بڕگە پێکهاتبوو، کە توێژەر بۆ کارامەییەکانی (پەیوەندیکردن، کارلێککردن، لێهاتوویی گفتوگۆ)، هەروەها توێژەر ئامرازی تێبینیکردنیشی بەکارهێناوە لە کۆکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان و دەستکەوتی خوێندن. |
| ئامرازە ئامارییەکان | توێژەر پشتی بە (spss) بەستووە لە شیکردنەوەی داتاکان و ئامرازەکانی ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوانەیی بەکارهێناوە بۆ شیکاریی بڕگەکانی توێژینەوە. |
| ئەنجامی توێژینەوەکە | لە کۆتایدا توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە کاریگەریی وانەوتنەوە لەسەر بنەمای کارامەییەکانی ژیان کاریگەریی هەیە لەسەر دەستکەوتی فێربوون.(خالد محمد شعيرة ،عتيق زايد الشمري، ٢٠١٨) |

| **٣. توێژینەوەی (الدايل، ٢٠٢٢)** | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوەکە | کاریگەریی پرۆگرامی ڕاهێنان پستبەست لەسەر کرداری درزاینی فێرکاری لە گەشەکردنی کارامەییەکانی ژیان لای خویندکارانی زانکۆی الأميرة نوره بنت عبدالرحمن لە مەملەکەتی عەرەبی سعودییە. |
| ئامانجی توێژینەوەکە | زانینی کاریگەریی پرۆگرامی ڕاهێنان پستبەست لەسەر کرداری درزاینی فێرکاری لە گەشەکردنی کارامەییەکانی ژیان لای خوێندکارانی زانکۆی الأميرة نوره بنت عبدالرحمن لە مەملەکەتی عەرەبی سعودییە. |
| میتۆدی توێژینەوەکە | میتۆدی ئەزموونی |

| | |
|---|---|
| شوێن و ساڵی توێژینەوەکە | زانکۆی الأميرة نوره بنت عبدالرحمن لە مەملەکەتی عەرەبی سعودییە، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١ – ٢٠٢٢). |
| کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە | کۆمەلگەی توێژینەوەکە بریتیبوو لە خوێندکارانی سەرچاوە مرۆییەکان لە ئاستی دبلۆمدا، لەو کۆمەڵگەیەش توێژەر (٥٢) خوێندکاری وەرگرتووە. |
| ئامرازەکانی توێژینەوەکە | – هەستاوە بە ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر قۆناغەیکانی دیزاینی فێرکاریی بەپێی مۆدلێی گشتی بە پشت بەستن بە مایکرۆسۆفت تیمز (MICROSOFT TEAMS) سوود وەرگرتن لە یاسای بەڕێوەبردنی فێرکاری ئەلیکترۆنی (بلاک بورد – BLACKBOARD)<br>– ئامادەکردنی فۆرمێکی ڕاپرسی بۆ پێوانەکردنی کارامەییەکانی ژیان کە پێکهاتبوو لە پێنج بوار: کارامەیی چارەسەرکردنی گرفتەکان، کارامەیی بڕیاردان، کارامەیی پەیوەندیکردن، کارامەیی ئەکادمی، کارامەیی تەکنیکی). |
| ئامرازە ئامارییەکان | هاوکۆلکەی ئەلفا، لادانی پێوەریی، تاقی کردنەوەی دووجای تائی، مربع ایتا. |
| ئەنجامی توێژینەوەکە | بەپێی قەباری کاریگەریی هاوکۆلکەی مربیع بیتا کاریگەرییی گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر کاریگەریی شوێنکەوتە کاریگەرییەکی زۆرە، واتا کاریگەریی پرۆگرامەکە لەسەر کارامەییەکانی ژیان لە ئاستێکی بەرزدایە.(صفة صالح الدائل، ٢٠٢٢) |

**٤-٢-٣ بەراوردی توێژینەوەکانی پێشوو بەم توێژینەوەیە**

**٤-٢-٣-١ توێژینەوەکانی تایبەت بە شانۆی بوکەڵە**

**١. ئامانجی توێژینەوەکان**

توێژینەوەی ( شنطاوي، ٢٠٠٠) ئامانجی توێژینەوەکەی بریتیبوو لە زانینی کاریگەریی بەکارهێنانی شانۆی بوکەڵە لە خوێندندا لەسەر دەستکەوتی بابەتی بیرکاریی و کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوەی داهێنەرانەو خەیاڵ لای قوتابیانی پۆی سێیەمی بنەڕەتی. هەروەها توێژینەوەکیی ( خليل ، ٢٠١٨) ئامانجەکەی بریتبوو لە زانینی کاریگەریی شێوازی پێشکەشکردنی شانۆی بوکەڵە و گێڕانەوە لە گەشەکردنی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە. هەروەها توێژینەوەکە(, Aminimane,2019) کاریگەری نمایشی بوکەڵە و شێوازەکانی چیرۆکگێڕان لەسەر کێشەکانی ڕەفتاری منداڵان، توێژینەوەکەی (loy,2020) کاریگەرییەکانی

بوکەڵە لە بەرنامەکانی Eduwebtv لەسەر تواناکانی قسەکردنی زمانی نیشتمانی منداڵان، هەروەها ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی کاریگەریی شانۆی بوکەڵە لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە لە شاری سلێمانی. کەواتە سەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا ئامانجەکانیان دیاریکردنی کاریگەیی شانۆی بوکەڵەبووبووە لەسەر منداڵان بەپێی ئەو گۆڕاوانەی کە لە توێژینەوەکاندا دیاریکراوون.

### ٢. میتۆدی توێژینەوەکان

بەو پێیەی کە ئامانجی توێژینەوەکانی پێشوو ( شنطاوي ، ٢٠٠٠) و ( خليل ، ٢٠١٨) و (Aminimanesh, 2019) و (Loy,2020) و لەگەڵ توێژینەوەی بەردەست زانینی کاریگەریی شانۆی بوکەڵەیە لەسەر گۆڕاوەکانی توێژینەوەکان، بۆیە پشتیان بەستووە بە میتۆدی ئەزمونی ، چونکە ئەو میتۆدە لەگەڵ شێواز و داڕشتنی توێژینەوەکەیاندا گونجاوە، توێژەر بەهۆی پشتبەستنی بە میتۆدی ئەزموونی ویستوویەتی بەشێوەیەکی سیستماتیک کۆنترۆڵی فاکترەکانی توێژینەوەکەی بکات و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە و ئاستێک لە کاریگەریی شانۆی بوکەڵە لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان دابنێت.

### ٣. شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەکان

شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەی ( شنطاوي ، ٢٠٠٠) لە وڵاتی ئەردەن بووەە لە زانکۆی موئتە و ساڵی (١٩٩٩، ٢٠٠٠)، بەڵام توێژینەکەی (خليل ، ٢٠١٨)، لە وڵاتی میسر ئەنجامدراوە بۆ ساڵی (٢٠١٧ – ٢٠١٨)، جیا لەو دوو توێژینەوەی پێشوو توێژینەوەی (Aminimanesh,2019)، لە وڵاتی ئێران ئەنجامدراوە بۆ ساڵی (٢٠١٩ – ٢٠٢٠)، توێژینەوەی (Loy,2020) لەگەڵ ئەوەی کە لە وڵاتی مالیزیا ئەنجامدراوە، ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە لەگەڵ توێژینەوەکەی (Aminimanes , 2019) لە هەمان ساڵدا ئەنجامدراوە (٢٠٢٠)، بە بەراورد بە توێژینەوەکانی پێشوو ئەم توێژینەوەیە ساڵی ئەنجامدانی (٢٠٢٢ – ٢٠٢٣) ئەنجامدراوە، کە هیچ توێژینەوەیەک لە توێژینەوەکانی پێشوو لەم ساڵەدا ئەنجامنەدراوە، هەروەها ئەم توێژینەوەیە لە هەرێمی کوردستان/ ئەنجامدراوە لە پارێزگای سلێمانی.

### ٤. کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەکان

کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەکە لای ( شنطاوي ، ٢٠٠٠) بریتبووە لە سەرجەم منداڵانی قۆناغی سێیەمی بنەڕەتی، لەو کۆمەڵگەیەش توێژەر (٦٥) قوتابی لە ڕەگەزی نێر و مێ وەرگرتووە (٣١ نێر و ٣٤ مێ). بەڵام توێژینەوەکەی ( خليل ، ٢٠١٨) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتبوو لە منداڵانی ئاستی دووەمی باخچەی منداڵان، لەو کۆمەڵگەیەش (٣٠) منداڵ لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ وەرگیرابوون، هەروەها کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەکەی

(Aminimanesh, 2019) بریتیبوو لە (٧٥) منداڵی تەمەن (٣_٥) ساڵ ئەنجامدراوە کە لە سێ باخچەی منداڵانی شاری ئەسفەهانی ئێران هەڵبژێردراون. هەروەها توێژینەوەکەی (Loy,2020) جیا لە توێژینەوەکانی تر بریتیبوو لە مامۆستایانی باخچەی منداڵانی کوالامپور لە نێوان(٣٠،٤٠ )مامۆستا، بەراورد بە توێژینەوەکانی پێشوو کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە برییبوو لە منداڵانی باخچە کە هاوتایە لەگەڵ توێژینەوەکەی (خلیل، ٢٠١٨)، بەڵام لەگەڵ نموونەی توێژینەوەکە جیاوازییان هەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو، نموونەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە (٤٦) منداڵ لە باخچەکانی شاری سلێمانی کە وەک نموونە وەرگیراوون.

**٥. ئامرازەکانی توێژینەوەکان**

( شنطاوي ، ٢٠٠٠) دوو جۆر پێوەری دروستکردبوو، کە پێوەری یەکەمیان بریتیبووە لە (پێوەری خەیاڵ) کە لە دوو بەش پێکهاتبوو، هەر بەشێکیش لە چوار شێوە پێکهاتبوو، پێوەری دووەمیش بریتیبوو لە پێوەری (بیکردنەوەی داهێنەرانە) کە بەسەر سێ لێهاتوویيدا دابەشیکردبوو کە بریتبوو لە (زمان پاراوی، نەرمی، ڕەسەنی). بەڵام توێژینەوەکەی (خلیل ، ٢٠١٨) جیا لە توێژینەوەکانی تر کارتی تێبینیکردنی بەکارهێناوە وەک ئامرازی توێژینەوەکەی، هەروەها (Aminimanesh, 2019) ئامرازی توێژینەوەکەی بریتیبوو لە نیمچە تاقیکارییە لەسەر سێ گروپ ئەنجامدرا (نمایشکردنی بوکەڵە و چیرۆکگێران وەک گروپی تاقیکردنەوە و گروپێکی کۆنترۆڵ)، لە سێ قۆناغدا، بە بەکارهێنانی دیزاینی پێش تاقیکردنەوە-دوای تاقیکردنەوە. (Loy,2020) لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ باخچەی منداڵان و دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسییەوە ئامرازی توێژینەوەکەی ئامادەکردووە، ئەم توێژینەوە هاوتایە لەگەڵ توێژینەوەکەی (شنطاوي ، ٢٠٠٠) دوو پێوەری ئامادەکردووە وەک ئامرازی توێژینەوەکەی، بەڵام جیا لە یەکتری، ئامرازی ئەم توێژینەوەیە بریتبوو لە یەک پێوەر وێنەیی و ئامادەکردنی (٨) دەقی شانۆی بوکەڵە.

**٦ . ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوەکان**

ئامرازە ئامارییەکانی تایبەت بەتوێژینەوەکانی (شنطاوي,٢٠٠٠) بریتی لە بەهای تای هەژمارکراو،ناوەندە ژمێرەیی،لادانی پێوەری . توێژینەوەکەی (خلیل،٢٠١٨) ئامرازە ئامارییەکانی ناوەندە ژمێرەیی،لادانی پێوەری، (spss) بەکارهێناوە . توێژینەوەکەی ( Aminimanes, 2019) هاوکۆلکەی الفا،لادانی پێوانەیی بەهای تائی(spss ) بەکارهێناوە توێژینەوەکەی (Loy,2020) الفاکرون باخ ،پیرسون ،ناوەندەژمێرەیی،بەکارهێناوە لەشیکردنەوەی داتاو زانیارییەکان،توێژینەوەی بەردەست بەهەمان شێوەی توێژینەوەکانی پێشوو پشتی بە ستووە بە لادانی پێوانەیی ،ناوەندە ژمێرەیی، هاوکێشەی پێرسون، ئەوی کە توێژینەوەی بەردەست لە

توێژینەوەکانی تر جیادەکاتەوە بەکارهێنانی ئەم ئامڕازە ئامارییانەیە (مربع كاى، هاوکێشەی تایبەت بە دیاریکردنی قەبارەی کاریگەری(t-test).

**٧.دەرەنجامی توێژینەوەکان**

دەرەنجامی توێژینەوەکەی ( شنطاوي ، ٢٠٠٠) ئەوە دەردەخات کە شانۆی بوکەڵە کاریگەریی لەسەر منداڵان دروست دەکات و سەرنجیان بەلای بابەتەکەدا ڕادەکێشێت، هەروەها توێژینەوەکەی ( خليل، ٢٠١٨) ئەوە دەردەخات کە کاریگەریی گەورە بەدیدەکرێت بۆ گۆڕاوی سەربەخۆی کارامەییەکانی ژیان لە بەدەستهێنانی ئامانجی توێژینەوە لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە، بەڵام توێژینەوەکەی (Aminimanesh, 2019) ئەوە دەردەخات کە کاریگەریی شانۆی بوکەڵە بۆ منداڵان لە نمایشی بوکەڵەدا لە سێ کاتەکەدا وەک یەک نەبووە، واتا کاریگەریەکە جیاوازیی هەبووە، (Loy,2020) ئەوە دەردەخات کە مامۆستایانی باخچەی ساوایان تێڕوانینێکی ئەرێنییان هەیە بۆ بەکارهێنانی بوکەڵە لە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و سۆزداری منداڵاندا، بە بەراورد بەم توێژینەوانە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات کە شانۆی بوکەڵە کاریگەریی هەیە لەسەر منداڵان لەڕێگەی ئەزموونکردنەوە، کە کاریگەریەکە زیاتر لەسەر گروپی ئەزموونی دەرکەوتووە وەک لە گروپی کۆنترۆڵکراو.

**٢-٢-٣-٢ توێژینەوەکانی تایبەت بە کارامەییەکانی ژیان**

**١. ئامانجی توێژینەوە کان**

ئامانجی توێژینەوەکەی ( ابراهيم، ٢٠٠٦) زانینی کاریگەریی بەرنامەیەکی پێشنیازکراو لە چالاکی شانۆیی لە گەشەکردنی هەندێک لە کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە، هەروەها ئامانجی توێژینەوەکەی ( عريقات ، ٢٠١٨) بریتییە لە زانینی کاریگەری بەرنامەیەکی ڕاهێنان پشتبەستوو فەلسەفەی کۆمەڵایەتی لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان (چاودێری تەندروستی، پەیوەندی کۆمەڵایەتی) لای منداڵانی باخچە. جیا لە ئامانجی توێژینەوەکانی ترو توێژینەوەکەی ( ابو شعيرة ، الشمري، ٢٠١٨) بریتییە لە خستنەڕووی کاریگەریی وانەوتنەوە لەسەر بنەمای کارامەییەکانی ژیان لەسەر دەستکەوت لە فێرکردنی خولی کارامەییەکانی پەیوەندیکردن بۆ خوێندکارانی ساڵی ئامادەکاری لە زانکۆی حائل، هەروەها ئامانجی توێژینەوەکەی ( الدائل، ٢٠٢٢) بریتییە لە زانینی کاریگەریی پرۆگرامی ڕاهێنان پستبەست لەسەر کرداری دزاینی فێرکاری لە گەشەکردنی کارامەییەکانی ژیان لای خوێندکارانی زانکۆی الأميرة نوره بنت عبدالرحمن لە مەملەکەتی عەرەبی سعودییە، ئامانجی توێژینەوەی بەردەست زانینی کاریگەریی شانۆی بوکەڵەیە لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە

له شاری سلێمانی، جیاوازە لەگەڵ ئامانجی ئەو توێژینەوانەی کە لە پێشەوە ئاماژەمان پێدان، چونکە توێژینەوەکان جەختان لەسەر پرۆگرامی پێشنیازکراوو ڕێگای وانەوتنەوە کردووە لەسەر کارامەییەکان بەشێوەیەکی گشتی، ئەمەش دەبێتە خاڵی جیاواز لەنێوان توێژینەوەکانی پێشوو تایبەت بە کارامەییەکانی ژیان و توێژینەوەی بەردەست.

**٢. میتۆدی توێژینەوەکان**

بەو پێیەی کە ئامانجی توێژینەوەکانی پێشوو زانینی کاریگەریی پرۆگرامی پێشنیارکراوو ڕاهێنان و ڕێگاکانی وانەوتنەوەیە لەسەر کارامەییەکانی ژیان، ئەمەش وایکردووە کە توێژینەوەکانی پێشوو ( ابراهیم، ٢٠٠٦) (عریقات ، ٢٠١٨) ( ابوشعیرة ، الشمري، ٢٠١٨) (الدائل، ٢٠٢٢) لەگەڵ توێژینەوەی بەردەست یەک جۆر میتۆدی بەکاربهێنن کە میتۆدی ئەزموونییە، چونکە ئەم جۆرە میتۆدە لەگەڵ ناوەڕۆک و شێوازی جێبەجێکردنی توێژینەوەکەیاندا گونجاوە.

**٣. شوێن و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەکان**

شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەکەی ( ابراهیم، ٢٠٠٦) بریتییە لە باخچەکانی شاری حمص لە سوریا، کە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٤ – ٢٠٠٥)، هەروەها ( عریقات ، ٢٠١٨) باخچەکانی پارێزگای جرش لە ئەردەن وەک شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەکەی دەستنیشانکراوە و لەڕووی ساڵەوە هاوتایە لەگەڵ توێژینەوەکانی( ابوشعیرة ، الشمري، ٢٠١٨) و کە بۆ ساڵی (٢٠١٧ – ٢٠١٨)، بەڵام شوێنی توێژینەوەکەی ( ابوشعیرة ، الشمري، ٢٠١٨) بریتییە لە وڵاتی سعودیە، زانکۆی (حائل)، شوێنی، توێژینەوەکەی ( الدائل، ٢٠٢٢) لە زانکۆی الأمیرة نورە بنت عبدالرحمن لە مەملەکەتی عەرەبی سعودییە، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١ – ٢٠٢٢)، لەڕووی شوێن و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە، توێژینەوەی بەردەست جیاوازیی هەیە چونکە شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەکە لە پارێزگای سلێمانییەو ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکەش (٢٠٢٢ – ٢٠٢٣)یە

**٤. کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەکان**

کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەی ( ابراهیم، ٢٠٠٦) بریتییە لە منداڵانی باخچەی منداڵان لە شاری حمص، (٣٠) منداڵی لە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ وەک نموونەی توێژینەوە وەرگراوە، جیاوازتر لەم توێژینەوەیە، توێژینەوەکەی ( عریقات ، ٢٠١٨) کۆمەڵگەکەی هەر هەمان کۆمەڵگەیە لە پارێزگای جرش، بەڵام (٦٠) منداڵی وەک نموونەی توێژینەوەکەی وەرگرتووە کە دەکاتە دوو ئەوەندە ی توێژینەوەکەی ( ابراهیم، ٢٠٠٦)، هەروەها توێژینەوەکەی ( ابوشعیرة ، الشمري، ٢٠١٨) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیبوو لە خوێندکارانی زانکۆی حائل، (٢١١) خوێندکاری لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێوەرگرتووە، هەروەها کۆمەڵەو نموونە لە

توێژینەوەکەی ( الدائل، ٢٠٢٢) بریتیە لە لە خوێندکارانی سەرچاوە مرۆییەکان لە ئاستی دبلۆمدا، کە (٥٢) خوێندکاری وەک نموونەی توێژینەوە وەرگرتووە، توێژینەوەی بەردەست توێژەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی مندالانی باخچەی مندالانی سلێمانییە، کە نموونەی توێژینەوەکەی (٢٠) منداڵ بووە لە هەردوو رەگەزی نێرو مێ، لەڕووی کۆمەڵگەوە هاوتایە لەگەڵ توێژینەوەکەی ( ابراهیم، ٢٠٠٦)، بەڵام لەڕووی ژمارەی نموونەکەوە جیاوازییان هەیە، هەروەها لەگەڵ توێژنیەوەکانی تردا لەڕووی کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەوە جیاوازییان هەیە کە توێژینەوەکانی پێشوو کۆمەڵکەو نموونەکەیان لەسەر و مندالانی باخچەی مندالانەوەیە.

### ٥. ئامرازی توێژینەوەکان

ئامرازی توێژینەوەکەی ( ابراهیم، ٢٠٠٦) بریتییە لە هەڵبژاردنی بوارەکانی کارامەییەکانی ژیان کە لەگەڵ مندالاندا گونجاو بێت، هەروەها پێوەری کارامەییەکانی ژیان لەسەر بونیادنانی پرۆسگرامی پێشنیازکراو لە گەشەکردنی کارامەییەکانی ژیان لای مندالان.هەروەها ئامرازی توێژینەوەکەی ( عریقات ، ٢٠١٨) بریتییە لە دیزانینکردن و دانانی پرۆگرامێکی پشتبوستوو بە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و پێشکەشکردنی بە مندالانی باخچە بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان کە خۆی لە (١١) برگەدا دەبینیینەوە، (٥) برگەیان تایبەتبوو بە چاودێریی تەندروستی و (٦) برگەشیان تایبەتبوو بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی. پاشان ئامرازی توێژینەوەکەی ( ابوشعیرة ، الشمري، ٢٠١٨) بریتییە لە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەیەکی سەرەتایی کە لە (٥٠) برگە پێکهاتبوو، کە توێژەر بۆ کارامەییەکانی (پەیوەندیکردن، کارلێککردن، لێهاتوویی گفتوگۆ)، هەروەها توێژەر ئامرازی تێبینیکردنیشی بەکارهێناوە لە کۆکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان و دەستکەوتی خوێندن، (الدائل، ٢٠٢٢) ئامرازی توێژینەوەکەی بریتییە لە هەستاوە بە ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر قۆناغەکانی دیزاینی فێرکاریی بەپێی مۆدلێی گشتی بە پشت بەستن بە مایکرۆسۆفت تیمز (MICROSOFT TEAMS) سوود وەرگرتن لە یاسای بەڕێوەبردنی فێرکاری ئەلیکترۆنی (بلاک بورد – BLACKBOARD) هەروەها ئامادەکردنی فۆرمێکی ڕاپرسی بۆ پێوانەکردنی کارامەییەکانی ژیان کە پێکهاتبوو لە پێنج بوار: کارامەیی چارەسەرکردنی گرفتەکان، کارامەیی بڕیاردان، کارامەیی پەیوەندیکردن، کارامەیی ئەکادمی، کارامەیی تەکنیکی). ئامرازی توێژینەوەی بەردەست خۆی لە یەک پێوەری وێنەیی تایبەت بەکارامەییەکانی ژیان ئامادەکردنی (٨)دەقی شانۆی بوکەڵەتایبەت بە مندالانی باخچە، ئەوەی کە توێژینەوەی بەردەست لە توێژینەوەکانی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ئامرازەکانی توێژینەوەکە دروستکراوون بۆ پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای مندالانی باخچە.

### ٦. ئامرازە ئامارییەکان

ئـامرازە ئاماریـیـەکانی تایبـەت بـە توێژینەوەکـەی ( ابـراهیم، ٢٠٠٦) بریتییـە لـە ناوەنـدە ژمێرەیـی، لادانـی پێـوەریی، تـائی هـەژمارکراو. هـەروەها توێژینەوەکـەی ( عریقـات ، ٢٠١٨) ئـامرازە ئامارییـەکانی بـریتیین لـە پرۆگرامـی (spss) بەسـتووە لـە شـیکردنەوەی داتاکـان و ئامرازەکانی ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوانەیی، هەروەها ( ابوشعیرة ، الشمري، ٢٠١٨) ئامرازە ئامارییـەکانی (spss) بەسـتووە لەگـەڵ ئامرازەکـانی ناوەنـدە ژمێرەیـی و لادانـی پێوانـەیی، هـەروەها ئـامرازە ئامارییـەکانی ( الـدائل، ٢٠٢٢) بریتییـە لـە هاوکۆلکـەی ئـەلفا، لادانی پێـوەریی، بەهای تائی، مربع ایتا، توێژینەوەی بەردەست بەهەمان شێوەی توێژینەوەکانی پێشوو پشتی بە ستووە بە لادانی پێوانەیی ،ناوەندە ژمێرەیی،هاوکێشەی پێرسون،مربع کای،هاوکێشـەی تایبـەت بە دیاریکردنی قەبارەی کاریگەری(t-test) ی بەکارهێناوە.

### ٧. دەرەنجامی توێژینەوەکان

دەرەنجـامی توێژینەوەکـەی ( ابـراهیم، ٢٠٠٦) لـەوەی کـە جیـاوازی ئاسـتی ئامـاریی بەڵگەداریی هەیە لەبەرژەوەندی گروپی پاشـەکی لـەنێوان ناوەندە ژمێرەیی نمرەکانی نموونـەی توێژینەوەکە لەسـەر پێوەری کارامەییـەکانی ژیـان دوای جێبە جێکردنی پرۆگرامەکە، ئەمـەش ئەوە دەگەیەنێت کە پرۆگرامی پێشنیازکراوی چالاکی شـانۆیی و کاریگـەریی گـەورەی هەیـە لـە گەشەکردنی هەندێک لە کارامەییـەکانی ژیـان لای منداڵان. هـەروەها دەرەنجامی توێژینەوەکـەی (عریقات ، ٢٠١٨)، بریتییە لەوەی کە کاریگەریی ڕوونی هەبوو لەسـەر کارامەییـەکان پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکان و لێهاتوییە جەستەییەکان، هەروەها بوونی کاریگـەریی بەرنامـەی پێشـنیازکراو لە چالاکییەکانی شانۆ لە گەشەپێدانی هەندێک کارامەیی ژیان لای منداڵانی باخچە، ( ابوشعیرة ، الشمري، ٢٠١٨) گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە کاریگەریی وانەوتنەوە لەسەر بنەمای کارامەییەکانی ژیـان کاریگـەریی هەیـە لەسـەر دەسـتکەوتی فێربـوون. توێژینەوەکـەی ( الـدائل، ٢٠٢٢) بـەپێی قـەباری کاریگـەریی هاوکۆلکـەی مربـع یتـا کاریگـەرییی گۆڕاوی سـەربەخۆ لەسـەر کاریگـەریی شـوێنکەوتە کاریگەرییـەکی زۆرە، واتـا کاریگـەریی پرۆگرامەکە لەسـەر کارامەییـەکانی ژیـان لـە ئاستێکی بەرزدایـە، بـەڵام درەنجامی توێژینـەوەی بەردەست جیاواز دەردەکەوێت چونکە هیچ پەیوەندییەکی بە پرۆگرمی پێشنیازکراوو ڕاهێنانـەوە نییـە، دەرەنجامەکـەی لەڕێگـەی ئـەزموونی شانۆییەوە خستووەتەڕوو کە بریتییە لە بوونی جیاوازی ئامـاریی لـەنێوان گروپـی ئـەزموونی و کۆنترۆڵکراودا هەیە کە دەرەنجامەکان لـە بەرژەوەندی گروپـی ئـەزموونیدایـە بـۆ تاقیکردنـەوەی پاش شانۆ.

**٤-٢-٤ ڕادەی سوود بینین لە توێژینەوەکانی پێشوو**

ئاستی سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

١. سوود وەرگرتن لەچۆنییەتی ئامادەکردنی پێوەرەکانی توێژینەوە وەک ئامڕازی توێژینەوەکە، هەروەها چۆنییەتی جێبەجێکردنی ئامڕازەکانی توێژینەوەکە.
٢. بۆ زیاتر بابەتی بوون و لایەنی تیۆری توێژینەوەکە سوود وەرگیراوە لە هەنگاوەکانی توێژینەوەکانی پێشوو.
٣. هەروەها ڕادەی سوود بینین لە توێژینەوەکانی پێشوو بۆ دەرهێنان و ئاستی جێبەجێکردنی ئامڕازەکانی توێژینەوکەو چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئامڕازە ئامارییەکان لەسەر پێوەری توێژینەوەکە.

# بەشی سێیەم

# ڕێکارییەکانی توێژینەوە

۳-۱ میتۆدی توێژینەوەکە

۳-۲ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

۳-۳ نموونەی توێژینەوەکە

۳-٤ ئامڕازی توێژینەوەکە

۳-٥ ئامرازە ئامارییەکان

# بەشی سێیەم

# ڕێکارییەکانی توێژینەوە

## ٣-١ میتۆدی توێژینەوە کە:

میتۆدی توێژینەوە دیاردەیەکی شارستانیی زۆر گرنگ و پێویست بوو لە پێویستییەکانی زانست و دانەرانی پەرتووکەکان، هەر ئەمەش بووە سروشتێکی ئاسایی و پەیوەست لە بوونی میتۆدی توێژینەوە لەم دواییانەدا لە سەرجەم زانکۆکانی جیهان. (الظاهر، ١٩٧٠ :٢٢)

سروشتی هەر دیاردەو گرفتێک لە توێژینەوەدا جۆری میتۆدەکە دیاریدەکات، ئەمە وا لە توێژەر دەکات میتۆدی گونجاو بەکاربهێنێت تا بەهۆیەوە بگات بە ئەنجامی گونجاو زانستی بۆ توێژینەوەکە. (عمر، ١٩٨٣ :٤٣).

میتۆدی لە هەموارکردنێکی ورد و مەبەستداری هەلومەرجی دیاردەیەک و تێبینیکردنی، پاشان لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی ئەو گۆڕانکارییەی کە لە ئەنجامی هەموارکردنەکەدا بەسەر دیاردەکەیدا دێت، یاخود بریتییە لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی هەموو ئەو فاکتەرە بنچینەیانەی کە کاریگەرییان لە گۆڕاو یان گۆڕاوە پاشکۆکانی ئەزموونەکە هەیە، جگە لەیەک فاکتەر کە توێژەر ئەزموونی بەسەردا دەدات و بەو جۆرەی کە خۆی دەیەوێت دەیگۆڕێت، ئەوەش بە مەبەستی پێوانەکردنی ئەو کاریگەرییەی بەسەر گۆڕاوە پاشکۆکەدا دێت.(بۆکانی، ٢٠٢٠ :١٠١)، بۆیە توێژەر (میتۆدی ئەزموونی) بەکاردەهێنێت تا بەهۆیەوە بتوانێت بگات بە ئامانجی توێژینەوەکەی لەگەڵ ئەوەشدا ئەم میتۆدە گونجاوە لەگەڵ ناوەڕۆکی توێژنیەوەکەیدا.

**خشتەی (٣-١) دیاریکردنی دیزاینی ئەزمونی توێژینەوەکە**

| گروپەکان | تاقی کردنەوەی پێشەکی | ڕێگای وانەوتنەوە | تاقیکردنەوەی پاشەکی |
|---|---|---|---|
| گروپی ئەزمونی | لێهاتوییەکانی ژیان | شانۆی بوکەڵە | لێهاتوییەکانی ژیان |
| گروپی کۆنترۆڵکرا | | ڕێگای ئاسایی | |

توێژەر

## ٣-٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە هەموو ئەو تاکانە دەگرێتەوە کە دەکەوێتە چوارچێوەی بابەتی کێشەی توێژینەوە. (بوضرغم، ٢٠٠٠ :٦٩) لەم توێژینەوەیەدا سەرجەم مندالانی باخچەی مندالان لە شاری سلێمانی دەبنە کۆمەڵگەی توێژینەوە، کە دواجار دەبێتە سەرچاوەی دیاریکردنی نموونەی توێژینەوە کە، واتا هەر لەو کۆمەڵگەیە توێژەر نموونەی توێژینەوەکەی دەستنیشان دەکات.  ژمارەی باخچەکان لە بەڕێوەبەرێتییەکانی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بریتین

له (٧٤) باخچەی منداالان، کە (٣٥) باخچەیان حکومین و (٣٩) باخچەیان ناحکومین، هەروەها سەرجەم ژمارەی منداڵانی باخچە لە هەردوو بەڕێوەبەرێتییەکە بریتییە لە (١٧٧٢٠) منداڵ لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ.

**خشتەی (٣-٢) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

| باخچە / بەڕێوەبەررێتی | جۆری باخچە | | ژ. منداڵ |
|---|---|---|---|
| | حکومی | ناحکومی | |
| ڕۆژهەڵات | ١٣ | ٨ | ١٤١٧٩ |
| ڕۆژئاوا | ٢٢ | ٣١ | ٣٥٤١ |
| کۆ | ٣٥ | ٣٩ | ١٧٧٢٠ |

له منداڵانی باخچەی منداڵان له پارێزگای شاری سلێمانی، توێژەر هەردوو بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)ی وەرگرتووە لە باخچە (حکومی وناحکومی)ەکانەوە، لە بەڕێوەبەرێتی پەرەروەدەی ڕۆژهەڵات توێژەر لە باخچە حکومییەکان (١٣) باخچە و لە باخچە ناحکومییەکان (٨) باخچەی وەرگرتووە کە کۆی منداڵان تێیدا (١٤١٧٩) منداڵە لە ئاستی دووەمی تەمەن (٥) ساڵ، هەروەها لە پەروەردەی ڕۆژئاوا ژمارەی باخچە حکومییەکان (٢٢) باخچەیەو باخچە ناحکومییەکانیش (٣١) باخچەیە، کە کۆی منداڵان تێیدا (٣٥٤١) منداڵە لە ئاستی دووەمی تەمەن (٥) ساڵ، کۆی سەرجەم منداڵان لەو ئاستەدا دەکاتە (١٧٧٢٠) منداڵ.*

### ٣-٣ نموونەی توێژینەوەکە:

٣-٣- نمونەی بنەڕەتی(اصلی) توێژینەوەکە بریتییە لەمنداڵانی باخچەی ترێ لەشاری سلێمانی لەئاستی دووەم کە تەمەنیان (٥)ساڵانە کە پێکهاتبوو لە (١٩٣) منداڵ (١١٢) منداڵی مێ (٨١) منداڵی نێروە لە ،دوای وەر گرتنی ڕەزامەندی و لارینەبونی بەڕێوبەری باخچەکە وەک لەپاشکۆی (١)دا خراوەتەڕوو، بە شێوە یەکی مەبەستدار ئەم باخچەیە هەڵبژێردرا .

١. باخچەی منداڵانی ترێ لەڕووی شوێن ودووری و نزیکییەوە بۆ توێژەر گونجاوبوو، چونکە لەکاتی کارکردن و ئامادەبوونیدا دەیتوانی بەبێ ئاستەنگ ولەکاتی خۆیدا ئامادەبێت.
٢. بوونی ئامڕازەکانی فێرکردن لەو باخچەیەدا (داتاشۆ، وایت بۆرد، پەزڵ، مورو، بوکەڵە، ماجیکی ڕەنگاوڕەنگ، تەختەی شانۆ، وێنەی ڕەنگاوڕەنگ، ئەنجامدانی چالاکی بەکۆمەڵ میکسەری دەنگی، هۆڵی شانۆ) هۆکاربوون بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانی توێژینەوەکەی، بە تایبەت خستنەڕووی شانۆی بوکەڵە بۆ منداڵان.

٣. گونجانی تـوێژەر لەگـەڵ دەسـتی کـارگێڕی باخچەکـەدا، چونکـە دەسـتەی کـارگێڕیی و مامۆسـتایانی باخچەکـە ئامـادەیی خۆیـان دەربڕیبـوو لـە هاوکـاریکردنی تـوێژەر بـۆ تەواوکردنی ئەرکە زانستییەکەی.

٤. ئامادەییەکی گونجاو هەبوو لەلایەن منداڵانی باخچەی منداڵانی تریَ، لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیرییەوە کە تاڕادەیەکی زۆر نزیکبوون لەیەکەوە، لەگەڵ ئەوەی کە سنوری جوگرافی و نیشتەجێبوونیان لەیەکەوە دووربووە.

دواجار توێژەر بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانەی سەرەوە و کەمکردنەوە ئاستەنگی بەردەم هـەڵبژاردنی نموونـەی توێژینەوەکـەی بەشـێوەی هەڕەمـەکی تیروپشـکی لـە نێـوان ژوورەکـانی (باران، هـاوین، پـایز، زسـتان، هـەور) داکـرد، پاشـان ژووری (زسـتان و پـایز) لـە تیروپشـکەکە دەرچـوون کـە ژمارەیـان (٤٦) منـداڵبو تـوێژەر دابەشـیکردن بەسـەردوو گـروپـدا (ئـەزموونی و کۆنترۆڵ) وەک لەخشتەی (٣-٣) دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٣-٣) دابەشکردنی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو)**

| گروپ | ژمارەی منداڵ | | کۆ |
|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | |
| ئەزموونی | ١١ | ١٢ | ٢٣ |
| کۆنترۆڵکراو | ١١ | ١٢ | ٢٣ |
| کۆی گشتی | ٢٢ | ٢٤ | ٤٦ |

٣-٣-٢نموونەی (استطلاعي) توێژەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی باخچەی منداڵانی شـۆخانی وەرگرتووە، بۆ دەرهێنانی هێزی جیاکاری برگـەکان و جێگیریی پێوەری کارامەییـەکانی ژیان وەریگرتون کە ژمارەیان (١٣٠)منداڵە خشتەی(٣-٤)داخراوەتەڕوو

**. خشتەی (٣-٤) کۆمەڵگەی و نمونەی توێژینەوەکە کە توێژەر ژمارەی منداڵانی نموونەی توێژینەوەکەی لێوەرگرتووە**

| ڕەگەز | ژمارە |
|---|---|
| مێ | ١١٢ |
| نێر | ٨١ |
| کۆ | ١٩٣ |

## ٣-٤ تایبەتمەندییەكانی نمونەی توێژینەوەكەو هاوتاكردنیان:

بۆ هاوتاییكردن لە نێوان گروپەكاندا توێژەر گۆڕاوەكانی هەڵبژارد و هەوڵیداوە هاوتایان بكات، كە ڕەنگدانەوەی لەسەردەرەنجامی توێژینەوەكە دەبێت، لە پێناو هاوتاییكردنی گروپەكان و سەرنجدان بۆ دڵنیابوون و لەڕاستگۆیی و نەگۆڕی ئەنجامی تویژینەوەكە توێژەر هەوڵیداوە نموونەی توێژینەوەكەی لە چەند لایەنێكەوە كۆنترۆڵ بكات، لەوانەش ( ئاستی زیرەكی ،تەمەنی فێرخوازانی گروپەكە هەژماركراوە بەپێی مانگ، ئاستی خوێندنی باوكان ، ئاستی خوێندنی دایكان، پیشەی باوكان ، پیشەی دایكان).

### ٣-٤-١ ئاستی زیرەكی

ئاستی زیرە كی پێشوەختەی منداڵ دەكرێت كاریگەری هەبێت لەسەر بەدەستهێنانی زیرەكی نویَ لای منداڵ ، بەو پێیەی زیرەكی پێشوەختە كاریگەری دەبێت لەزیاتر تێگەیشتن وپێكەوە بەستنەوەی لەگەڵ زانیاری نویَ ،سەرەڕای جیاوازی لەتواناو لێهاتوییەكان كەلەمنداڵێكەوە دەگۆڕێت بۆ منداڵێكی تر، بۆیە ناكرێت ئاستی زیرەكی منداڵانی گروپی توێژینەوەكە فەرامۆش بكرێت ، بۆئەم مەبەستە توێژەر تاقیكردنەوەیەكی پێشەكی ئەنجام داوە لای منداڵانی هەردوو گروپی ئەزموونی وكۆنترۆڵكراو بەبەراوردكردنی ئەنجامی تاقیكردنەوەكان و دەرهێنانی بەهای (ئاستی زیرەكی) بۆتێكڕای نمرەكانی تاقیكردنەوەی پێشەكی بەپێیی تاقیكردنەوەی (د.اجلال محمد سری) بەكارهێناوە كە (١٨) پرسیارە سەرجەمیان وێنەن بەئامانجی زانینی هاوتای لەئاستی پێشینەی زیرەكی نموونەی توێژینەوەكە. خشتەی (٣-٥)دا خراوەتە ڕوو.

**خشتەی (٣-٥) ئەنجامی هاوتای لە ئاستی پێشینەی زیرەكی لای منداڵانی نموونەی توێژینەوەكە**

| گروپەكان | قەبارەی نمونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پیوەری | نمرەی ئازاد | نرخی تا: هەژماركراو | نرخی تا: خشتەی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزمونی | ٢٣ | 13.47 | 2.042 | 44 | 1٠003 | 1.015 | بەڵگەدارنیە |
| كونترۆڵكراو | ٢٣ | 13.86 | 1.546 | | | | |

خشتەی (٣-٥) ئەوە ڕوندەكاتەوە كە بەهای خشتەیی هەژماركراو بریتییە (1.003)وبەهای خشتە ی بریتییەلە (1.015) بەو پێیە بەهای هەژماركراو بچوكترە لەبەهای خشتەیی، كەواتە ئاستی ئاماری بەڵگەداری نییە لە ئاستی پێشینەی زیرەكی نمونەی توێژینەوەكە، بۆ گروپی كۆنترۆڵكراو ،گروپی ئەزمونی ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە هەردوو گروپەكان هاوتان لەئاستی پێشینەی زیرەكیان.

### ٣-٤-٢ بەپێی تەمەن

ئەم هەنگاوە توێژەر دڵنیا دەکاتەوە لە گۆڕاوی تەمەنی هەژمارکراو بە مانگ، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ تۆماری منداڵان لە باخچەکەیان، دوای گەڕان بەدۆسیەی منداڵان لە باخچەکەیان، توێژەر زانیاریی دەربارەی ئەو گۆڕاوانەی دەستکەوت کە پێویستی بوو لە کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەری، هەربۆیە فۆرمی زانیاریی درا بە منداڵان و کە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکرابوو، دوای تۆمارکردنی داتاو زانیارییەکان بەپێی (ڕۆژ، مانگ، ساڵ) تا بەرواری (٢٠٢٢/٢/٢٣) وەک لە پاشکۆی (٢) خراوەتەڕوو، توێژەر (T –test)ی بەکارهێنا بۆ شیکاریی زانیارییەکان و گەیشتن بە ئەنجام لە دیاریکردنی تەمەنی منداڵان، وەک لە خشتەی (٣-٦)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٣-٦) ئەنجامی هاوتاکردنی گۆڕاوی تەمەن بۆ منداڵانی گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو**

| گروپەکان | قەبارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تا | | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەی | |
| تەمەن ئەزمون | 23 | 2.6087 | 1.11759 | 44 | 0.31 | 2.015 | بەڵگەدارنییە |
| تەمەن کۆنترۆل | 23 | 2.69565 | 0.87567 | | | | |

خشتەی (٣-٦) ئەوە ڕوندەکاتەوە کە بەهای خشتەیی هەژمارکراو بریتییە لە (0.31) و بەهای خشتەیی بریتییە لە(2.015)بەو پێیە بەهای هەژمارکراو بچووکترە لە بەهای خشتەیی، کەواتە ئاستی ئاماریی بەڵگەداری نییە لە نێوان گۆڕاوی تەمەنی منداڵانی هەردوو نموونەی توێژینەوەکە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گروپەکان هاوتان لە گۆڕاوی تەمەن بەپێی هەژمارکراوی مانگ.

### ٣-٤-٣ ئاستی خوێندنی (باوکان)

مەبەست لە ئاستی خوێندن ئاستێکی دیاریکراوی دەستکەوتە، یان لێهاتوویییە لە کاری لە بەدەستهێنانی بڕوانامە کە هەڵسەنگاندن و پێوانە دەکرێت بە تاقیکردنەوە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراو. (الحموي، ٢٠١٠ :١٨٠). توێژەر نمرەی ئاستی خوێندنی بەپێی جۆری بڕوانامەکانی فێرکردنی دابەشکرد بۆ چوار ئاست ئەوانیش (ئاستی بنەڕەتی، ئامادەیی، پەیمانگا ، زانکۆ) وەک لە پاشکۆی (٢) خراوەتەڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر بە بەکارهێنانی بەهای ( دوجای کای) هەژماری نێوان باوکانی هەردوو گروپی توێژینەوەکە خستووەتەڕوو وەک لە خشتەی (٣-٧)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٣-٧) ئەنجامی هاوتاكردنی گۆڕاوی ئاستی خوێندنی باوكان بۆ منداڵانی هەردوو گرووپی ئەزمونی و كۆنترۆڵكراو بە پێی هاوكێشەی (دوجای كای)**

| گرووپ | ژمارە | بنەرەتی | ئامادەیی | پەیمانگا | زانكۆ | بەهای كا٢ | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژماركراو | خشتەی | |
| كۆنترۆڵكراو | 23 | 6 | 8 | 5 | 4 | 1.409 | 3.841 | بەڵگەدار نیە |
| ئەزمونی | 23 | 5 | 8 | 3 | 7 | | | |
| گشتی | 46 | 11 | 16 | 8 | 11 | | | |

خشتەی (٣-٧) ئەوە ڕووندەكاتەوە كە بەهای (دووجای كای)ی هەژماركراو كە بریتییە لە (1.409) و بەهای خشتەی كە بریتییە لە (3.841)، ئەوە دەگەیەنێت كە بەهای هەژماركراو بچووكترە لە بەهای خشتەیی، كەواتە ئاستی ئاماریی بەڵگەداریی نییە لە نێوان ناوەندی ئاستی خوێندنی باوكان بۆ بڕوانامە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە گروپەكان هاوتان لە گۆڕاوی ئاستی خوێندن.

**٣-٤-٤ ئاستی خوێندنی (دایكان)**

مەبەست لە ئاستی خوێندن ئاستێكی دیاریكراوی دەستكەوتە، یان لێهاتوویییە لە كاری لە بەدەستهێنانی بڕوانامە كە هەڵسەنگاندن و پێوانە دەكرێت بە تاقیكردنەوە بەشێوەیەكی بەرنامە بۆداڕێژراو. (الحموي، ٢٠١٠ :١٨٠). توێژەر نمرەی ئاستی خوێندنی بەپێی جۆری بڕوانامەكانی فێركردنی دابەشكرد بۆ چوار ئاست ئەوانیش (ئاستی بنەڕەتی، ئامادەیی، پەیمانگا، زانكۆ) وەك لە پاشكۆی (٢) خراوەتەڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر بە بەكارهێنانی بەهای (دووجای كای ) داتاكان نێوان گروپەكانی توێژینەوەكە خستووەتەڕوو وەك لە خشتەی (٣-٨)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٣-٨) ئەنجامی هاوتاكردنی گۆڕاوی ئاستی خوێندنی دایكان بۆ منداڵانی هەردوو گرووپی ئەزمونی و كۆنترۆڵكراو بە پێی هاوكێشەی (دووجای كای)**

| گرووپ | ژمارە | بنەرەتی | ئامادەیی | پەیمانگا | زانكۆ | بەهای كا٢ | | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژماركراو | خشتەی | |
| كۆنترۆڵكراو | 23 | 8 | 6 | 3 | 6 | 2.385 | 3.841 | بەڵگەدار نیە |
| ئەزمونی | 23 | 6 | 9 | 5 | 3 | | | |
| گشتی | 46 | 14 | 15 | 8 | 9 | | | |

خشتەی (٣-٨) ئەوە ڕووندەكاتەوە كە بەهای (كای سكوێر)ی هەژماركراو كە بریتییە لە (2.385) و بەهای خشتەی كە بریتییە لە (3.841)، ئەوە دەگەیەنێت كە بەهای هەژماركراو بچووكترە لە بەهای خشتەیی، كەواتە ئاستی ئاماریی بەڵگەداریی نییە لە نێوان ناوەندی ئاستی

خوێندنی دایکان بۆ بڕوانامە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گروپەکان هاوتان لە گۆڕاوی ئاستی خوێندن.

**٣-٤-٥ پیشەی باوکان**

پیشە بریتییە لە کۆمەڵێک چالاکی جۆراوجۆر لە بوارەکانی پەروەردەو پزیشکی و کارە دادگەرییەکان و ...هتد، بەوەش لە کارەکانی تر جیا دەکرێتەوە کە قازانجی مادی تێیدا مەبەست نییە. یان جۆرێکە لە خزمەتگوزاری کە مەبەست لێی لێهاتوویی و ئارەزوو سەلیقەیە لە کارێکدا کە تاک وە پسپۆڕی تێیدا کار دەکات و شێوەیەکی بەردەوامی هەیە بۆ ماوەیەکی درێژ. (باشی، ٢٠١٩ :ص١٠٨)، ). توێژەر نمرەی پیشەی باوکانی بەپێی جۆری پیشەکان دابەشکرد بۆ سێ پیشە ئەوانیش (فەرمانبەر، مامۆستا، کاری سەربەخۆ) وەک لە پاشکۆی (٢) خراوەتەڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر بە بەکارهێنانی بەهای (کای دوجای) هەژماری نێوان هەردوو گروپەکانی توێژینەوەکە خستووەتەڕوو وەک لە خشتەی (٣-٩)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٣-٩) ئەنجامی هاوتاکردنی گۆڕاوی پیشەی باوکان بۆ منداڵانی هەردوو گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو بە پێی هاوکێشەی (دووجای کای )**

| گروپ | ژمارە | فەرمانبەر | مامۆستا | کاسب | بەهای کا٢ هەژمارکراو | خشتەی | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆنترۆڵکراو | 23 | 7 | 4 | 12 | 0.154 | 5.991 | بەڵگەدار نیە |
| ئەزمونی | 23 | 7 | 5 | 11 | | | |
| گشتی | 46 | 14 | 9 | 23 | | | |

خشتەی (٣-٩) ئەوە ڕووندەکاتەوە کە بەهای (دووجای کای)ی هەژمارکراو کە بریتییە لە (0.154) و بەهای خشتەی کە بریتییە لە (5.991)، ئەوە دەگەیەنێت کە بەهای هەژمارکراو بچووکترە لە بەهای خشتەیی، کەواتە ئاستی ئاماریی بەڵگەداریی نییە لە نێوان پیشەی باوکان بۆ گروپەکانی توێژینەوەکە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەردوو گروپەکە هاوتان لە گۆڕاوی پیشەی باوکان.

**٣-٤-٦ پیشەی دایکان**

پیشە بریتییە لە کۆمەڵێک چالاکی جۆراوجۆر لە بوارەکانی پەروەردەو پزیشکی و کارە دادگەرییەکان و ...هتد، بەوەش لە کارەکانی تر جیا دەکرێتەوە کە قازانجی مادی تێیدا مەبەست نییە. یان جۆرێکە لە خزمەتگوزاری کە مەبەست لێی لێهاتوویی و ئارەزوو سەلیقەیە لە کارێکدا کە تاک وە پسپۆڕی تێیدا کار دەکات و شێوەیەکی بەردەوامی هەیە بۆ ماوەیەکی درێژ. (باشی، ٢٠١٩ : ١٠٨)، ). توێژەر نمرەی پیشەی دایکانی بەپێی جۆری پیشەکان دابەشکرد بۆ سێ پیشە

ئەوانیش (فەرمانبەر، مامۆستا، ژنی ماڵ) وەک لە پاشکۆی (٢) خراوەتەڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر بە بەکارهێنانی بەهای ( دوجای کای ) هەژماری نێوان گروپەکانی توێژینەوەکە خستووەتەڕوو وەک لە خشتەی (٣-١٠)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٣-١٠) ئەنجامی هاوتاکردنی گۆڕاوی پیشەی دایکان بۆ منداڵانی هەردوو گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو بە پێی هاوکێشەی (دوجای کای )**

| گروپ | ژمارە | فەرومانبەر | مامۆستا | ژنی ماڵەوە | بەهای کا٢ | | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەی | |
| کۆنترۆڵکراو | 23 | 8 | 5 | 10 | 1.0733 | 5.991 | بەڵگەدار نییە |
| ئەزمونی | 23 | 5 | 7 | 11 | | | |
| گشتی | 46 | 13 | 12 | 21 | | | |

خشتەی (٣–١٠) ئەوە ڕووندەکاتەوە کە بەهای (دووجای کای ) هەژمارکراو کە بریتییە لە (1.0733) و بەهای خشتەی کە بریتییە لە (5.991)، ئەوە دەگەیەنێت کە بەهای هەژمارکراو بچووکترە لە بەهای خشتەیی، کەواتە ئاستی ئاماریی بەڵگەداریی نییە لە نێوان پیشەی دایکان کەواتە گروپەکان لەڕووی پشەییەوە هاوتان.

## ٣-٤ کەرەستەکانی توێژینەوەکە

بەو پێیەی ئامانجی توێژینەوەکە جەختدەکاتەوە لەسەر (کاریگەریی شانۆی بوکەڵە لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە) توێژەر ئامرازی توێژینەوەکەی بەم شێوەیە ئامادەکردووە:

### ٣-٥-١ بۆ ئامادەکردنی شانۆی بوکەڵە توێژەر هەستا بەجێبەجێکردنی ئەم ڕێکاریانەی خوارەوە:

#### ٣-٥-١-١دیاریکردنی بابەتی خوێندن.

دیاریکردنی بابەتی خوێدن ڕێگایەکی گرنگ و کاریگەرە پێش جێبە جێکردنی ئەزمونەکە دیاریکردنی هەریەک لە یەکەی جەستەیی و یەکەی نیشتمان، بۆ خوێندنی ساڵی (٢٠٢١ – ٢٠٢٢) لە باخچەی منداڵانی تریَ، سەبارەت بەو بابەتانەی کە بۆ خوێندن و دیاریکراوە (یەکەی جەستەیی و یەکەی نیشتمان) دیاریکران، کە لە دوو بابەتی کۆتایی دا وەرگیراوون و لەو ماوەیەدا توێژەر ئەرکی توێژینەوەکەی لەسەر جێبەجێکردووە، وەک لە خشتەی ( ٣––١٠)دا خراوەتەڕوو، سەبارەت بە پەرتوکی خوێندنی باخچەی منداڵان بۆ وانەکەکانی (یەکەی جەستە،یەکەی نیشتیمان) بڕیار لەسەر پەرتوکی (شارەزایی و چالاکییەکان بۆ منداڵانی باخچە – ئاستی دووەم) دراوە لە هەرێمی کوردستان – عێراق، چاپی (سێیەم) ساڵی (٢٠١٩). بۆ

وتنەوەی وانەی (یەکەی جەستە و یەکەی نیشتیمان) هەردوو بابەتی کۆتایی وەرگیراوە، وەک لە خشەی (٣-١١) ڕوونکراوەتەوە و خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٣-١١) دیاریکردنی ناوی بەش و بابەت و ژمارەی لاپەڕەی بابەتی خوێندن**

| یەکە | بابەت | ژ.لاپەڕەکان |
|---|---|---|
| یەکەی نیشتمان | نیشتمانەکەم ناوی هەرێمی کوردستانە | ٧٦- ١١١ |
| | ئاڵاکەم چوار ڕەنگە سور، سپی، سەوز، زەرد | |
| | شارەگەورەکانی هەرێمی کوردستان | |
| | سروشتی هەرێمی کوردستان | |
| | ناوی (شار/ شارۆچکە/ گوند) | |
| | ناوی پارێزگاکەم | |
| | شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان | |
| | پیشەکان | |
| | بۆنەو جەژنەکان | |
| یەکەی جەستە | ڕاهێنانەکانی بەهێزی جەستە | ١١٢ - ١٤٥ |
| | گەشەکردنی مرۆڤ | |
| | پاکوخاوێنی | |
| | هەستەکانم | |

خشتەی (٣-١١) ناوی یەکەو و بابەت و ژمارەی لاپەڕەکانی پەرتوکی خوێندنی تایبەت بە یەکەی جەستەو یەکەی نیشتمان ڕووندەکاتەوە، یەکەی نیشتمان کە لە (٩) بابەت پێکهاتووە کە ژمارەی لاپەڕەکانی (٣٦) لاپەڕەیە، هەروەها یەکەی (جەستە) کۆی بابەتەکانی بریتییە لە (٤) بابەت لە خۆ دەگرن و ژمارەی لاپەڕەکانی بریتین لە (٣٣) لاپەڕەیە.

### ٣-٥-١-٢ دیاریکردن و داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان

ئامانجە ڕەفتارییەکان ڕێکارییەکانی وانەوتنەوە لەخۆدەگرێت لەڕێگەی ئامڕازە فێرکارییەکانەوە کە مامۆستا دەتوانێت پێوەی پابەند بێت لەگەڵ چالاکی و ئامڕازە فێرکارییەکان لەپێناو جێبەجێکردن و بەدەستهێنانی ئامانجە ڕەفتارییەکان، (سالم، ١٩٩٨ :٣٦)

لەبەر گرنگی ئامانجە ڕەفتارییەکان لە پرۆسەی فێربووندا، توێژەر بۆ جێبەجێکردنی ئەزموونەکە ئامانجە ڕەفتارییەکان یارمەتی دەدات بۆ پەرەپێدانی ئەو تاقی کردنەوە گونجاوەی کە مامۆستا بڕیارە بە منداڵەکانی ئەنجامبدات بۆ لە بەرچاو گرتنی ئاست و جیاوازی تاکایەتی ئامادەکردنی پلانێکی وانەوتنەوەی ڕاست و دروست، پێویست بوو ئامانجە ڕەفتارییەکان بەشێوەیەکی ورد دیاریبکات، هەربۆیە توێژەر (٨٥) ئامانجی ڕەفتاری دیاریکرد تایبەت بە بابەتەکانی خوێندن

(یەکەی جەستەیی و یەکەی نیشتمان)  ئامانجە ڕەفتارییەکانی بەشێوەیەکی سەرەتایی خستە بەر دەستی (٩) شارەزاو پسپۆڕی بوارەکە وەک لە پاشکۆی (٦) خراوەتەڕوو، دوای دیاریکردنی (شیاو نەشیاوی) بڕگەکان پسپۆڕان هەندێک لە برگەکانیان لابرد، وەک لە خشتەی (٣-١٢)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی(٣-١٢) خستنەڕووی شیاوی و نەشیاوی بڕگەکانی تایبەت ئامانجەڕەفتارییەکان**

| بڕگەکان | ڕەزامەند | | ناڕەزامەند | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | کۆی شارەزایان | (کا)² | نمرەی ئازاد | بەهای خشتەیی | ئاستی بەڵگەداریی |
| ١١-١٢-١٣-١٥ | ٤ | %٤٤,٤٤ | ٥ | %٥٥,٥٦ | ٩ | ٠,١١١ | ١ | ٣,٤٨ | بەڵگەدار نییەی |
| ٣٥-٣٦-٣٧-٣٨ | ٤ | %٤٤,٤٤ | ٥ | %٥٥,٥٦ | ٩ | ٠,١١١ | ١ | ٣,٤٨ | بەڵگەدار نییەی |
| ٦٥-٦٧-٦٩ | ٣ | %٣٣,٣٣ | ٦ | %٦٦,٦٧ | ٩ | ١,٠٠٠ | ١ | ٣,٤٨ | بەڵگەدار نییەی |
| ٧٠-٧١-٧٢-٧٣-<br>٧٤-٧٥-٨١-٨٢-٨٤ | ٤ | %٤٤,٤٤ | ٥ | %٥٥,٥٦ | ٩ | ٠,١١١ | ١ | ٣,٤٨ | بەڵگەدار نییەی |

خشتەی (٣-١٢) رای شارەزایان ڕووندەکاتەوە لەسەر برگەکانی تایبەت بە دیاریکردنی ئامانجە ڕەفتارییەکان، ئەو برگانەی کە شیاو نەبوون بریتیبوون لە (٢٠) برگە، برگەکانی (١١--١٢--١٣--١٥) لە کۆی (٩) شارەزا (٥) شارەزاو پسپۆڕ ئەم چواربرگەیەیان بە نەشیاو دانا کە ڕێژەکەی دەکاتە (%٥٥,٥٦)، هەر بۆیە توێژەر لە خشتەی ئامانجە ڕەفتارییەکان لایبردوون، هەروەها برگەکانی (٣٥--٣٦--٣٧--٣٨) ئەو برگانەبوون کە ڕێژەی ڕەزامەندی شارەزایان بریتیبوو لە (%٤٤,٤٤) و ڕیژەی ناڕەزامەندی شارەزایان بریتیبوو لە (%٥٥,٥٦)، هەر بۆیە توێژەر ئەو برگانەشی لابرد، هەروەها برگەکانی (٦٥ – ٦٧ – ٦٩) ڕێژەی ڕەزامەندییان بریتبوو لە (%٣٣,٣٣) و ڕێژەی ناڕەزامەندی شارەزایان بۆ ئەو برگانە بریتبوو لە (%٦٦,٦٧)، هەر بۆیە توێژەر ئەو برگانەشی لابرد، برگەکانی (٧٠--٧١--٧٢--٧٣--٧٤--٧٥--٨١--٨٢--٨٤) ڕێژەی ڕەزامەندی لای شارەزایان بریتتیبوو لە (%٤٤,٤٤) و ناڕەزامەندی شارەزایان بۆ ئەو برگانە بریتیبوو لە (%٤٤,٤٤)، توێژەر ئەو برگانەشی لابرد، ئەوەی کە ماوەتەوە لە دیاریکردنی ئامانجە ڕەفتارییەکان توێژەر لە فۆڕمێکدا ئامادەیکرد بۆ دیاریکردنی ئاستەکانی برگەکانی پێوەریی وینەیی. وەک لە پاشکۆی (١٠) خراوەتەڕوو.

### ٣-٥-١-٣ ئامادەکردنی شانۆی بوکەڵە

**١. دەقی شانۆی بوکەڵە**

توێژەر بۆ ئامادەکردنی دەقی شانۆیی بوکەڵە پشتی بەستووە بە چەند ئامرازێک، لەوانە:

أ. توێژینەوەکانی پێشوو.

ب. گۆڤاری منداڵان.

ج. چیرۆکی منداڵان.

د. کتێبی شانۆیی منداڵان.

ه. ڕا وەرگرتنی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا.

و. پرۆگرامی خوێندنی باخچەی منداڵان.

لەم ڕوانگەیەوە توێژەر (٨) دەقی شانۆیی ئامادەکرد، کە بگونجێت لەگەڵ تەمەنی منداڵاندا، تا لەڕێگەیەوە بتوانێت کارامەییەکانی ژیان لەڕووی (یەکە جەستەیی و نیشامانییەکانەوە) بگەیەنێت بە منداڵان، وەک لە پاشکۆی (٧)دا خراوەتەڕوو، توێژەر چیرۆکی (خواردنی سەردانەپۆشراو)ی (عزاوي، احمد، ٢٠٠٢ :٢٨٧ – ٢٨٨) زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و سەرجەم چیرۆکەکانی تر کە ژمارەیان (٨) چیرۆکە، توێژەر خۆی ئامادەیکردوون وەک چیرۆکەکانی (ڕێزگرتن لە کات، زوو نووستن و زوو لەخەوهەستان، خۆپاریزی لە سەرما، میوەکان و سوودەکانی، ئاڵای کوردستان، سروشتی نیشتمان، نەورۆز)، پاشان توێژەر لەڕێگەی نمایشی بوکەڵەوە دەقەشانۆییەکانی بۆ منداڵان گێڕاوەتەوە، دوای ئەوەی توێژەر دەقە شانۆییەکانی خستنە بەردەستی شارەزاو پسپۆڕان، دوای تێبینی و سەرنجیان سەرجەم دةقەشانۆییە کان کە ژمارەیان (٨) دەق بوو، وەکو خۆیان مانەوەوەک لە خشتەی (٣-١٣)خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٣-١٣) دیاریکردنی دەقە شانۆییەکان ماوەو کاتی ئەزمونەکەی**

| دەقی شانۆ | بابەت | کات |
|---|---|---|
| دەقی یەکەم | خۆپارێزی لە سەرما | ٥خولەک |
| دەقی دووەم | زوونوستن وزوو لەخەو هەستان | ٥:٣٠خولەک |
| دەقی سێیەم | خواردنی سەردانەپۆشراو | ٥ خولەک |
| دەقی چوارەم | ڕێزگرتن لە کات | ٤خولەک |
| دەقی پێنجەم | میوەکان و سوودەکانی | ٥خولەک |
| دەقی شەشەم | ئاڵای کوردستان | ٤خولەک |
| دەقی حەوتەم | سروشتی نیشتیمان | ٤خولەک |
| دەقی هەشتەم | نەورۆز | ٣خولەک |

تـوێژەر دەقە شـانۆییەکانی خستە بـەردەم (١٣) شـارەزا و پسپۆڕ لـە بوارەکـەدا وەک لـە پاشکۆی (٦) خراوەتەڕوو، تا ڕەزامەندی لەسەر برگەکان وەربگرێت، هـەر دەقێکی شانۆیی لە (٥) برگـە پێکهـاتبوو، دوای گەڕانـەوەی لای شـارەزایان و تێبینیـەکانیان لەسـەر برگـەکان، دەرکەوت کە سەرجەم برگەکان لە ئاستی ئاماریی بەڵگەداریدان، وەک لـە خشتەی (٣-١٤) درا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٣-١٤) ئاستی ئاماریی بەڵگەداریی برگەکانی دەقە شانۆییەکان**

| برگەکان | | ڕەزامەند | | ناڕەزامەند | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شیاو | نەشیاو | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | کۆی شارەزایان | (کا)٢ | نمرەی ئازاد | بەهای خشتەیی | ئاستی بەڵگەداریی |
| ١-٢-٣-٥ | ٤ | ٨ | %٨٨,٨٩ | ١ | %١١,١١ | ٩ | ٥,٤٤٤ | ١ | ٣,٨٤ | بەڵگەدارە |
| ١-٢-٣-٤-٥ | | ٩ | %١٠٠ | | %٠,٠٠ | ٩ | ٩,٠٠٠ | ١ | ٣,٨٤ | بەڵگەدارە |
| ١-٢-٤-٥ | ٣ | ٨ | %١٠٠ | ١ | %١١,١١ | ٩ | ٥,٤٤٤ | ١ | ٣,٨٤ | بەڵگەدارە |
| ١-٢-٣-٤-٥ | | ٩ | %١٠٠ | | %٠,٠٠ | ٩ | ٩,٠٠٠ | ١ | ٣,٨٤ | بەڵگەدارە |
| ١-٢-٣-٤-٥ | | ٩ | %١٠٠ | | %٠,٠٠ | ٩ | ٩,٠٠٠ | ١ | ٣,٨٤ | بەڵگەدارە |
| ١-٢-٣-٤ | ٥ | ٨ | %٨٨,٨٩ | ١ | %١١,١١ | ٩ | ٥,٤٤٤ | ١ | ٣,٨٤ | بەڵگەدارە |
| ٢-٣-٤-٥ | ١ | ٨ | %٨٨,٨٩ | ١ | %١١,١١ | ٩ | ٥,٤٤٤ | ١ | ٣,٨٤ | بەڵگەدارە |
| ١-٢-٣-٤-٥ | | ٩ | %١٠٠ | | %٠,٠٠ | ٩ | ٩,٠٠٠ | ١ | ٣,٨٤ | بەڵگەدارە |

خشـتەی (٣-١٤) ئاسـتی ئامـاریی بەڵگـەداریی برگـەکانی تایبـەت بـە دەقـە شـانۆییەکان دەخاتـەڕوو، دوای وەرگرتنـی (گونجـاوی و نـەگونجاوی) برگـەکان لەلایـەن شـارەزایان و پسپۆڕانەوە، دەرکەوت کە سەرجەم برگەکانی تایبەت بە دەقە شانۆییەکان لە ئاستی ئاماریی بەڵگەداریدان، گونجاوون بۆ جێبەجێکردن لە نمایشی شانۆی بوکەڵەدا.

**٢. دروستکردنی ئامرازەکانی شانۆی بوکەڵە**

بۆ دروستکردن و ئەنجامدانی شانۆی بوکەڵە، توێژەر چەند ئامرازێکی لە دروستکردنی شانۆی بوکەڵەدا بەکارهێناوە، وەک لە خشتەی (٣-١٥)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٣-١٥) دروستکردنی ئامرازەکانی شانۆی بوکەڵە**

| ئامرازەکان | جۆری ئامرازەکە |
|---|---|
| ئەو ئامرازانەی کە توێژەر خۆی دروستیکردوون | بوکەڵەی دەستکێش |
| | بوکەڵەی دار |

| | |
|---|---|
| | دیزانی هۆڵی شانۆ |
| | پەردە |
| | جلوبەرگ |
| ئەو ئامرازانەی کە توێژەر وەریگرتوون | بڵندگۆ (سپیکەر) |
| | ڕووناکی |
| | تەختەی شانۆ |
| | ئالآ |
| | درەخت |
| | بوکەڵە |
| | مۆسیقا |

**٣-٥-١-٤ئامادەکردنی پلانی ڕۆژانە**

پلان بریتییە لە کۆمەڵێک هەنگاوی پێشبینیکراوی عەقڵی بۆ ئەو کارامەیی‌و چالاکیانەی پێویستە لەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردن ئەنجامبدرێن، یان جێبەجێ بکرێن لەکاتو شوێنی دیاریکراو، بۆ بەرجەستەکردنی ئامانجە دیاریکراوەکان، بەبەکارهێنانی سوود بینین لە هۆکارو ئامرازو تەکنەلۆژیای فێرکاری بە کەمترین هەوڵو تێچوون. (حەمەدەمین، ٢٠١٨ :٢٦) توێژەر لەبەرئەوەی وانەکانی یەکەی جەستەیی و یەکەی نیشتمان و جێبەجێکردنی شانۆی بوکەڵەی هەبووە، بۆیە بەپێویستی زانیوە کە (٣) پلان دابرێژێت و ئامادەی بکات،وەکونمونە بۆ جێبەجێکردنی وانەوتنەوەی لەباخچە لەسەریەکەی( جەستە، نیشتیمان، شانۆی بوکەڵە)وەک لە پاشکۆی (٩) خراوەتەڕوو، پاشان دابەشیکرد بەسەر (٩) شارەزا وەک لەپاشکۆی (٦) خراوەتە ڕوو،پاش ڕاوبۆچوونی شارەزایان ورەزامەندییان توێژەر بۆیەکەی جەستە (١٢) پلانی ڕۆاژنەی ئامادەکردووە، هەروەها بۆ وتنەوەی وانەی یەکەی نیشتمان بەهەمان شێوە (١٢) پلانی ڕۆژانەی ئامادەکردووە، دانانی ئەم دووجۆرە لەپلان بۆ یەکەی جەستەیی و یەکەی نیشتمان تایبەتبوون بە هەردووگروپی (کۆنترۆڵکراو، ئەزمونی)،بۆ هەریەکێک لە گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو (٢٤ )پلانی هەبەوە گروپی کۆنترۆڵکراو بە ئاسایی وانەیان خوێندووە بەڵام گروپی ئەزمونی شانۆی بوکەڵەیان بۆ ئەنجام درا،وەکۆ گشتی (٤٨) پلانە بۆجێبەجێکردنی ئەزمونەکە توێژەر (٨) پلانی تری ئامادەکرادوە تا لەڕێگەیەوە چۆنیەتی خستنەڕووی دەقەشانۆییەکان بخاتەڕوو لەڕێگەی شانۆی بوکەڵەوە وەک لەخشتەی (٣-١٦)خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٣-١٦) ئامادەکردنی پلان بۆ هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو**

| بەش / گروپ | یەکەی جەستە | یەکەی نیشتمان | کۆ |
|---|---|---|---|
| گروپی ئەزموونی (پایز) | ١٢ | ١٢ | ٢٤ |
| گروپی کۆنترۆڵکراو (زستان) | ١٢ | ١٢ | ٢٤ |
| کۆی گشتی | ٢٤ | ٢٤ | ٤٨ |

**٣-٥-١-٥ ئامادەکردنی پێوەری وێنەیی بۆ کارامەییەکانی ژیان:**

پێوەرەکە ئامادەکرابۆ ئەوەی وەک کەرەستەیەکی پێوانەکردنی توێژینەوەکە سودی لێوەربگیرێت بەمە بەستی دیارکردنی کاریگەری شانۆی بووکەڵە بەرامبەر بەنمونەی توێژینەوەکە ، بۆ دانانی پێوەرەکە توێژەر بەپشت بەستن بە گەڕان بەدوای سەرچاوە و توێژینەوەکانی پێشوو کە پەیوەندییان بە چۆنیەتی دروستکردن و شیکردنەوەی کارامەییەکانیژیانەوە هەیە. گۆڤارە کان وکەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە بوارەکەدا پرۆگرامەکانی خوێندن و ئەوچیرۆک و بابەتانەی پەیوەیستن پێوەرەکەوە، توێژەر هەستا بە دانانی چەند پرسیارێک لە فۆرمێکی کراوەدا لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە کە خۆی لە سێ بواردا دەبینیەوە وەک (بواری کۆمەڵایەتی، ژینگەیی، تەندروستی)، وەک لە پاشکۆی (٣) دا خراوەتەڕوو، توێژەر ئەم فۆرمەی دابەشکردووە بەسەر (٣٠) مامۆستادا لە (٧) باخچەی منداڵان، وەک لە پاشکۆی (٤) خراوەتەڕوو.

پاش شیکردنەوە بۆ وەڵامی ڕاپرسییە کراوەکە و ڕاوێژکردن و چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرپەرشتیار و مامۆستا وشارەزایانی باخچەی منداڵان، چەند پێویستی و ڕاوبۆچونێکی سەرەکی و گرنگ دیاریکران کە گرنگن بۆ باخچەی منداڵان بۆ بنیادنان و دروستکردنی پێوەری وێنەیی بابەتی توێژینەوەکە.

توێژەر هەستاوە بە دروستکردنی پێوەرێکی وێنەیی لەسەر دەشتنسانکردنی پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان بە پشتبەستن توێژینەوەکانی پێشوو ڕاوبۆچوونی کەسانی پسپۆرو شارەزا ڕاپرسیە کراوەکە ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندن ، لە سەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر هەستاوە بە دانانی پێوەرێکی وێنەیی کە لە(٢٦) بڕگە پێکهاتبوو کە سەرجەمیان هەڵبژاردن بوون .وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەرە کە پشت دەبەستێت بەپلە بەندیەکی سێ هەڵبژاردەیی بۆ وەڵامدانەوەی بڕگە پۆزەتیڤەکان کەنمرەی (١)بۆ دانرا بوەڵامی نەگەتیڤەکان (٠) بۆ دانرا . ڕوونکردنەوەی بڕگەکان و تێگەیشتنی زیاتری منداڵان لە

دەستکەوتنی باشترین وەڵام بۆ پەرەپێدانی کارامییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە، وەک لە پاشکۆی (٥) خراوەتەڕوو، توێژەر پێوەرە وێنەییەکەی دابەشکرد بەسەر (٩) پسپۆڕ و شارەزا لە بوارەکەدا وەک لە پاشکۆی (٦) خراوەتەڕوو، شارەزایان ڕای خۆیان لەسەر بڕگەکان دەربڕی پاش دەستکاریکردنێکی کەم لە هەندێک لە وێنەکان و بڕگەکان وەکو خۆیان دانرانەوە.

توێژەر پێوەری وێنەیی بۆ چەند مەبەستێک بەکارهێناوە کە بریتین لە:

أ. بۆ دیاریکردن و پێوانەکردنی پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە و دەرخستنی ڕۆڵی شانۆی بوکەڵە لە بونیادنانی کارامەییەکانی ژیان.

ب. دانانی پێوەریی وێنەیی بەکارهاتووە وەک پێوەرێکی دواخراو لە پێوانەکردنی کاریگەرییەکانی پێوەرەکە لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە.

**٣-٥-١-١ ڕاستی ڕواڵەتی بۆ پێوەری کارامەییەکانی ژیان:**

ئەو بڕگەو پێوانانەی کە لە ئامرازی توێژینەوەدان پێویستە تەنیا ئەو دیاردەیە یان ئەو گۆڕاوە بنوێنن کە لە بنچینەدا بۆی ئامادەکراوە. (بۆکانی، ٢٠٢٠ :١٥٣). بۆ دیاریکردنی ڕاستی ڕواڵەت توێژەر هەستا بە دابەشکردنی پێوەری توێژینەوەکە بەسەر (٩ ) شارەزا پاشکۆی (٦) ناویان هاتووە، داوایان لێکرا سەرنجی خۆیان سەبارەت بە گونجاوی بڕگەکان و بژاردەکان بخەنەروو، وە هەر گۆڕانکاریەک کە بە باشی دەزانن پێشنیاری بکەن، دوای وەرگرتنەوەیان، توێژەر بۆی دەرکەوت بە ڕێژەی (٩٣%) شارەزایان ڕەزامەند بوون لەسەر بڕگە جیاوازەکانی پێوەرکە، سەرجەم بڕگەکان مانەوە وهیچ بڕگەیەک لانەبراوە.

**٣-٥-١-٢هێزی جیاکاریی بڕگەکان**

توێژەر بۆ هێزی جیاکاریی ئاماری بڕگەکان، پێوەرەکەی بەسەر (١٣٠) منداڵ لە باخچەی (شۆخان)لە هەردوو ڕەگەز دابەشکرد، دوای وەڵامدانەوە و داغڵکردن و ڕیزکردنی فۆڕمەکان لە بەرزترین نمرەوە بۆ نزمترین، پاشان فۆڕمەکانی کۆمەڵەی نمرە بەرزەکان بە ڕێژەی لە (٢٧%) و کۆمەڵەی نمرە نزمەکان بە ڕێژەی (٢٧%)ی وەرگیرا، دواتر ( ناوەندی ژمێرەیی ) بۆ هەر بڕگەیەک دەرهێنرا لە هەردوو گروپەکە (کۆمەڵەی نمرە بەرزەکان کۆمەلەی نمرە نزمەکان) بە بەکارهێنانی ئەو ڕێگەیە بە پشت بەستن بە بەرنامەی (SPSS) دۆزینەوەی توانای هێزی جیاکەرەوەیان دەرکەوت ئەویش بە پێی نرخی (تا)، ئەنجامی شیکردنەوەی ئاماری ئەوە دەردەخات کە بەهای (t-Test) لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (٠،٠٥) دەرکەوت کە سەرجەم بڕگەکان هیزی جیاکەرەوەیان بەڵگەدارە ، وەک خشتەی (٣-١٧) خراوەتە ڕوو.

## خشتەی (٣-١٧) هێزی جیاکاریی بڕگەکان

| بەهای بەڵگەداریی | بەهای تا | | نزم | | بەرز | | بڕگە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | خشتەی | هەژمارکراو | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | |
| 0.000 | 1.66 | 2.072 | 0.48 | 0.67 | 0.20 | 0.96 | 1 |
| 0.000 | 1.66 | 3.912 | 0.49 | 0.63 | 0.28 | 0.92 | 2 |
| 0.003 | 1.66 | 1.760 | 0.49 | 0.63 | 0.46 | 0.71 | 3 |
| 0.001 | 1.66 | 2.046 | 0.48 | 0.33 | 0.34 | 0.88 | 4 |
| 0.000 | 1.66 | 2.234 | 0.48 | 0.67 | 0.41 | 0.79 | 5 |
| 0.000 | 1.66 | 2.297 | 0.49 | 0.63 | 0.44 | 0.75 | 6 |
| 0.000 | 1.66 | 3.516 | 0.50 | 0.42 | 0.38 | 0.83 | 7 |
| 0.000 | 1.66 | 2.749 | 0.49 | 0.63 | 0.38 | 0.83 | 8 |
| 0.000 | 1.66 | 2.332 | 0.46 | 0.71 | 0.41 | 0.79 | 9 |
| 0.006 | 1.66 | 1.393 | 0.51 | 0.46 | 0.34 | 0.88 | 10 |
| 0.000 | 1.66 | 3.115 | 0.48 | 0.67 | 0.44 | 0.75 | 11 |
| 0.000 | 1.66 | 2.592 | 0.48 | 0.67 | 0.41 | 0.79 | 12 |
| 0.001 | 1.66 | 1.719 | 0.49 | 0.63 | 0.34 | 0.88 | 13 |
| 0.000 | 1.66 | 3.419 | 0.50 | 0.58 | 0.28 | 0.92 | 14 |
| 0.000 | 1.66 | 2.491 | 0.51 | 0.50 | 0.38 | 0.83 | 15 |
| 0.000 | 1.66 | 2.234 | 0.46 | 0.71 | 0.38 | 0.83 | 16 |
| 0.040 | 1.66 | 0.982 | 0.49 | 0.63 | 0.44 | 0.75 | 17 |
| 0.000 | 1.66 | 2.332 | 0.50 | 0.58 | 0.41 | 0.79 | 18 |
| 0.000 | 1.66 | 2.156 | 0.41 | 0.79 | 0.38 | 0.83 | 19 |
| 0.000 | 1.66 | 2.297 | 0.51 | 0.46 | 0.48 | 0.67 | 20 |
| 0.000 | 1.66 | 3.516 | 0.49 | 0.38 | 0.28 | 0.92 | 21 |
| 0.001 | 1.66 | 1.719 | 0.46 | 0.71 | 0.28 | 0.92 | 22 |
| 0.000 | 1.66 | 3.750 | 0.46 | 0.29 | 0.38 | 0.83 | 23 |
| 0.009 | 1.66 | 4.294 | 0.46 | 0.29 | 0.44 | 0.75 | 24 |
| 0.000 | 1.66 | 2.234 | 0.46 | 0.71 | 0.32 | 0.83 | 25 |
| 0.000 | 1.66 | 2.983 | 0.44 | 0.75 | 0.20 | 0.96 | 26 |

**٣-٥-١-٣ پەیوەندی برگەکان بە پێوەرەکەوە**

ئەم شێوازە پشتی پێدەبەسترێت بۆ دیاریکردنی گونجانی برگەی پێوەر لەگەڵ هەموو پێوەرەکە کە ئەمەش بەپشت بەستن بە دەرهێنانی هاوكۆلكەی پەیوەندی پیرسن بۆ هەربرگەیەک لەگەڵ نمرەی گشتی برگەکان کە بەهاکانیان لە نێوان (0.576 – 0.83) بوو بەمشێوەیە سەرجەم برگەکانی بەڵگەداری ئاماریان هەیە، چونکەبە پێی پێوەری ئیبل هەر برگەیەک کە هاوكۆلكەی پەیوەندیەکەی کەمتر بوو لە (0.12) بە ڕەتکراوە دادەنرێت وە ئەگەر بەرزتر بوو ئەوە بە پەسەند دادەنرێت وەک لەخشتەی (٣-١٨)خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٣-١٨) پەیوەندی برگەکە بە پێوەرەکەوە**

| برگە | هاوكۆلكەی پەیوەندی بە پێوەرەکەوە | بەهای بەڵگەداری | برگە | هاوكۆلكەی پەیوەندی بە پێوەرەکەوە | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 0.23* | 0.046 | 14 | .480** | 0.00 |
| 2 | .422** | 0.001 | 15 | .359** | 0.00 |
| 3 | 0.83 | 0.99 | 16 | .267* | 0.03 |
| 4 | .310** | 0.009 | 17 | 0.20166 | 0.09 |
| 5 | .368** | 0.002 | 18 | .309** | 0.01 |
| 6 | .313** | 0.008 | 19 | .278* | 0.02 |
| 7 | .469** | 0.001 | 20 | .290* | 0.01 |
| 8 | .311** | 0.009 | 21 | .444** | 0.00 |
| 9 | .318** | 0.007 | 22 | 0.312* | 0.09 |
| 10 | .309** | 0.009 | 23 | .391** | 0.00 |
| 11 | .368** | 0.002 | 24 | .507** | 0.00 |
| 12 | .326** | 0.006 | 25 | .336** | 0.00 |
| 13 | 0.213 | 0.076 | 26 | 0.576** | 0.00 |

**٣-٥-١-٤ جێگیری پێوەر (ثبات المقیاس) (Scale Reliability)**

بە یەکێک لە خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی ئامرازی توێژینەوە دادەنرێت کە بەرلەوەی ئامرازەکە پراکتیزەو جێبەجێ بکرێت دلنیابووین لە بوونی خەسڵەتی جێگیری. (بۆکانی، ٢٠٢٠: ١٥٦).

بۆجێگیریی پێوەر توێژەر پشتی بەست بەم ڕێگایانەی خوارەوە بەستووە:

١. **ڕێگەی دووبارە کردنەوە (طريقة اعادة الاختبار)**

توێژەر ڕێگایی دووبارکردنەوە بەکارهێناوە بۆ پێوەری کارامەییەکانی ژیان ، واتە دوو جار تاقی کردنەوە ئەنجام دراوە لە سەر مندالآنی باخچەی (شۆخان) کە ژمارەیان (٩٠)مندالّ بوو جیا لە نموونەی توێژینەکە.

تاقی کردنەوەی یەکەم ئەنجام درا لە ڕۆژی شەمە (٧/ ١/ ٢٠٢٢ ) دوای تێپەڕبونی (دوهەفتە) دووبارە هەمان تاقی کردنەوە بە سەر هەمان کۆمەڵە مندالّ ئەنجامدرایەوەلە ڕۆژی پێنج شەمە(٢٠٢٢/١/٢٢) دواتر پەیوەندی لە نیوان ئەنجامەکانی یەکەمجار و دووەمجار لە ڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسن (person) دەرهێنرا، دەرکەوت کە بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەمجار و دووەمجار بریتیە لە (0.735) کە ئاماژەیە بۆ پەیوەندێکی بەهێزی جێگیری پێوەرەکە.

٢. **بەکارهێنانی هاوکۆلکەکانی (گۆتمان و سپێرمان-براون):**

هەر یەک لە هاوکۆلکەکانی (گۆتمان) بەبەهای (0.864) و (سپێرمان-براون) بە بەهای (0.866) نیشانی دەدەن کە جێگیری برگەکانی توێژینەوەکە لە ئاستێکی بەرزدایە وەک لە خشتەی (٣-١٩) خراوەتەڕوو.

**خشتەی ( ٣-١٩) خستنەڕووی ئەنجامی جێگیریی پێوەرەکە**

| ژمارەی برگە | هاوکۆلکە | بەها |
|---|---|---|
| 26 | پیرسن | 0.735 |
| 26 | گۆتمان بەشکردنی نیوەی | 0.864 |
| 26 | سپێرمان- براون | 0.866 |
| 26 | کرۆنباخ ئەلفا | 0.773 |

٣. **بەکارهێنانی الفا کرونباخ (معامل الفا کرونباخ)**

بە پشت بەستن بە ئەنجامی شیکردنەوەی دەری دەخات بەهای ( الفا کرونباخ) بەشێوەیەکی گشتی (0.773) بۆ سەرجەم برگەکانی توێژینەوەکە بەلآم بۆ زانینی ئاستی جێگیری برگەکان بەهای ( الفا کرونباخ) بۆ گشت برگەکان دەرهێنراو دەرکەوت کە سەرجەم برگەکان بەهاکانیان زیاترە لە (0.7) و ئەمە جێگیری تەواوی برگەکان دەردەخات وەک لە خشتەی ( ٣-٢٠) رونکراوەتەوە.

**خشتەی (٣-٢٠) بەهای " الفا كرونباخ " بۆ گشت بڕگەكان**

| برگە | پلەی ناوەند گەر برگەکە لابرا | پلەی گۆران گەر برگەکە لابرا | راستکردنەوەی برگە-کۆی پەیوەستی | کرۆنباغ ئەلفا-گەر بڕگەکە لابرا |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 17.3750 | 14.282 | 0.127 | 0.786 |
| 2 | 17.4167 | 13.993 | 0.332 | 0.771 |
| 3 | 17.5208 | 15.191 | 0.06 | 0.794 |
| 4 | 17.5833 | 13.652 | 0.194 | 0.782 |
| 5 | 17.4583 | 14.551 | 0.265 | 0.776 |
| 6 | 17.5000 | 14.511 | 0.196 | 0.782 |
| 7 | 17.5625 | 13.741 | 0.374 | 0.767 |
| 8 | 17.4583 | 14.764 | 0.201 | 0.781 |
| 9 | 17.4375 | 15.060 | 0.217 | 0.78 |
| 10 | 17.5208 | 13.574 | 0.205 | 0.781 |
| 11 | 17.4792 | 14.851 | 0.263 | 0.776 |
| 12 | 17.4583 | 14.424 | 0.223 | 0.779 |
| 13 | 17.4375 | 14.422 | 0.107 | 0.788 |
| 14 | 17.4375 | 14.209 | 0.393 | 0.766 |
| 15 | 17.5208 | 13.787 | 0.254 | 0.777 |
| 16 | 17.4167 | 15.312 | 0.159 | 0.784 |
| 17 | 17.5000 | 15.191 | 0.079 | 0.792 |
| 18 | 17.5000 | 14.340 | 0.207 | 0.78 |
| 19 | 17.3750 | 15.133 | 0.167 | 0.784 |
| 20 | 17.6250 | 14.495 | 0.172 | 0.784 |
| 21 | 17.5417 | 13.445 | 0.347 | 0.769 |
| 22 | 17.3750 | 14.622 | 0.081 | 0.79 |
| 23 | 17.6250 | 13.388 | 0.279 | 0.774 |
| 24 | 17.6667 | 13.716 | 0.403 | 0.762 |
| 25 | 17.3333 | 14.567 | 0.235 | 0.778 |
| 26 | 17.5625 | 13.485 | 0.489 | 0.756 |

## ٣-٦ هەنگاوەکانی جێبەجێکرنی ئەزموونی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێکرا:

توێژەر ئەزمونەکەیلەرۆژی(٢)شەمە(٢٠٢٢/٢/٢١)تاقیکردنەوەی پێشەکی بۆ هەردووگروپی ئەزمونی کۆنترۆڵکراو ئەنجامدرا. لە رۆژی(٤) شەمە (٢٠٢٢\٢\٢٣) توێژەر دەستی کرد بەوانەوتنەوەی بە هەردوو گرووپی توێژینەوەکە گروپی ئەزموونی بە بە کارهێنانی شانۆی بووکەڵە،گرووپی کۆنترۆڵکراویش بە رێگەی ئاسایی وانەکەیان خوێند،لە بارودۆخێکی گونجاو بەیەکسانی لە کات ژمێر(٨:٣٠)خولەک دەوامی ئاسایی بوو ،بەشێوەیەکی هێمن و لەسەرخۆ حۆشبەختانە هیچ رووداوێکی کتوپرونا ئاسایی روی نەدا،تەنها لە ماوی جێبەجێکردنی ئەزمونەکەدا(پشوی بەهارە )بوو ئەویش هیچ کاریگەری لە سەر ئەزمونەکە نەبوو، رۆژانە لە کاتژمێر (١٢:٠٠)دەوام تەواو دەبو لەهەفتەکەدا (٦)رۆژ دەوام هەبوو لەباخچە،لە رۆژی (٢)شەمە (٢٠٢٢\٤\٢٥) کۆتای هێنرا بەپرۆسەی وانەوتنەوەی هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو،لە رۆژی (٤) شەمە (٢٠٢٢\٤\٢٧) تاقی کردنەوەی پاشەکی بۆ هەردوو گرووپی ئەزمونی کۆنترۆڵکراو ئەنجام درایەوە.

**٣-٦-١-** دابەشکردنی بەشەوانەکان :ژمارەی بەشەوانەکانی لەهەفتەیەکدا (٤)بەشەوانە بوو هەر گروپێک ،واتە(٨) بەشەوانە بەجۆرێک رۆژی (١)یەک وانە بۆ هەرگروپێک ،قەرەب وکردنەوەی هەروانەیەک لەوانەیەکی دیکە لەکاتی بونی پشووی فەرمی دا. وەک لە خشتەی (٣-٢١)دا رونکراوەتەوە.

**خشتەی (٣-٢١) دیاریکردنی بەشەوانەکان (لەهەفتەیەکدا ) بۆ هەردووگروپی نموونەی توێژینەوەکە**

| رۆژەکانی هەفتە | وانەی یەکەم | وانەی دووەم | وانەی سێیەم | وانەی چوارەم | وانەی پێنجەم | وانەی شەشەم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| شەمە | | | | | | |
| ١ شەمە | | ز | پ | | | |
| ٢ شەمە | پ | | ز | | | |
| ٣ شەمە | | ز | پ | | | |
| ٤ شەمە | پ | ز | | | | |
| ٥ شەمە | | | | | | |
| گروپی ئەزمونی (پ) | | | کۆنترۆڵکراو(ز) | | | |

## ٣-٦ ئامرازە ئامارییەکان

توێژەر بۆ چارەسەرکردنی ئامار و شیکردنەوەی زانیاری و داتا بەدەستهاتووەکان توێژەر پشتی بە پرۆگرامی (spss) بەستووە بۆ شیکاریی داتاو زانیارییەکان، ئەو هاوکێشە ئامارییانەی کە توێژەر بەکاریهێناون بریتین لە:

١. **هاوکۆلکەی پێرسۆن:** (قەرەچەتانی، ٢٠١٨ :٢٠٤)

$$\text{ر} = \frac{\text{ن مج س ص} - \text{مج س} \times \text{مج ص}}{\sqrt{[\text{ن مج س}^{2} - (\text{مج س})^{2}]\,[\text{ن مج ص}^{2} - (\text{مج ص})^{2}]}}$$

ر = بەهای ژمێراو

ن = قەبارەی نموونەیەک

مج س ص = کۆی نمرەی دوو گروپ

٢. **هاوکۆلکەی سپێرمان:** (عباس، حاجم، ٢٠١١ : ١٧١)

$$\text{ر} = - \frac{6\,\text{مج ف}^{2}}{\text{ن}(\text{ن}^{2} - 1)}$$

٣. **هاوکۆلکەی سپێرمان براوان:** (عباس، حاجم، ٢٠١١ : ١٧٥)

بۆ بەدەستهێنانی ڕاستکردنەوە بڕگەکان و ئەنجامەکان ڕاستگۆی ناوەکی ئاڕاستەکان بەکارهاتووە ، ئەم لایەنانەی خوارەوە لە خۆدەگرێت:

$$Rx = \frac{2r}{1=r}$$

Rx = ئاستی پەیوەندی و جیاکاری بڕگەکان

2 r=ئەنجامی جێتمان بۆ جیاکاری بڕگەکان.

R = هەمان ئەنجامی جێتمان جیاکاری بڕگەکان.

٤. **هاوکۆلکەی ئاماری تی تێست** (t-test) **بۆ دوونموونەی سەربەخۆ** :(عودة و الخليل ، ١٩٨٨ : ٢٢٨ )

بەمەبەستی دۆزینەوە و دیاریکردنی ئاستی لێهاتوویی و کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوەکان و ئەنجامی کۆمەڵەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو ) بەکارهێنراوە، کە ئەم لایەنانەی خوارەوە لە خۆدەگرێت:

$$\text{ت}_{(\text{ن}١ + \text{ن}٢ - ٢)} = \frac{\text{سَ}١ - \text{سَ}٢}{\sqrt{\dfrac{(\text{ن}١ - \text{ن}٢)\text{ع}^{٢}_{١} + (\text{ن}٢ - ١)\text{ع}^{٢}_{٢}}{\text{ن}١ + \text{ن}٢ - ٢}}} \times \left(\frac{١}{\text{ن}١} + \frac{١}{\text{ن}٢}\right)$$

(سَ١) : ناوەندی ژمێرەی نموونەی یەکەم

(سَ٢) : ناوەندی ژمێرەی نموونەی دووەم

( ن١) : ژمارەی تاکەکانی نموونەی یەکەم

( ن٢) : ژمارەی تاکەکانی نموونەی دووەم

(ع١٢ ) : جیاکاری نموونەی یەکەم

(ع٢٢) : جیاکاری نموونەی دووەم

بۆ دۆزینەوەی جیاکاری ئەم یاسایە پێڕەوکراوە:

$$ع^{2} = \frac{مج\left(س - س - 1\right)^{2}}{ن - 1}$$

٥. **هاوکۆلکەی ئاماری (تی تێست) (t-test) معادلة الإختبار التائي)**: (قەرەچەتانی، ٢٠١٨: ٢٨٥)

بەمەبەستی دۆزینەوەی ناوەندی ژمێرەی کۆمەڵەکان و دۆزینەوەی قەبارەی کاریگەری پرۆگرامە فێرکاریەکە، لە دروستکردنی ئاراستەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونیدا، بەرامبەر بە بابەتی ڕەخنە و چێژی هونەریدا بەکارهاتووە، کە ئەم لایەنانەی خوارەوە لە خۆدەگرێت:

س̄ = ناوەندی ژمێرەی نموونەی یەکەم

أ = ناوەندی ژمێرەی نموونەی دووەم

ع = لاربوونەوەی پێوانەی نموونەیەک.

ن = قەبارەی نموونەیەک

٦. **هاوکۆلکەی ئاماری تی تێست** (t-test)

بەمەبەستی دۆزینەوەی ئەنجامی گریمانەکان و، ئەنجامی توێژینەوەکە بەکارهاتووە:

$$ت_{(ن-1)} = \frac{\frac{مج\,(س-ص)}{ن}}{\frac{ع_{(الفرق)}}{(س-ص)}\Big/\sqrt{ن}}$$

٧. **قەبارەی کاریگەری** (Cohen's)

بەمەبەستی زانینی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ، بۆ زانینی نمرەی کۆینس بەپێی هاوکێشەی

(Cohen's D = 2t /√(df

D= قەبارەی کاریگەری

T= نمرەی تا ی هەژمارکراو

Df= نمرەی ئازاد

پاشان دۆزینەوەی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوەکان بەپێی هاوکێشەی ($r_{YI} = \sqrt{(t^2 / (t^2 + df)}$)،

ئەگەر قەبارەی کاریگەری لەنێوان (٠,١-٠,٤٩) ئەوا ئاستی کاریگەری لاوازە

قەبارەی کاریگەری لەنێوان (٠,٥-٠,٦٩٩) ئەوا ئاستی کاریگەری مامناوەندە

قەبارەی کاریگەری لەنێوان (٠,٧-٠,٩٩) ئەوا ئاستی کاریگەری بەرزە

**٨. هاوکێشەوی تایبەت بە قەبارەی کاریگەریی گۆراوی سەربەخۆ.**

$d = \frac{2t}{\sqrt{df}}$: (D) دیاریکردنی قەبارەی کاریگەریی. (تا) نرخی (تا) هەژمارکراو.

(df) نمرەی ئازاد. (البکل، ٢٠١٦ :٢٥)

# بەشی چوارەم

## خستنەڕووی ئەنجام و ڕاڤەو شیکردنەوەیان

٤-١ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

٤-٢ گفتوگۆی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

٤-٣ دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

٤-٤ ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

٤-٥ پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

# بەشی چوارەم

# خستنەڕووی ئەنجام و ڕاڤەو شیکردنەوەیان

## ٤-١ ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

ئەم بەشە پێکدێت لە خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لەبەر ڕۆشنایی ئەو گریمانانەی کە توێژەر لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەیدا گریمانەی کردووە سەبارەت بە کاریگەریی شانۆی بوکەڵە لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە، جێبەجێکردنیان بەسەر هەردوو گرووپی کۆنترۆڵکراو ئەزموونی، پاشان لەکۆتاییدا دەرەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیاز خراونەتەڕوو.

**٤-١-١ گریمانەی یەکەم: جیاوازی ئاماری نییە لە سەر ئاستی بەڵگەداریی (0.05 )لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لای منداڵانی گرووپی ئەزموونی، لە تاقیکردنەوەی کارامەیەکانی ژیان.**

توێژەر لەڕێگەی هاوکۆلکەی ئامارییەوە ئامادەکاریی کرد بۆ دۆزینەوەی داتا ئامارییەکانی (ناوەندی ژمێرەیی – الوسط الحسابي) و لادانی پێوەریی – الانحراف المعياری – دۆزینەوەی نرخی (ت) بۆ نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵانی گرووپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T-test ) ئەویش بۆ دۆزینەوە دوونموونەی پەیوەندیدار بەیەکەوە، وەک لە خشتەی ( ٤-١)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٤-١) ئەنجامی (T-test ) بۆ جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێرەی نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان**

| گروپ | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | نرخی تا: هەژمارکراو | نرخی تا: خشتەی | بەهایبەڵگەداری (0.05) | بەهای (D) | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێشەکی | 15.39 | 4.09 | 22 | 6.54 | 1.98 | بەڵگەدارە | 2.78 | 0.81 |
| پاشەکی | 21.30 | 1.66 | | | | | | بەرز |

بۆ سەلماندی ئەم گریمانەیە توێژەر جیاوازی نێوان تاقی کردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گروپی ئەزمونی کردووە دوای ئەوەی کە شانۆی بۆکەڵەیان بۆ نمایشکراوە ، ئەوە خراوەتە ڕوو کە بەهای (ت) خشتەیی(1.98) بچوکترە لە بەهای (ت) هەژمارکراو(6.54) کە گەورەترە لەبەهای خشتەیی،لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05 ) بەنمرەی ئازادی(22 ) ئەوە دەردەخات کەجیاوازی

هەیە لە تاقی کردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بۆ گرووپی ئەزمونی، بەو پێیەی کە ناوەندە ژمێرەیی گرووپی ئەزمونی پاشەکی(21.30) گەورەترە لە ناوەندە ژمێرەیی گرووپی ئەزموونی پێش شانۆ (15.39) دەردەکەوێت کە جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی تاقی کردنەوەی پاشەکییە بۆ گرووپی ئەزمونی.

سەبارەی بە قەبارەی کاریگەریی بە پێی هاوکێشەی (کوهن) لە جیاوازی ناوەندی نمرەی تاقیکردنەوەکانی پێشەکی و پاشەکی بۆ گرووپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان لە خشتەی (٤-١)دا، ئەوە خراوەتەڕوو کە بەهای (D) بریتییە لە (2.78)، لەبەر ئەوەی ئاستی قەبارەی کاریگەریەکەی بریتییە لە (0.81) ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کاریگەریەکە لە ئاستێکی بەرزایە وەک لە شێوەی (٤-١)خراوەتەڕوو.




**شێوەی (٤-١) ئەنجامی ( T-test) بۆ جیاوازی نێوان نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پێشەکی پاشەکی گرووپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان**

**٤-١-٢ گریمانەی دووەم: جیاوازی ئاماری نییە لە سەر ئاستی بەڵگەداریی (0.05) لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵانی گرووپی (کۆنترۆڵکراو) لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان.**

تویژەر لەڕیگەی هاوکۆلکەی ئامارییەوە ئامادەکاریی کرد بۆ دۆزینەوەی داتا ئامارییەکانی (ناوەندی ژمێرەیی – الوسط الحسابي) و لادانی پیوەریی – الانحراف المعیاری – دۆزینەوەی نرخی (ت) بۆ نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵانی گرووپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان ، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی ( t--test) ئەویش بۆ دۆزینەوە دوونموونەی پەیوەندیدار بەیەکەوە، وەک لە خشتەی (٤--)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٤-٢) ئەنجامی (t-test ) بۆ جیاوازی نێوان نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گرووپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان**

| گرووپی کۆنترۆڵکراو | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | نرخی تا | | بەهای بەڵگەداری | بەهای (D) | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەی | | | |
| پێشەکی | 15.26 | 2.178 | 22 | 5.63 | 1.98 | بەڵگەدارە | 1.66 | 0.64 |
| پاشەکی | 18.73 | 1.982 | | | | | | بەرز |

بۆ سەلماندی ئەم گریمانەیە توێژەر جیاوازی نێوان گرووپی کۆنترۆلکراو تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی کردووە کەبە شێوەی ئاسایی وانەیان خوێندووە، توێژەر بەپێی ئەو داتایانەی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە و بەو پێیەی کە (ت) هەژمارکراو (5.63) گەورەترە لە (تا) خشتەیی (1.98) بە بەهای بەلگەداریی (0.05) بە نمرەی ئازادی (22) ئەوە دەردەخات کە جیاوازی هەیە لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بۆ گرووپی کۆنترۆڵکراو، بەو پێیەی کە ناوەندە ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پاشەکی (18.73) گەورەترە لە تاقیکردنەوەی پێشەکی (1526) دەردەکەوێت کە جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەکییە بۆ گرووپی کۆنترۆلکراو.

سەبارەی بە قەبارەی کاریگەریی بە پێی هاوکێشەی (کوهن) لە جیاوازی ناوەندی نمرەی تاقیکردنەوەکانی پێشەکی و پاشەکی بۆ گرووپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان لە شانۆی بوکەڵەدا لە خشتەی (٤-٢)دا، ئەوە خراوەتەڕوو کە بەهای (D) بریتییە لە (1.66)، لەبەر ئەوەی ئاستی قەبارەی کاریگەریەکەی بریتییە لە (0.61) ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کاریگەریەکە لە ئاستێکی بەرزادایە وەک شێوەی(٤-٢)خراوەتە ڕوو.




**شێوەی (٤-٢) جیاوازی نێوان نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پێشەکی پاشەکی گرووپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان**

**٤-١-٣ گریمانەی سێیەم: جیاوازی ئاماری نییە لە سەر ئاستی بەڵگەداریی (0.05) لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵانی گروپی (ئەزموونی) بەپێی ڕەگەز، لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان .**

توێژەر لەڕێگەی هاوکۆلکەی ئامارییەوە ئامادەکاریی کرد بۆ دۆزینەوەی داتا ئامارییەکانی (ناوەندی ژمێرەیی – الوسط الحسابي) و لادانی پێوەریی – الانحراف المعیاری – دۆزینەوەی نرخی ( T) بۆ نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵانی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی ( t--test) ئەویش بۆ دۆزینەوە دوونموونەی پەیوەندیدار بەیەکەوە، وەک لە خشتەی (٤-٣)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٤-٣) ئەنجامی (T -test ) بۆ جیاوازی نێوان نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پێشەکی پاشەکی گروپی ئەزمونی لەسەر نمونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز**

| ڕەگەز | دوبارە | گروپی ئەزمونی | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تا | | بەهای بەڵگەداری | بەهای (D) | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەی | | | |
| نێر | 11 | پێش شانۆ | 15.36 | 4.15 | 10 | 4.796 | 1.98 | بەڵگەدارە | 3.03 | 0.83 |
| | 11 | دوای شانۆ | 21.63 | 1.28 | | | | | | بەرز |
| مێ | 12 | پێش شانۆ | 15.41 | 4.20 | 11 | 4.296 | 1.98 | بەڵگەدارە | 2.59 | 0.79 |
| | 12 | دوای شانۆ | 21.00 | 1.95 | | | | | | بەرز |

خشتەی (٤-٣) بۆسەلماندنی ئەم گریمانەیە توێژەر جیاوازی نێوان ڕەگەزی (نێر) پێشەکی و پاشەکی ڕون دەکاتەوە کە شانۆی بوکەڵەیان بۆ نمایش کراوە.ئەنجامی شیکاری ئەم داتایانە لەڕێگەی هاوکێشەی (T) کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە بە وپێیەی کە (ت) هەژمارکراو(4.796) گەورەترە لە(ت)خشتەی (1.98) بە بەهای بەڵگەداری (0.05) نمرەی ئازادی (١٠) ئەوەدەردەخات کە جیاوزی هەیە لەتاقی کردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گروپی ئەزمونی ڕەگەزی(نێر) پێشەکی و پاشەکی.بەو پێیەی کەناوەندە ژمێرەی تاقی کردنەوەی پاشەکی (21.63) گەورەترە لەتاقی کردنەوەی پێشەکی(15.36) دەردەکەوێت کەجیاوازییەکە لەبەر ژەوەندی تاقی کردنەوەی پاشەکییە بۆ گروپی ئەزمونی بەپێی ڕەگەزی (نێر) کەنمایشی شانۆی بوکەڵەیان بۆکراوە. توێژەر جیاوازی نێوان تاقی کردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گروپی ئەزمونی بۆڕەگەزی (مێ) ڕوندەکاتەوە کەنمایشی شانوی بەکەڵەیان بۆ کراوە ئەنجامی شیکار ئەم داتایانەی سەرەوە کە ئاماژەی پێکراوە ،بەو پێیەی کە(ت)هەژمارکراو گەورەترە(4.296 )گەورەترە لەنرخی (ت)خشتەی (1.98) بەبەهای بەڵگەداری(0.05) نمرەی ئازادی (11) ئەوە

دەردەخات کەجیاوازی هەیە لەتاقی کردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گرووپی ئەزمونی ڕەگەزی (مێ ) پێش شانۆ و پاشەکی، بەوپێیەی کە ناوەندی ژمێرەیی گرووپی ئەزمونی ڕەگەزی مێ پاشەکی (21.00) گەورەترە لە ناوەندە ژمێرەیی گرووپی ئەزموونی ڕەگەزی نێر پێش شانۆ(15.41) دەردەکەوێت کە جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی تاقی کردنەوەی پاشەکیی بۆ گرووپی ئەزمونی ڕەگەزی (مێ).

سەبارەی بە قەبارەی کاریگەریی بە پێی هاوکێشەی (کوهن) لە جیاوازی ناوەندی نمرەی تاقیکردنەوەکانی پێشەکی و پاشەکی بۆ گرووپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان لە شانۆی بوکەڵەدا بۆ گۆراوی ڕەگەز لە خشتەی (٤-٣)دا، ئەوە خراوەتەڕوو کە بەهای (D) بۆ ڕەگەزی نێر لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان پێشەکی و دوای پاشەکی بریتییە لە (3.03) و قەبارەی کاریگەریەکەشی بریتییە لە (0.83)، ئەوە دەردەخات کە قەبارەی کاریگەرییەکە لە ئاستێکی بەرزدایە، هەروەها بەهای (D) بۆ ڕەگەزی مێ لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان پێش شانۆ و پاشەکی بریتییە لە (2.59) و قەبارەی کاریگەرییەکەشی بریتییە لە (0.79)، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئاستی قەبارەی کاریگەریەکە لە ئاستێکی بەرزدایە وەک لەشێوەی(٤-٣) خراوەتەڕوو.




**شێوەی (٤-٣) جیاوازی نێوان نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پێشەکی پاشەکی گرووپی ئەزمونی لەسەر نمونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆراوی ڕەگەز**

**٤-١-٤ گريمانەی چوارەم: جیاوازی ئاماری نییە لە سەر ئاستی بەڵگەداریی (0.05) لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی و پاشەکی منداڵانی هەردوو گرووپی (کۆنترۆڵکرا و ئەزموونی)،لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان.**

توێژەر لەرێگەی هاوکۆلکەی ئامارییەوە ئامادەکاریی کرد بۆ دۆزینەوەی داتا ئامارییەکانی (ناوەندی ژمێرەیی – الوسط الحسابي) و لادانی پێوەریی – الانحراف المعیاری – بۆ دۆزینەوەی نرخی (ت) بۆ نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکی منداڵانی گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی ژیان، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T--test ) ئەویش بۆدۆزینەوە دوونموونەی پەیوەندیدار بەیەکەوە، و دیاریکردنی جیاوازی لەنێوان گرووپەکانی کۆنترۆڵکراو و گرووپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پاشەکی، وەک لە خشتەی (٤-٥)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٤-٥) ئەنجامی (T-test ) بۆ جیاوازی نێوان نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پاشەکی بۆ هەردوو گرووپی (کۆنترۆڵکراو و ئەزمونی )لەسەر کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە**

